ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (522) دووشەممە 2018/9/24 - 2ی ڕەزبەر 2718 (750) دینار

بەپێی بەدواداچوونی ڕووداو

## کرێکاری نانەواکە پێشتریش برایەکی بە دەستی ئاراس کوژراوە



ڕووداو- سلێمانی

بەدواداچوونێکی (ڕووداو) بۆ دۆسیەی ئەو دەمانچە بەدەستە جلوبەرگ ڕەشەی سەری کرێکارێکی نانەوا بە مستی دەمانچەکەی دەشکێنێ، ئاشکرای دەکات کە کرێکارەکە پێشتریش برایەکی بەناوی (هەرێم 26 ساڵان) بەدەستی ئەو کەسە کوژراوە، بەڵام تەنیا ساڵێک و شەش مانگ لە زیندان ماوەتەوە.

هەرێم، پاسەوانی بارەگای لقی چواری پارتی بووە و شەوی 25ی تشرینی دووەمی 2016 لە یانەیەکی ناوچەی سەرچناری شاری سلێمانی، ئاراس بە دوو گوللە کوشتوویەتی.

دوای ئازادکردنی بکوژەکە کە ناوی (ئاراس)ـە، یەکێک لە براکانی ئەم کرێکاری نانەوایە کە ناوی هونەرە، لە ترسی هەڕەشەی بەردەوامی ئاراس هەرێمی کوردستانی جێهێشتووە.

بەدواداچوونەکەی (ڕووداو) ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئاراس تەنیا لە دادگای سلێمانی 23 داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە. ئەو داوایەش کە ئێستا ئەوی لەسەر گیراوە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی دزیاری بووە نەک لێدان و سووکایەتی بە هونەری نانەوا.

ئاراس پێشتر چەکداری یەکێتی بووە و کەسێکی نزیک بووە لە شێخ جەعفەر مستەفا.

2

عوسمانی حاجی مەحموود

### چیدی ناچێت بەگژ قوللەی قافدا



4

سەرپەرشتیاری هاوپەیمانی:

### دوو کورسییەکەمان تێکەڵ بە فراکسیۆنی یەکێتی ناکەین

3

لێکۆڵەرێکی ئەمریکی:

### شەڕی داهاتووی عێراق لەناو ماڵی شیعەدا دەبێ

7

د.فوئاد حوسێن بۆ (ڕووداو):

# بەربژێری بارزانیم



3

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### 2500 بەندکراو لە دەنگدان بێبەش دەکرێن



کۆمەڵایەتی 13

### پۆلیسێک و شوانێک لەسەر پوش و پاوان دەکوژرێن

تەندروستی 15

### کەڵەشاخ کارێکی تەندروستانەیە؟



تاراوگە 14

### ئیجە نەیهێشت بگەنە لای باوکیان



## بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو لە بارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن

| پارتی دیموکراتی کوردستان | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | گۆڕان | نەوەی نوێ | | بەرەی ئیصلاح | | حیزبەکانی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 43 کورسی | 19 کورسی | 10 کورسی | 8 کورسی | 5 کورسی | 5 کورسی | 6 کورسی | 4 کورسی |

پاشکۆی ڕووداوی هەڵبژاردن



## مۆدێلە نوێیەکانی ئایفۆن گەیشتنە کوردستان

بەرهەمە نوێیەکانی ئایفۆنی کۆمپانیای ئەپڵ گەیشتە هەرێمی کوردستان، کە دوو جۆرن؛ یەکێکیان ئێکس ئێس (XS) کە یەک سیمکارتە و ئێکس ئێس ماکس (XS MAX) کە دوو سیمکارتە. بۆ هەردوو جۆرەکەش سێ قەبارەی جیاوازی میمۆرییان هەیە. فرۆشیارانی مۆبایلەکە دەڵێن، ئەو مۆدێلە نوێیەی ئایفۆن خواستی زۆری لەسەرە. هەروەها چەندین تایبەتمەندی نوێی تێدایە. دێکان رەقیب، کارمەند لە کۆمپانیای ئەسێ دەڵێت "مۆبایلە نوێیەکە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و تایبەتمەندی لەرووی شاشە و قەبارە و خەزنکردنەوە تێدایە، شاشەکەی گەورەترین شاشەی ئایفۆنە و رامەکەشی لە سێ گێگابایتەوە بووەتە چوار گێگابایت".

## ئەوەی لەبارەی رووداوی نانەواخانەکەی سلێمانی نەگوتراوە

# ئاراس برایەکی هونەری نانەوای کوشتووە




**بەهرۆز فەرەیدوون**
**رووداو – سلێمانی**

ئاراس، ئەو کوڕە جلوبەرگ رەش و ریشنەی بە دەمانچەکەی دەستی دوو جار بە توندی بەسەری کرێکارێکی نانەوادا دەکێشێ و دەستبەجێ خوێن بە سەر و دەموچاویدا دێتە خوارەوە، خێزانی هەیە و باوکی دوو منداڵە.

### ئاراس لەسەر دۆسیەی هونەری نانەوا نەگیراوە

دیمەنی دەستدرێژی بۆ سەر ئەو کرێکارە کە ناوی هونەرە، چەند رۆژێکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و باسوخواسی نێو خەڵکیشدا گەرمترین بابەتی مشتومڕە، ئەوەش بە تایبەتی بەهۆی ئەوەی کە هاوڕێیەکی دەستدرێژیکارەکە لەناو ئۆتۆمبێلێکەوە تەواوی ئەم دیمەنەی وێنە گرتووە و پاشان هەر ئەم گرتە ڤیدیۆیە بۆ نێو میدیا دزە دەکات.

دەستدرێژیکارەکە وەک دەگوترێ بە ئاراسی شێخە ناسراوە. ئەو هەر بەوەندە ناوەستێ کە سەری کرێکارەکە لە دوو لاوە بەمستی دەمانچەکەی دەشکێنێ، بەڵکو دەیهێنێتە بەردەمی کامێراکە و سووکایەتی بە خۆی و کەسوکاری دەکات و ناچاری دەکات جنێو بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بدات.

ئاراس دوای وازهێنانی لە کاری چەکداری لە ریزەکانی حەفتای سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چوار جار بە تۆمەتی جیاجیا گیراوە. لە هێزەکانی حەفتاشدا نزیکایەتی لەگەڵ جەعفەر مستەفا هەبووە و هەندێکجاریش وەک شوفێری تایبەت کاری بۆ کردووە.

### بۆچی سووکایەتی بە کرێکارەکە دەکات؟

هونەر لە یەکێک لە نانەواخانەکانی شاری سلێمانی کاری نانەوایی دەکات، ئەگەرچی خۆی ناوێرێ تەواوی چیرۆکەکە وەک خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام لە بەدواداچوونێکی (رووداو)دا دەردەکەوێ کە ئاراس لە ساڵی 2016 برایەکی هونەر دەکوژێ و پاش دەستگیرکردنی بۆ ماوەی 18 مانگ ئازاد دەکرێ.

پاش ئازادکردنی ئاراس، هەموو هەوڵی هونەر بۆ ئەوەیە کە بکوژی براکەی دیسان دەستگیر بکرێتەوە، بەردەوامیش بە شوێنی دەکەوێ تاوەکو هەلێکی تۆڵەسەندنەوەی بۆ هەڵکەوێ و تۆڵەی برا کوژراوەکەی بکاتەوە.

براکەی چۆن کوژرا؟

هەرێم، تەمەن 26 ساڵان، پاسەوانی بارەگای لقی چواری پارتی بوو. شەوی 25ی تشرینی دووەمی 2016 لە یانەیەکی ناوچەی سەرچناری شاری سلێمانی، ئاراس بە دوو گوللە دەیکوژێ. ئەوکات نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوتبوو کە هەرێم و هاوڕێیەکی لەنێو یانەکە داوای حیسابیان لە گارسۆنەکە کردووە، کاتێک حیسابەکەیان بۆ دەهێنن کە 75 هەزار دینار بووە، هەرێم پارەکەی بەلاوە زۆر بووە و لەگەڵ خاوەنی یانەکە قسەی کردووە و بۆی کردووە بە 50 هەزار دینار.

بە گوتەی نەقیب سەرکەوت، لەو کاتەدا کەسێک هاتووەتە نێوان هەرێم و خاوەن یانەکە و بە هەرێمی گوتووە کە دەبێ هەموو پارەکە بدات. لەو کاتەدا قسەکان گۆڕان بۆ دەمەقاڵە و کەسەکە تەقەی کردووە و دوو گوللە بەر هەرێم کەوتووە و پاشان لە نەخۆشخانە مردووە. ئەو کەسەی تەقەکەی کردووە ئاراس بووە، ئەوکاتیش بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادانی عێراق فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، بەڵام پاش 18 مانگ ئازاد کرا.

### تەنیا لە دادگای سلێمانی 23 داوای یاسایی لەسەرە

دوای ئازادکردنی ئاراس، یەکێک لە براکانی هونەر لە ترسی ئاراس و هەڕەشە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستانی جێهێشت. وەکو یەکێک لە براکانیشی باس دەکات، ئەو برایەیان سەری خۆی هەڵگرتووە و لە دۆخێکی دەروونیی زۆر ئاڵۆزدا دەژی و شەو لەسەر شەقامەکان رۆژ دەکاتەوە.

دیمەنەکانی لێدانی هونەر لەبەردەم نانەواخانەکەی لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ناوەڕاستی مانگی ئابی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئاراس بە تەلەفۆن ئاگاداری دەکاتەوە کە دەست لە کەیسی براکەی هەڵگرێ، هونەریش رازی نابێ.

### ئاراس لەسەر کەیسی هونەر دەستگیر نەکراوە

بە گوێرەی بەدواداچوونێکی (رووداو)، ئاراس تەنیا لە دادگای سلێمانی 23 داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە. ئەو داوایەش کە ئەوی لەسەر دەستگیرکراوە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی دزیاری بووە نەک لێدان و سووکایەتی بە هونەری نانەوا.

ئاراس لە رۆژی 13ی ئەیلول لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە دەستگیر کرا، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێ ئاراس بە بریندار دەستگیر کراوە، بەڵام ئەو قسەیە دوورە لە راستی و ئاراس بریندار نەبووە. بەدواداچوونی (رووداو) ئەوەی ئاشکرا کرد کە ناوی ئاراس لە رۆژانی 13 و 14ی ئەیلول لە هیچ نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنی شاری سلێمانی بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی تۆمار نەکراوە، بەڵکو ئەوانەی بریندار بوون، ئەفسەرێک و دوو پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان بوون کە لە کاتی دەستگیرکردنیدا، بەر گوللەی ئاراس کەوتوون.

# لە دهۆک بەربژێرەکان دەنگ دەکڕن

**ناسر عەلی**
**رووداو– دهۆک**

تا دێت رکابەری لەنێو لیست و بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە دهۆک توندتر دەبێ، بە جۆرێک بەشێک لە بەربژێرەکان بە تایبەتی ئەوانەی باخەڵیان گەرمە، بە شێوازی جۆراوجۆر کەوتوونەتە کڕینی دەنگ، ئەوەش لە شێوەی کڕینی جلوبەرگ، دانانی مولیدە بۆ گوندەکان و کار گەیشتووەتە ئەوەی هەندێک دەنگدەر دەنگی خۆیان بخەنە مەزادەوە.

بەربژێرێک کە پێدەچێ رەوشی ئابووریی هێندە باش نەبێ بتوانێ دەنگی پێ کۆبکاتەوە، دەڵێت لە هەڵبژاردنی رابردوو مەسەلەی عەشیرەت و عەشیرەتگەری رۆڵی هەبوو لە دەرچوونی بەربژێرەکان، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پارەشی هاتووەتە سەر، ئەوانەی دەوڵەمەندن "دەنگ دەکڕن".

ئەو بەربژێرە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "ئێستا دەنگفرۆشتن بووەتە حاڵەتێکی ئاسایی لە دهۆک، رۆژانە چەندین گەنج پەیوەندیم پێوە دەکەن و دەڵێن ئەوەندە دەنگمان هەیە، بە چەند لێمان دەکڕی. من دەنگ ناکڕم، بەڵام بەربژێرەکانی دیکە، بە تایبەتی ئەوانەی دەوڵەمەندن دەیکڕن".

ئەو بەربژێرە قسەکانی پیاوێکی 40 ساڵی بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "پێش سێ رۆژ پیاوێک لەگوندێک پەیوەندی پێوە کردم، گوتی ئێمە 400 دەنگمان هەیە، بڕیارمان داوە بەبێ بەرامبەر دەنگ بە هیچ کاندیدێک نەدەین، ئەگەر 4000 دۆلار بێنی، ئەوا گرێبەستت لەگەڵ دەکەین و بە بەڵگەوە 400 دەنگت دەدەینێ".

### هەر دەنگێکیان بە 10 دۆلار پێفرۆشتم، بەڵام نەمکڕی

بەربژێرێک

ئەو بەربژێرە دەڵێت تاوەکو ئێستا 15000 دۆلاری لە بانگەشەدا خەرج کردووە، بەڵام رکابەریی نێوان بەربژێرەکان ئەوەندە توند بووە، ئەو بەربژێرەی هێناوەتە سەر ئەو خەیاڵەی پارە بۆ بانگەشە قەرز بکات.

بەربژێرەکەی پارتی دەڵێت بەربژێرەکانی دیکە مولیدەیان بۆ گوند کڕیوە، لە گوندەکان گۆشتیان دابەشکردووە و لە بەرامبەردا داوایان لە گوندنشینان کردووە دەنگیان بدەنێ. هەروەها دەڵێت: "بەربژێر هەیە تا ئێستا 300 هەزار دۆلاری خەرجکردووە، رەنگە زیاتریش خەرج بکات".

لە رۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا چێشتخانەکانی دهۆک جمەیان دێت لە میوان بەهۆی داوەت و داوەتکاریی بەربژێرەکانەوە. ژنە بەربژێرەکانیش دەستیان کردووە بە کڕینی جلوبەرگ بۆ ئافرەتان.

### ناتوانین رێگە لە کڕینی دەنگ بگرین

کۆمیسیۆن

مامۆستایەکی زانستە سیاسییەکان کڕینی دەنگ بە مەترسی بۆ سەر پرۆسەی سیاسی دەبینێ و دەڵێت: "نابێت بەربژێرەکان خراپیی بژێوی خەڵک ئیستغلال بکەن".

عیدۆ خامۆکا مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی پۆلەتەکنیکی دهۆک بە (رووداو)ی گوت: "ئەوەی لە دهۆک دەبینرێت، لە بانگەشە دەرچووە و بووەتە رکابەریی شەخسی و بازرگانی، ئەمەش کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی دەبێ، چونکە ئەگەر دەنگ بە پارە بکڕدرێ، بڕیاریش بە پارە لە پەرلەمان دەکڕدرێ".

جیهاد حەمید، گوتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە ئۆفیسی دهۆک لەبارەی ئەو دیاردەیە دەڵێت: "هیچ رێنمایی و یاسایەک نییە رێگری لە کاندید بکات بە پارە دەنگ بکڕێ، بۆیە ناتوانین رێگری لێ بکەین".

# شەش وڵات چاودێریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندی و راگەیاندن لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەڵێ تاوەکو ئێستا شەش وڵات لە رێگای کونسوڵخانەکانیانەوە بڕیاریان داوە چاودێریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن.

رۆژی 28ی ئەیلول دەنگدانی تایبەت دەستپێدەکات و 30ی مانگیش رۆژی دەنگدانی گشتییە. هەر لە ئێستاشەوە وڵاتان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکە ئامادە کردووە.

دیار نەسرەدین، جێگری بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی، خۆشحاڵە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و وڵاتان چاودێریی هەڵبژاردنەکە دەکەن و دەڵێت: "تاوەکو ژمارەی چاودێران و نوێنەرەکان زۆرتر بن، پرۆسەکە باشتر چاودێری دەکرێ".

رۆژی 15ی ئەیلول، هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا تاوتوێی هەڵبژاردن و بانگەشەیان کرد. ئەوان بڕیاریان داوە چاودێرەکانیان لە رۆژی هەڵبژاردن هەماهەنگییەکی تۆکمەیان هەبێت.

شۆڕش حەسەن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندی و راگەیاندن لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەڵێ، تاوەکو ئێستا 8 رێکخراوی نێودەوڵەتی ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ چاودێریی هەڵبژاردن کە شەش لەوانە کونسوڵخانەکانی ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا، ژاپۆن، فەرەنسا و کۆریای باشوورن. شۆڕش حەسەن هەروەها دەڵێ: "10 تەلەڤزیۆن و ئاژانسی هەواڵی بەنێوبانگیش بۆ رووماڵکردنی ئەم هەڵبژاردنە ناوی خۆیان تۆمار کردووە: رۆیتەرز، سکای نیوز، ئێن بی ئێن، ئێس بی ئی و ئەی بی ئێس لەو کەناڵانەن".

بەڕێوەبەرەکەی کۆمسیۆن لەبارەی رێکخراوە کوردییەکانیش دەڵێ، ئەوان ژمارەیان زۆرترە، بەڵام لەلایەن فەرمانگەی پارێزگاکانی کۆمسیۆنەوە ناوی خۆیان تۆمار دەکەن و "بەهۆی ئەوەی ژمارەیان زیاتر دەبێ، ئاماری دروستمان لانییە، بەڵام لەنێو ئەو رێکخراوانە، رێکخراویش هەن کە لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون".

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، گەشبین نییە بە ئامادەبوونی چاودێرە بیانییەکان. ئەو دەڵێت "وەک میوان دێن و کاتێکی کەم لە بنکەکانی دەنگدان دەمێننەوە، زیاتر بۆ ئەوە بانگ دەکرێن، تاوەکو بگوترێ هەڵبژاردنەکە چاودێریکراو بوو".

رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، نامەیەکی بۆ کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە و داوای لێکردوون کە بە وردی چاودێریی ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان بکەن و رێگە نەدرێت ساختەکاری بکرێ.

هۆشیار عومەر، بەڕێوەبەری ژووری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی: "نەتەوەیەکگرتووەکان وەڵامی داوینەتەوە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکە دەکەن. یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنساش بەڵێنیان داوە چاودێریی بکەن".



# 2500 بەندکراو لە دەنگدان بێبەش دەکرێن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو– هەولێر**

بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران، بەندکراوانی چاکسازییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان مافی دەنگدانیان نییە، بەرپرسانی چاکسازییەکانیش دەڵێن بڕیارەکە پێشێلکردنی مافی بەندکراوانە. بەرپرسێکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دەڵێت بڕیارەکە کارمەندانی چاکسازییەکان، خانەکانی بەساڵاچووان، کارمەند و نەخۆشی نەخۆشخانەیش دەگرێتەوە.

ئارام نەجمەدین، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بە (رووداو)ی گوت: "بەپێی بڕیارەکە، ئەنجوومەنی کۆمیسیاران مافی دەنگدانیان لە کارمەند و نەخۆشەکانی نەخۆشخانە، کارمەند و بەندکراوانی چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووانیش وەرگرتووەتەوە کە ئەمە پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنە".

ئەنجوومەنی کۆمیسیاران هۆکاری بڕیارەکە بۆ کەموکوڕی لە داتاکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی هەولێر ئەوە رەتدەکاتەوە. هێمن نانەکەلی بە (رووداو)ی گوت: "پێشتر ناوەکانمان رادەستی کۆمیسیۆن کردووە کە زیاتر لە 840 سزادراون، بۆیە با ئەمە نەکەنە بیانوو و مافی بەندکراوەکان نەخۆن".

بڕیارەکە 450 تۆمەتباری گرتن و گواستنەوەی هەولێر و سزادراوانی چاکسازیی ژنان و نەوجەوانانی هەولێریش دەگرێتەوە. دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان دەڵێ: "چاوەڕێ بووین کۆمیسیۆن داوای لیستی ناوەکانمان لێبکات، بەڵام داوایان نەکردووە. ژمارەی ئەو سزادراوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەلای ئێمە 70 سزادراوە و لە دەنگدان بێبەش دەبن".

لە دهۆکیش بەسەدان بەندکراوی چاکسازییەکانی گەوران و ژنان لە دەنگدان بێبەش دەبن. عەقید محەممەد حەسەن، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی دهۆک دەڵێت: "ئەمساڵ 600 بەندکراوی چاکسازیی گەوران بەهۆی ئەو بڕیارە لە مافی دەنگدان بێبەش دەبن، لەکاتێکدا بەپێی دەستوور و یاسا هەر زیندانییەک ماوەی حوکمەکەی لە 5 ساڵ کەمتر بێت مافی دەنگدانی هەیە".

بڕیارەکەی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران 60 بەندکراو لە چاکسازیی ژنان و نەوجەوانانی دهۆک و نزیکەی 500 بەندکراوی پیاو و ژن لە سلێمانیش بێبەش دەکات لە دەنگدان.

بەوپێیە بێ، زیاتر لە 2500 بەندکراو لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان لە دەنگدان بێبەش دەکرێن.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران رەتیدەکاتەوە بڕیارەکە نەخۆشخانە و خانەی بەساڵاچووان بگرێتەوە. د.جوتیار عادل بە (رووداو)ی گوت: "بڕیارەکە تەنیا بەندکراوانی چاکسازییەکان دەگرێتەوە. کارمەندانی چاکسازییەکان دەتوانن لە دەنگدانی تایبەت دەنگ بدەن، کارمەندی نەخۆشخانەکان و بەساڵاچووانیش دەتوانن لە رۆژی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن".

جوتیار عادل گوتیشی: "وەزارەتی پەیوەندیدار داتایەکی تەواویان بۆ ئێمە نەناردووە، بۆیە ئەوان بێبەش دەبن لە دەنگدان و هیچ حیزبێک پێشنیازی بێبەشکردنی ئەوانی لە دەنگدان نەکردووە".

هەر لەبارەی ئەو بڕیارە محەممەد گۆمەشینی، گوتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤ بە (رووداو)ی گوت کە "ئەمڕۆ دووشەممە 24ی ئەیلول دەستەی مافی مرۆڤ راپۆرتێک لەسەر ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی کۆمسیاران ئامادە دەکات و بەدواداچوونی بۆ دەکەین، ئەگەر بڕیارەکە هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نەبێت، ئەوە پێچەوانە بنەماکانی مافی مرۆڤە".

## گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو دەنگ بە بەربژێرەکانی پارتی و یەکێتی نادەن

### د.فوئاد حوسێن بۆ (ڕووداو):

# بارزانی بە فەرمی بەربژێری کردووم بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق

هیوا جەمال و نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاک مەسعود بارزانی بە فەرمی داوای لێکردم بەربژێری پارتی بم بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق". هەروەها دەڵێت، پارتی ئیشی بۆ دەکات کە دەربچێ

> **هەوڵ هەیە لەگەڵ یەکێتی یەک بەربژێرمان هەبێ**
> ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی

"سەردانەکەی کاک نێچیرڤان بارزانیش بۆ بەغدا هەر بۆ ئەو مەبەستەیە".

هەریەکە لە پارتی و یەکێتی سوورن لەسەر ئەوەی بەربژێرەکانیان سەربخەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق. لەتیف ڕەشید، کە بەربژێری نافەرمیی یەکێتییە، لەگەڵ بەربژێرە سەربەخۆکانی دیکە ڕەتیدەکەنەوە لە ڕکابەرێتییەکە بکشێنەوە. بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیش دەڵێن، دەنگ بە هیچکام لە بەربژێرەکانی پارتی و یەکێتی نادەن.

لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، یەکێتی و پارتی چەندینجار کۆبوونەوە، لە سەرجەم بەیاننامەکانی دوای کۆبوونەوەکانیشیان جەختیان لەوە دەکردەوە کە بە پرۆژە و بەرنامەی هاوبەشەوە دەچنە بەغدا. بەڵام کاندیدکردنی بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لەلایەن یەکێتییەوە، ڕیسەکەی کردەوە بە خوری. پارتی هەر زوو لە زاری فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسییەوە ڕایگەیاند: "بەرهەم ساڵح، بەربژێری هاوبەشی ئێمە نییە".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ حیزبەکەی سوورە لەسەر دیاریکردنی بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. ئەسەسەرد بە (ڕووداو)ی گوت: "بۆ بەربژێری پۆستی سەرۆک کۆمار دوو تێڕوانینی جیاوازمان هەیە. کاتێک پاکێجە هاوبەشەکەمان هەبوو، دەبوو پاشکۆیەکمان هەبوایە و مەسەلەی پۆستە سەرەکییەکانی ڕوون بکردایەتەوە، بەڵام پاکێجەکە بە کەموکوڕی داڕێژرا و تەنیا ئەو بەرنامەیەی تێدا بوو کە هەردوولا لەسەری ڕێککەوتبووین بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت".



فەرید ئەسەسەرد، ئەو بۆچوونە بە ڕاست نازانێ کە پێیوایە بەرهەم ساڵح، هۆکاری دروستبوونی کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی بووبێت: "کاندیدی خۆمان دیاری کردووە و دەچینە هەڵبژاردن و دەزانین کە دەشیبەینەوە".

پارتی پێیوایە مادام پێشتر سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم بەرامبەر یەک بوون و ئێستا پۆستی سەرۆکی هەرێم نەماوە، دەبێ پۆستی سەرۆک کۆمار بە ڕێککەوتن دیاری بکرێت، بەتایبەتیش کە ئەوە سێ خولی یەک لەدوای یەکە ئەو پۆستە هەر لە دەستی یەکێتیدایە. یەکێتیش پێیوایە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی ماون و دراونەتە سەرۆکی حکومەت، بۆیە ئەو پۆستە وەک مافی حیزبەکەی سەیر دەکات.

ڕۆژی 22ی ئەیلول نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرکردە دیارەکانی عێراق کۆبووەوە. هێشتا جێگری سەرۆکی پارتی لەنێو دیدارەکانیدا بوو، مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و ئەو سەردانەی وەک شکاندنی یەکڕیزی لێکدایەوە. مەکتەبی سیاسی پارتی بە هەمان زمان وەڵامی ڕاگەیێندراوەکەی یەکێتی دایەوە و ڕایگەیاند، ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی یەکێتی بوون، کەچی یەکێتی بەبێ گەڕانەوە بۆ پارتی، بەربژێری سەرۆک کۆماری دیاری کرد. بەدوای پارتیدا، یەکێتی شاندێکی ناردە بەغدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ ئەوەی ئەوانیش لۆبی بۆ بەربژێرەکەیان بکەن.

ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "گفتوگۆی ئێمە و یەکێتی لەسەر پرسی سەرۆککۆمار بە بنبەست نەگەیشتووە، داواکراوە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار

> **بەرهەم ساڵح کاندیدی یەکێتییە و دەریشدەچێ**
> فەرید ئەسەسەرد

بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێ. هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئێمە و یەکێتی کۆبوونەوەیەک بکەین و یەک بەربژێرمان هەبێ. ئەگەر ڕێککەوتین، ئەوکات بەیەک بەربژێر دەچینە هەڵبژاردنەکەوە. ئەگەر ڕێکیشنەکەوتین، بێگومان هەریەکە و بەربژێری خۆی دەبێت".

تاوەکو ئێستا، جگە لە بەرهەم ساڵح و د.فوئاد حوسێن، هەریەک لە سەردار عەبدوڵڵا و لەتیف ڕەشید و سەلیم شووشکەیی و سروە عەبدولواحید و بەربژێرێکی دیکەی کوردی فەیلی، خۆیان بۆ ئەو پۆستە بەربژێر کردووە. سەردار عەبدوڵڵا، بەربژێری سەربەخۆ بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەو لەسەر داوای ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان خۆی بەربژێر کردووە. گوتیشی "ئەزموونی ڕابردووم یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەو ئەرکە بەڕێوەببەم".

بەربژێرە نافەرمییەکەی یەکێتیش کە لەتیف ڕەشیدە، دەڵێ ژمارەیەک لە کەسایەتییە سیاسییەکان پشتیوانی دەکەن و ئاساییە ئەگەر جگە لە بەرهەم ساڵح، ئەویش یەکێک بێت لە بەربژێرەکان و باسی ئەزموونی دووروودرێژی کارکردنی خۆی دەکات لە بەغدا.

بەڵام لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ڕەتیدەکەنەوە دەنگ بە هیچکام لە بەربژێرەکانی پارتی و یەکێتی بدەن. ئەحمەد حاجی ڕەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەغدا دەڵێت دەنگ بە د.بەرهەم ساڵح یان د.فوئاد حوسێن نادەین "دەنگ بە مامۆستا سەلیم شووشکەیی دەدەین کە بەربژێری ئێمەیە لە بەغدا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار".

پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش نەک دەنگدان، بەڵکو ڕەتیدەکاتەوە بچنە نێو هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمانیشەوە.

غالب محەممەد، پەرلەمانتاری گۆڕان دەڵێ: "کەس بەربژێری ئێمە نییە، کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بڕیار دەدات کە ئێمە بچینە نێو دانیشتنەکانی پەرلەمان و سوێند بخۆین یان نا".

بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە وەک یەکگرتووی ئیسلامی نە لەگەڵ ئەو فرە بەربژێرییەین و نە دەنگ بە بەربژێری پارتی و یەکێتی دەدەین، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کەی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆدەبێتەوە".

بڕیار بوو ڕۆژی 25ی ئەیلول سەرۆککۆماری عێراق بە دەنگی دوو لەسەر سێی پەرلەمان هەڵبژێردرێ، بەڵام لە دانیشتنی کارنامەی ئەو ڕۆژەدا هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار نییە.

کورد ئەو پۆستە بە ئیستحقاقی خۆی دەزانێ، تاوەکو ئێستا حەوت کەسیش خۆیان بۆ ئەو پۆستە بەربژێر کردووە کە بەهێزترینیان د.فوئاد حوسێن بەربژێری پارتی و د.بەرهەم ساڵح، بەربژێری یەکێتین.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ڕۆژی 2 یان 3ی ئۆکتۆبەر، پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار کۆدەبێتەوە. لەو ڕۆژەدا دەردەکەوێ لۆبی کامیان لە بەغدا بەهێزتر بووە، پارتی یان یەکێتی؟ ئایا بازەکە لەسەر شانی فوئاد حوسێن دەنیشێتەوە و جێگەی فوئادێکی دیکە دەگرێتەوە و دیسان فوئادەکان بەرهەم ساڵح لە پۆستەکە بێبەش دەکەن، یان ئەمجارەیان بەرهەم ساڵح گرێی فوئاد تێدەپەڕێنێ.



### فوئاد محەممەد حوسێن کێیە؟

- ساڵی 1949 لە خانەقین لە دایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە خانەقین تەواو کردووە.
- ساڵی 1971 کۆلێژی پەروەردەی لە بەغدا تەواو کردووە.
- دوای تەواوکردنی کۆلێژ لە خانەقین بە مامۆستا دامەزراوە.
- ساڵی 1967 چووەتە زانکۆی بەغدا. لەوێ بووەتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. دواتر ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- لە ناوچەی خانەقینی پارتی و ناوچەی بەغدای پارتی کادری پێشکەوتوو بووە.
- سەرەتای ساڵی 1974 بووەتە پێشمەرگە.
- لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە نوێنەرایەتی شۆڕش چووەتە کوێت.
- دوای نسکۆی شۆڕش بووەتە پەنابەر لە هۆڵەندا و لەوێ چالاکی سیاسی کردووە.
- ساڵی 1976 بووەتە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.
- ساڵی 1987 بووەتە جێگری سەرۆکی ئینستتیوتی کورد لە پاریس.
- سەرەتای ساڵی 1984 وازی لە یەکێتی هێناوە. وەکو کەسێکی سەربەخۆ کاری سیاسی کردووە.
- لە ئاداری 1991 وەکو کەسایەتییەکی سیاسیی سەربەخۆ بەشداری کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کردووە لە بیروت.
- لە حوزەیرانی 1992 وەکو سیاسییەکی سەربەخۆ بەشداریی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کردووە لە ڤیەننا.
- لە مانگی 11ی 1992 وەکو سیاسییەکی سەربەخۆ بەشداری کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کردووە لە سەلاحەددین کە فیدراڵییەتی تێدا چەسپێنرا.
- ساڵی 1999 دیسان وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ بەشداریی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کردووە لە نیویۆرک.
- لە 2002 لە لەندەن لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق وەکو کەسایەتییەکی سیاسی کوردی سەربەخۆ بەشدار بووە.
- دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هاتووەتەوە عێراق و یەکێک بووە لە سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق.
- ئەندامی جێگرەوەی مەجلیسی حوکم بووە لە عێراق.
- کاتێک سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بووە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم.



### ئارام قادر، سەرپەرشتیاری هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بۆ (ڕووداو):

# دوو کورسییەکەمان تێکەڵ بە فراکسیۆنی یەکێتی ناکەین

ئارام قادر، کەسی دووەمی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە زۆرجار بە سندووقە ڕەشەکەی نێو هاوپەیمانی ناودەبرێ، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت بە گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بۆ نێو یەکێتی، پرۆژەی هاوپەیمانی ناوەستێ و دەڵێت "سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەین". هەروەها ڕەتیدەکاتەوە دوو کورسییەکەیان لە بەغدا تێکەڵی فراکسیۆنی یەکێتی بکەن "ئەوانە دەنگی دەنگدەرانی هاوپەیمانین و بەشێکن لە سیاسەت و پرۆژەی هاوپەیمانی".

هەڤپەیڤین: جەمال ئەحمەد جەمیل
ڕووداو – سلێمانی

> **بایکۆتی هەڵبژاردن بڕیاری هاوپەیمانی بوو نەک بەرهەم ساڵح**

**ڕووداو: ئێستا هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی سەرقاڵی چییە؟**

**ئارام قادر:** ئێستا هاوپەیمانی سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و پلاندانانە بۆ داهاتووی هاوپەیمانی، چونکە لە ڕابردوودا و لە سەرەتای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی پێش ئەوەی پەیکەری ڕێکخراوەیی هاوپەیمانی تەواو بکەین، ڕاستەوخۆ بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقمان کرد. هەروەها تەزویر و ساختەکاریی هەڵبژاردنەکان دەرفەتیان نەداین بۆ خۆڕێکخستن، بۆیە ئێستا سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و پلاندانانین بۆ داهاتوویەکی باشتر بۆ بەردەوامی و بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی هاوپەیمانی، بە میکانیزمێکی سەردەمیانە.

**ڕووداو: بەمنزیکانە دەستەی سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی هەڵدەبژێرن؟ چونکە جگە لە د.بەرهەم، ژمارەیەک سەرکردەی دیکەش وازیان هێناوە یان گەڕاونەتەوە نێو یەکێتی.**

> **بەرپرس نین لەو بەربژێرانەی بایکۆتیان شکاندووە**

**ئارام قادر:** لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێز دکتۆر بەرهەم لە سەرۆکایەتی هاوپەیمانی و گەڕانەوەی خۆی و هەندێک لە هەڤاڵەکانی بۆ نێو یەکێتی، لە گفتوگۆی بەردەوامداین بۆ ئەوەی میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی دیاری بکەین و ئەمەش بە کۆبوونەوەی فراوان و ڕاوێژی جددیی نێوان هاودیدانی هاوپەیمانی دەبێت، بێگومان دەمانەوێت لە داهاتوودا کاری گەورە و پڕئەنجام بکەین.

**ڕووداو: بەشێک لە بەربژێرەکانتان بایکۆتیان شکاندووە و بەشێکیشیان چاوەڕێن، ئینجا ئێوە تاوەکو ئێستاش ڕاتان نەگەیاندووە دەنگدەرانتان چی بکەن؟**

**ئارام قادر:** پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن بڕیارمان دابوو بەشدار نەبین لە هەڵبژاردن، بەهۆی کەموکورتی و کەلێنی زۆری تۆماری دەنگدەران. ئەم ڕاستییەی ئێمەش باسی دەکەین، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەیسەلمێنێ. بۆیە ئێستاش دووپاتی ئەو بڕیارە دەکەینەوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەردەکەوێت کە بڕیارێکی دروستمان داوە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەم خوێندنەوەیەمان پشتڕاست دەکاتەوە. سەبارەت بەو کاندیدانەش ئێمە ڕامانگەیاندووە کە بەرپرس نین لە ئەنجامی دەنگەکانیان و بەشداریکردنیان لەگەڵ ڕێزم بۆیان.

**ڕووداو: ئێوە لەبەر بەرهەم ساڵح بایکۆتی هەڵبژاردنتان کرد، خۆ ئێستا ئەو گەڕاوەتەوە، ئیدی بۆچی بایکۆت ناشکێنن؟**

> **لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەردەکەوێت کە بایکۆتی هەڵبژاردن دروست بوو**

**ئارام قادر:** ڕاستییەکەی ئەوە هۆکاری بایکۆت نەبوو، بەڵکو بڕیارێکی پێکەوەیی و دەستەجەمعی بوو. خوێندنەوەمان بۆ دۆخەکە کرد و تێبینیمان لەسەر کۆی پرۆسەکە هەیە و بەردەوامیمان لەسەر بڕیارەکە مانای ئەوەیە کە ئەوە بڕیاری هاوپەیمانی بوو، نەک تەنیا سەرۆکی هاوپەیمانی، پابەندیشین بە بڕیاری بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن.

**ڕووداو: کورسییەکانتان لە پەرلەمانی عێراق تێکەڵ بە فراکسیۆنی یەکێتی دەبن یان وەک فراکسیۆنی هاوپەیمانی دەمێننەوە؟**

**ئارام قادر:** کورسییەکانی هاوپەیمانی دەنگی دەنگدەرانی هاوپەیمانین و بەشێکن لە سیاسەت و پرۆژەی هاوپەیمانی. بەڵێ ئەوە فراکسۆنی هاوپەیمانییە لە پەرلەمانی عێراق، نەک فراکسیۆنی دیکە.

**ڕووداو: دەگوترێ د.بەرهەم داوای کردووە ئەو دوو کورسییە تێکەڵ بە فراکسیۆنی یەکێتی بکرێن؟**

**ئارام قادر:** دکتۆر بەرهەم هیچ داوایەکی وای نەکردووە و ئەوەش نەبووەتە جێگەی گفتوگۆ.

**ڕووداو: کاری هاوبەشتان لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بەردەوام دەبێ؟**

**ئارام قادر:** سەبارەت بەکاری هاوبەش، ئێمە باوەڕی تەواومان بە کاری پێکەوەیی چوار هێزەکە و دیالۆگی نیشتیمانی هەیە. پێمانوایە دەبێت هەنگاوەکانی داهاتووی تەواوی هێزە سیاسییەکان بە ئاڕاستەی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ بێت بە قازانجی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک ژیان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک بنەما و کۆکەرەوەی هێزەکان بێ.

> **سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و پلاندانانین بۆ داهاتووی هاوپەیمانی**

## هاوپەیمانی: ئەو هاودیدانەی لەسەر تەلەڤزیۆنەکانەوە دەچنە ناو دەسەڵات سیناریۆن

**ڕووداو- هەولێر**

هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری چوونی هاودیدەکانیان بۆ نێو حیزبەکان و بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانیان بە سیناریۆی دەسەڵات ناودەبات. ڕۆژی 2018/9/23 لە دهۆک و زاخۆ ژمارەیەک لە کادیر و ئەندامی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری چوونە نێو پارتی. 31 ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی و بەرپرسی دەڤەری دیالەش دەستیان لەکار کێشایەوە. هاوپەیمانی لەو بارەوە ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە: "ئەوەمان زانیوە کە لە ڕۆژانی کۆتایی هەڵبژاردندا هەندێک هێز دەیانەوێت سیناریۆی دووبارە وەک بانگەشە بەکاربهێنن و لە کەناڵەکانی خۆیانەوە وای نیشان بدەن کە هاودیدانی هاوپەیمانی پەیوەندیان پێوەدەکەن و دەچنە ڕیزەکانیان و پشتیوانی لیستەکانیان دەکەن".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (522) - دووشەممە 2018/9/24

### دەستلەکارکێشانەوەکەی مەترسی لەسەر دەنگەکانی گۆڕان هەیە

# عوسمانی حاجی مەحموود
# چیدی ناچێت بەگژ قوللەی قافدا



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- لەندەن**

یەکێک لە گەورەترین سیاسەتمەدارانی کورد، کاتێک سوێندی خواردووە، گوتوویەتی سوێند بەو کوردستانەی کە قەت ئەو پیاوە خیانەتی لێ نەکردووە. شاعیرێک بەو مێروولەیە وەسفی کردووە کە دەچێت بەگژ قوللەی قافدا. ڕۆماننووسێک بە "شەهیدی زیندوو" ناوی بردووە. ئەم هەموو وەسف و پێداهەڵدانە بۆ پیاوێکن کە ناوی عوسمانی حاجی مەحموودە و تا دوێنێ یەکێک بوو لە کۆڵەگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام ئێستا ئەو سەرکردە گەرمیانییە هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی و سیاسی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە نەماوە، ئەمەش مەترسیی لەسەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی گۆڕان بە تایبەتی لە دەڤەری گەرمیان دروستکردووە.

> لە نێو جڤاتدا عوسمانی حاجی مەحموود حەوت دەنگی لە عومەری سەیدعەلی زیاتر هێنا

### دەنگی لە ڕێکخەر زیاتر بوو

کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان لە دوای مردنی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری پێشووی بزووتنەوەکە، بڕیاری دا خانەی ڕاپەڕاندن هەڵبژێرێ، عوسمانی حاجی مەحموود یەکێک بوو لە بەربژێرانی خانەکە و 45 دەنگی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی بەدەستهێنا و بە حەوت دەنگ پێش عومەری سەیدعەلی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە کەوت کە 38 دەنگی هێنابوو، بەڵام ساڵێک دوای هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن، بەهۆی کێشە و ناکۆکییەکانی نێو گۆڕان، بەهێزترین کاراکتەری ئەو بزووتنەوەیە دەستی لەکارکێشایەوە.

ئەگەرچی پشتیوانیی خۆی بۆ لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دووپاتکردەوە، بەڵام مەترسی کەمبوونەوەی دەنگی گۆڕان هەیە لە دەڤەری گەرمیان بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئەو و بەشدارینەکردنی لە بانگەشەی هەڵبژاردن.

### "پەیوەندی بە گۆڕانەوە نەماوە"

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک عوسمان هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و ئۆرگانی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە نەماوە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا پشتیوانیی گۆڕان دەکات".

بێستوون فایەق، وجودی عوسمانی حاجی مەحموود لەنێو گۆڕان بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت: "کاک عوسمان لە چەندین قۆناغی هەستیاردا ڕۆڵی هەبوو لە پاراستن و بەرگریکردن لە بەرنامە و ئەجێندای بزووتنەوەی گۆڕان".

هەر لەوبارەوە ڕۆڤان سەروەت، هەڵسوڕاوی گۆڕان لە دەڤەری گەرمیان وجودی عوسمانی حاجی مەحموود بە پێویستییەکی گەورە دەزانێت و دەڵێ: "پیاوێکی پاکە، خاوەن پرەنسیپە. بەوەفایە بۆ ئامانجەکانی گۆڕان. کاک عوسمان پرۆژە و پێشنیازی بۆ ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنی گۆڕان هەیە، دڵنیام لە قازانجی گۆڕانە".

### کێشەی عوسمانی حاجی مەحموود لەگەڵ گۆڕان

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو، عوسمانی حاجی مەحموود بەبێ ئاشکراکردنی هۆکاری ڕاستەقینەی کێشەکان، لە ڕێگای میدیاوە ماڵئاوایی لە بزووتنەوەی گۆڕان کرد، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، عوسمانی حاجی مەحموود کێشەی لەگەڵ دروستکردنی بڕیاری سیاسی گۆڕان هەیە و پێیوایە لە دەرەوەی جڤات و دامەزراوەکانی دیکەی گۆڕانەوە بڕیار دەدرێت، هەروەها کێشەی لەگەڵ سەرچاوەی دارایی و خاوەندارێتی کۆمپانیای وشە و گردەکە هەیە کە ئێستا لەسەر نما و چیای کوڕانی نەوشیروان مستەفا تاپۆ کراون، ڕەخنەی لە دەستووری گۆڕانیش هەیە و پێیوایە کەموکوڕیی زۆری هەیە.

عوسمانی حاجی مەحموود لە سەردەمی نەوشیروان مستەفاشدا بەریەککەوتنی لەگەڵ ڕێکخەری گشتی هەبوو. ساڵی 2013 نامەیەکی ناڕەزایی هەشت خاڵی ئاراستەی ڕێکخەری کۆچکردووی گۆڕان کرد، بێستوون فایەق دەڵێ: "کاک عوسمان پێشتریش لە سەردەمی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان ڕەخنە و سەرنج و پرۆژەی پێشکەش کردبوو، ڕاستە دەستبەداری گۆڕان بووە، بەڵام گۆڕان دەستبەداری نابێت".

عوسمانی حاجی مەحموود کە بە سەرکردەیەکی خاکی و خۆشەویستی نێو گۆڕان ناسراوە، جگە لەوەی کەسێکی ڕاشکاو و قسە لەڕووە، خاوەنی پێگەیەکی جەماوەریی گەورەشە لە دەڤەری گەرمیان.

ڕەشید عەلی، پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی سەردەمی پێشمەرگایەتی عوسمانی حاجی مەحموود دەڵێ: "ئەو پیاوە لە نێو هەر حیزبێک بڕوات بە هەزاران دەنگی لەگەڵ دەڕوات، من 12 کەس لە خێزانەکەم ئەنفالە، بەس خۆم دەزانم لە سەردەمی دوای ئەنفال کاک عوسمان چ ڕۆڵێکی گەورەی لە زیندووکردنەوەی شۆڕشدا هەبوو".

> کاک عوسمان لە هەر حیزبێک بڕوات بە هەزاران دەنگ لەگەڵ خۆی دەبات
>
> هاوڕێیەکی عوسمانی حاجی مەحموود

### سوێندەکەی تاڵەبانی

عوسمان حاجی مەحموود کە دوای پرۆسەی ئەنفال لە قووڵایی باشووری کوردستان و لە دەڤەری گەرمیان ماوەتەوە بۆ سەرکردایەتی شەڕی پارتیزانی، سەرەڕای کەمیی نووسین و یاداشت لەبارەی ئەو پیاوە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ئەو نووسیویانە، بە ڕێزەوە ناویان هێناوە.

سەرەڕای وەرگرتنی چەندین پۆستی سەربازی، حیزبی و حکومی، بەڵام بە درێژایی 27 ساڵی ڕابردوو ئەو سەرکردەیەی گۆڕان کەمترین لێدوان و دەرکەوتنی میدیایی هەبووە. محەممەد موکریی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی هەرەسدا بە "شەهیدی زیندوو" ناوی بردووە. شێرکۆ بێکەسی شاعیریش بە مێروولەیەک وەسفی کردووە کە دەچێت بە گژ قوللەی قافدا، هەرچی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتییە، لە کۆڕو کۆبوونەوەدا گوتوویەتی "سوێند بەو کوردستانەی عوسمانی حاجی مەحموود خیانەتی لێ نەکردووە".

ساڵی 2009 کاتێک دەستلەکارکێشانەوەی چوار ئەندامەکەی باڵی ریفۆرم لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، لەلایەن عوسمانی حاجی محمموودەوە دەبردرێتە لای تاڵەبانی لە کۆشکی سەلام لە بەغدا، تاڵەبانی پێیدەڵێ: "تۆش دەڕۆیت!". هەموو ئەو هۆکارانە وایان کردووە کە عوسمانی حاجی مەحموود ببێتە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لەنێو یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕاندا.

### جوڵێنەری هێزی یەکێتی

عوسمانی حاجی مەحموود بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتی زۆربەی شەڕەکانی یەکێتی کردووە. هاوسۆزییەکی زۆری لە نێو هێزی پێشمەرگەدا هەیە، بۆیە بەردەوام بە جوڵێنەر و ختووکەدانی هێزەکانی زۆنی سەوز لەلایەن یەکێتییەوە تۆمەتبار کراوە.

لە سەروبەندی بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ساڵی 2011 کە تێیدا داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پێشوەختە کرابوو، پارتی و یەکێتی لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئەو هەوڵەی گۆڕانیان بە کودەتا وەسف کرد. بەپێی ڕاپۆرتی دەزگای زانیاری کە دراوەتە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، ئەو شەوە عوسمانی حاجی مەحموود 1500 چەکداری لەنێو شاری سلێمانی دابەشکردووە، بۆیە بەهۆی هاوسۆزی لە نێو هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە، یەکێتی بەردەوام ترسی لە عوسمانی حاجی مەحموود هەبوو. هەروەها ئەو شەوەی کە تەقە لە گردی زەرگەتە کرا، عوسمانی حاجی مەحموود 150 چەکداری لە خزم و کەسوکاری خۆی کۆکردبووەوە، لە ڕووداوەکانی 17ی شوباتیش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی تەلەفۆن بۆ سەرکردەکانی گۆڕان دەکات کە کەناڵی کەی ئێن ئێن دابخەن، ئەگەرنا بەهێز دایدەخەن، ڕاستەوخۆ عوسمانی حاجی مەحموود وەڵامی دەداتەوە کە ئەو لە گردەکە چاوەڕێی هێزەکەی یەکێتی دەکات، بەڵام دواتر دوخەکە کۆنترۆڵ دەکرێت.

هەڵسوڕاوێکی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە زۆربەی ڕووداوە ناخۆشەکاندا کاک عوسمان بوو گۆڕانی لە هەڕەشە و داگیرکردنی گردەکە دەپاراست، کەچی ئەو پیاوە ئیستیقالەی کردووە و سەرکردەکانی ئێستای گۆڕان زۆر بێباکانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەم هەڵبژاردنە گۆڕان بەبێ کاک عوسمان دەردەکەوێت".

> کاک عوسمان هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی و سیاسی بە گۆڕانەوە نەماوە
>
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

### گەرمیانییە و رقی لە تەبریدە

عوسمانی حاجی مەحموود، پیاوێکە کەم قسە دەکات و کەم پێدەکەنێ، رقی لە وێنەگرتن و مایکی تەلەفزیۆنە، بۆیە کەمترین لێدوان و هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی هەیە، ئەمەش بە خاڵێکی لاوازی ئەو دانراوە و وایکردووە نەبێتە سەرکردەیەکی سەرتاسەری. بە چلەی هاوین لەنێو ئۆتۆمبێل تەبرید هەڵناکات. لە شوێنی ساردیش ناخەوێت، هەر خواردنێک بێتە بەردەمی ڕەتیناکاتەوە، زۆر پابەندە بە کاتی کۆبوونەوە و یەکتر بینینی میوانەکانی، رقی لە زێدە خەرجییە، کاتێک وەزیری ناوخۆ بووە، بۆ سەفەرێک 28 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکرا، بەڵام ئەو تەنیا 2100 دۆلاری خەرجکردووە، باقیەکەی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کردووەتەوە، هەر بۆیە بایز تاڵەبانی وەزیری پێشووتری دارایی گوتبووی کە عوسمانی حاجی مەحموود کەمترین داواکاری لەو هەبووە.

> عوسمانی حاجی مەحموود دژی ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی بوو



### دژی ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی بووە

عوسمان حاجی مەحموود، یەکێک بووە لە دەنگە نارازییەکان دژ بە بەشداریی گۆڕان لە کابینەی حکومەت. هەر بۆیە دوای ڕووداوەکانی داخستنی پەرلەمان و دوورخستنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا گوتوویەتی بۆچوونەکەی عوسمان لە زۆربەی ئەوانی دیکە دروستتر بوو. بەشێک لە هەڵسوڕاوە نزیکەکان لە عوسمان پێیانوانییە ئەو بەو شێوەیە بینەری دۆخەکە بێت، دوای هەڵبژاردنی 30ی ئەم مانگە، عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی و سەرکردە و هەڵسوڕاوە نارازییەکانی دیکەی گۆڕان وا دانانیشن و دەست بە جوڵە و قسەی نوێ دەکەن.

### عوسمانی حاجی مەحموود کێیە؟

ساڵی 1963 لە گەرمیان لەدایکبووە. تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. لە تەمەنی 18 ساڵی بووەتە پێشمەرگە. ساڵی 1981 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە و سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام دواتر بەهۆی لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە.

عوسمانی حاجی مەحموود لە ڕاپەڕینی 1991 فەرماندەی هێزی قەرەداغ بووە. لە کاتی ئازادکردنی دووزخورماتوو باوکی و برایەکی لەو شەڕەدا شەهید دەبن، بەڵام لە سەرکردایەتی شەڕەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێ: "ئەوانیش هیچیان زیاتر نییە لە شەهید حەمەڕەش". حەمەڕەش فەرماندەی ئەو هێزە بووە کە شەڕی ئازادکردنی خورماتووی پێ سپێردراوە و لەو شەڕەدا شەهید بووە.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لە ساڵی 1992 دەنگی پێنجەمی هێناوە. ساڵی 1992 بووەتە فەرماندەی هێزی کەرکووکی پێشمەرگە. ساڵی 1995 بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی بووە لە کەرکووک. لە ساڵی 1996 بووەتە بەرپرسی مەڵبەندی ڕاپەڕین، لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە ساڵی 2001 جارێکی دیکە دەنگی پێنجەمی کۆنگرەی بەدەستهێناوە. لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامدا فەرماندەی هێزی باشووری کەرکووک و حەمرین بووە. ساڵی 2003 بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لە کۆتایی هەمان ساڵدا بووەتە وەزیری ناوخۆ.

عوسمانی حاجی مەحموود یەکێک بووە لە ئەندامانی باڵی ریفۆرم لە نێو یەکێتیدا. ساڵی 2009 بە فەرمی دەستی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کێشایەوە و پاڵپشتی بۆ لیستی گۆڕان ڕاگەیاند. ئەندامی دامەزرێنەری بزووتنەوەی گۆڕان بوو، بەڵام بەهۆی تێبینی لەسەر ئەدا و ئیدارە و دارایی بزووتنەوەی گۆڕان، وازی لە بزووتنەوەکە هێنا. عوسمانی حاجی مەحموود خێزاندارە و باوکی سێ کچ و کوڕێکە، کوڕەکەی ناوی گەرمیانە.

## د.بەشیر خەلیل حەدداد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (رووداو):

# هەندێ پەرلەمانتاری کورد منیان لای شیعەکان ناشیرین کردبوو



**لە نێو باخچە گەورەکەی ماڵەکەی خۆی لە گەنجان ستی لە هەولێر دانیشتبوو، چەند میوانێکی هەبوون کە هەموویان بە تورکمانی قسەیان دەکرد، ئەویش هەر بە تورکمانی وەڵامی دەدانەوە. زۆر کەس وا دەزانن تورکمانە، بەڵام ئەو دەڵێت کوردم و تورکمان نیم. د.بەشیر خەلیل حەداد کە هەفتەی رابردوو بە جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا، هەولێرییەکان هەر بە مەلا بەشیر دەیناسن. ساڵانێک مزگەوتەکەی هێندە قەرەباڵغ بوو، خەڵک لە نوێژی هەینیدا بە چواردەوری مزگەوتەکەیدا لەسەر جادە سەفیان دەبەست. بەڵام لە 2009 بەدواوە تێکەڵی سیاسەت بوو، دوای ئەوەی لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی خۆی بەربژێر کرد. لەم خولەی پەرلەمانیش بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. د.بەشیر، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باس لەوە دەکات کە بۆچی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی جێگری سەرۆکی پەرلەماندا دەنگی نەهێنا و هەڵبژاردنەکەی کەوتە خولی دووەم.**

هەڤپەیڤین: سیروان عەباس
رووداو- هەولێر

**رووداو: خۆ کاندیدکردنت بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر داوای کێ بوو؟ خۆت یان پارتی؟**

**د.بەشیر حەداد:** کاندیدکردنم بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەر داوای خۆم نەبوو، بەڵکو لەسەر داوای برادەران بوو لەنێو پارتی، منیش بە داواکەیان رازی بووم. دواتر داوایەکی دیکەیان لێکردم کە بەربژێرم بکەن بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، من لە سەرەتادا گوتم رەنگە ئەوە ئەرکێکی قورس بێت و لە فراکسیۆنەکەمان کەسانی شارەزاتر هەبن، بەڵام دیار بوو سەرکردایەتی پارتی سووربوون لەسەر ئەوەی کە من ئەو پۆستە وەربگرم، منیش ئەو داوایەم رەتنەکردەوە، شانی خۆم دایە بەر ئەو بەرپرسیارێتییە.

> وێنەی پەرلەمانتار لە دەرەوە هێندە ناشیرینە، شەرم دەکەی بڵێی پەرلەمانتارم

**رووداو: دەڵێن خودی مەسعود بارزانی داوای لێکردووی ئەو پۆستە وەربگری؟**

**د.بەشیر حەداد:** داوام لێکرا، ئیدی لەهەر شوێنێکەوە بووبێ.

**رووداو: بۆچی لە خولی یەکەم دەنگت نەهێنا؟**

**د.بەشیر حەداد:** دوو هۆکار هەبوون، هۆکاری یەکەم ئەوە بوو کە رۆژی یەکەم دانیشتنەکە درێژەی کێشا، لە 11:00ی پێشنیوەڕۆ دەستیپێکرد تاوەکو 7:00ی ئێوارە بەردەوام بوو، نزیکەی 8 کاژێر لە دانیشتندابووین و تەنانەت نانی نیوەڕۆ و ئێوارەمان نەخوارد، ئەندامانی پەرلەمان زۆر ماندووبوون. ئەو ماندووبوونە وای لە هەندێک پەرلەمانتار کرد بچنە دەرەوە، هەڵبژاردنی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ کاژێر 6:30 دواکەوت، نزیکەی 50 پەرلەمانتار لەبەر ماندوویێتی هۆڵەکەیان جێهێشت و وایانزانی هەڵبژاردنی من وەکو جێگری دووەم یەکلایی بووەتەوە و دەنگی پێویست دەهێنم، لەبەر ئەوەی رێککەوتن کراوە، بەڵام ئەو ئامادەنەبوونە دەنگی لەمن کەمکردەوە چونکە من دوو رکابەرم هەبوو، لە فراکسیۆنی یەکگرتوو موسەننا ئەمین و لە فراکسیۆنی کۆمەڵیش ئەحمەد حاجی رەشید رکابەرم بوون. ئەوانیش ژمارەیەک دەنگیان برد، ژمارەیەک دەنگی سپی و دەنگی بەتاڵیش هەبوون کە هەموو ئەوانە لە من رۆیشتن. هۆکاری دووەمیش ئەوە بوو کە بەداخەوە هەر لەنێو خۆمان نەک لەنێو لایەنەکانی شیعە و سوننە، هەندێک پەرلەمانتاری کورد هەواڵێکی ناڕاستیان سەبارەت بە من لەلای برایانی شیعە بڵاوکردبووەوە گوایە من کەسێکی توندڕەوی جیهادیم و دژی ئەهلی بەیتم. زۆر خراپ وێنای منیان کردبوو، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی هەبوو.

> شکۆ و هەیبەت بۆ پەرلەمان دەگێڕینەوە

**رووداو: کێ بوون ئەوانەی لۆبییان لە دژ کردی؟**

**د.بەشیر حەداد:** بەشێوەی لۆبی نەبوو، بەشێوەیەکی نهێنی ئەو کارانەیان دەکرد، هەندێکیشیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆمەتیان بڵاودەکردەوە، بەڵام رووبەڕوو هیچ دژایەتییەکیان نەکردم.

**رووداو: ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ موسەننا ئەمین و ئەحمەد حاجی رەشید چۆنە؟**

**د.بەشیر حەداد:** موسەننا ئەمین لە جەولەی یەکەمی دەنگدانەکە کە زانی دەنگی پێویست ناهێنێت کشایەوە، بۆ جەولەی دووەم من و ئەحمەدی حاجی رەشید ماینەوە، دوای ئەوەی دەنگی زۆرینەم هێنا، هەردووکیان هاتن پیرۆزبایيان لێکردم. هەموو فراکسیۆنەکانیش پیرۆزباییان لێکردم، منیش گوتم لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە پەرلەمانتارە کوردەکان مامەڵەیان باش نەبوو لەگەڵم، بەڵام من هەر بەشێوەیەکی باش مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم.

**رووداو: ئێوە پێش دەنگدانەکە قسەتان لەگەڵ پەرلەمانتارانی یەکێتی کرد، ئەوان بەڵێنیان پێدای کە دەنگت بدەنێ؟**

**د.بەشیر حەداد:** بەڵێ کۆبووینەوە و هاوئاهەنگیمان کرد، لەسەر ئاستی سەرۆکی فراکسیۆن و ئەندامانیش رامان گۆڕییەوە و پێمانگوتن کە ئێوە دەنگ بە بەربژێری ئێمە دەدەن یان نا، گوتیان چاوەڕوانی وەڵامی سەرکردایەتی دەکەین، چەند خولەکێک بەر لە دەسپێکردنی دانیشتنەکەش دووبارە پرسیارمان لێکردنەوە دیسان گوتیان چاوەڕوانی سەرکردایەتین، بەڵام دوای دەنگدانەکە گوتیان دەنگمان پێداوی، ئیدی نازانم دەنگیان داوە یان نا.

> پارتی سووربوو لەسەر ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرم

**رووداو: هیچ پەرلەمانتارێک (کورد، شیعە، سوننە، تورکمان) بە ئاشکرا پێیانگوتی دەنگت پێنادەین؟**

**د.بەشیر حەداد:** نا، رووبەڕوو نەیانگوت، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوو پەرلەمانتاری کورد نووسیبوویان :"شانازی دەکەین کە دەنگمان بە بەربژێرەکەی پارتی نەدا"، بەڵام رووبەڕوو بە خۆمیان نەگوت.

**رووداو: داوات لە ئەحمەدی حاجی رەشید کرد بکشێیتەوە؟**

**د.بەشیر حەداد:** نەخێر، خۆم و فراکسیۆنەکەشم ئەو داوایەمان نەکرد، بەڵام کەسی دیکە داوایان لێکرد.

**رووداو: کێ بوون؟**

**د.بەشیر حەداد:** فراکسیۆنە عەرەبییەکان، لە شیعە و سوننە پێیانگوت کە دەنگی لە د.بەشیر کەمترە و بکشێوە، بەڵام قایل نەبوو.

**رووداو: چوار ساڵی ئایندەی پەرلەمانی عێراق چۆن دەبینی؟**

**د.بەشیر حەداد:** ئومێد دەخوازم چوار ساڵی داهاتوو چوار ساڵی جیاواز بێ لە خولەکانی رابردوو، لەگەڵ سەرۆک و جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانیش بەو جۆرە رێککەوتووین کە ئەم خولە خولێکی پڕ ئیش و جیاواز بێت. کاری یەکەممان ئەوەبێ کە هەیبەت و شکۆی پەرلەمان بگێڕینەوە، شکۆی پەرلەمانتار بگێڕینەوە، چونکە وێنەی پەرلەمانتار لە شەقام زۆر ناشرین بووە، وای لێهاتووە شەرم بکەیتەوە بڵێی من ئەندامی پەرلەمانم، پەرلەمانتار بە کەسێکی هەلپەرست و خۆپەرست وێناکراوە کە هەمیشە خەمی خۆی بێت و خەڵکی فەرامۆش کردبێ، ئەمەش دیاردەیەکی خراپە کە لە عێراق و کوردستان بڵاوبووەتەوە. رێزنەگرتن لە دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، رێزنەگرتن لە سیمبول و سەرکردەکان سەرەتای داڕووخانی دەروونییە بۆ هەر میللەتێک، بۆیە کاری ئێمە گەڕاندنەوەی متمانەیە بۆ پەرلەمان و پەرلەمانتاران. ئەویش بە کارکردنێکی جددی و خەمخۆری و چوونە نێو خەڵک، نابێ خۆمان قەتیس بکەین لەنێو چوار دیواری پەرلەماندا و دەبێ بچینە نێو خەڵک. یەکەم هەنگاویشمان لەم بارەیەوە سەردانمان بوو بۆ پارێزگای بەسرە و کۆبوونەوەمان بوو لەگەڵ خەڵکەکە و کێشە و گرفتەکانیانمان بینی و بڕیاریشمان داوە ناوەناوە سەردانی شارەکان بکەین. سەردانی داهاتوومان بۆ هەڵەبجە، ئەنبار و مووسڵ دەبێت، بۆ ئەوەی خەڵک بزانن کە ئیدی ئێمە تەنیا لەنێو پەرلەمان و ناوچەی سەوز نابین و لە ناوچەکەی خۆمانەوە دەچینە ئەو ناوچانەی کە بێخزمەتن و ژیان تێیاندا ئەستەمە. ئێمە بەو سەردانانە و گرنگیدان بەو یاسایانەی کە لە خزمەتی خەڵکدان و ژیان و پێداویستییەکانیان دابین دەکات، دەتوانین ئەم متمانەیە بگێڕینەوە، ئەمە ئامانجی یەکەممانە. ئامانجی دووەمیشمان ئەوەیە کە ئێمە وەکو نوێنەرانی کوردستان وێنەیەکی جوان نیشانی عێراق بدەین و پەیوەندییەکی جوان لەنێوان هەولێر و بەغدا، کورد و عەرەب دروستبکەین و بیگەڕێنینەوە ئاستی جارانی خۆی، هەروەها هەوڵێکی جیدیش دەدەین بۆ دروستکردنی یەکڕیزی و هاوئاهەنگی لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان.

> پەرلەمانتارانی یەکێتی گوتیان دەنگمان پێداوی، بەڵام نازانم وایە یان نا

**رووداو: چ پلانێکتان بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی بەسرە هەیە؟**

**د.بەشیر حەداد:** کە چووینە بەسرە، لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاکە، نوێنەرانی بەسرە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، پارێزگار، بەڕێوەبەری پۆلیس، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان و سەرۆک هۆزەکان کۆبووینەوە و پێنج کاژێر گفتوگۆمان لەگەڵ کردن، دوای گوێگرتن و راگۆڕینەوە لەگەڵیان، راپۆرتێکمان ئامادەکرد و لە دانیشتنی 25ی مانگ دەخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە و ژمارەیەک وەزیر بانگهێشت دەکەین بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی بتوانین گوشارێک لەسەر حکومەت دروستبکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەسرە.

> دوای بەسرە سەردانی هەڵەبجە و مووسڵ و ئەنبار دەکەین

**رووداو: دەتانەوێ چی بۆ هەڵەبجە بکەن؟**

**د.بەشیر حەداد:** ئێمە لە بەرنامەماندایە سەردانی هەموو شارەکان بکەین، هەڵەبجەش وەکو هەموو شارەکانی دیکە لە بەرنامەی کارەکانماندایە، بەڵام ناتوانم بڵێم کەی سەردانی هەڵەبجە دەکەین، بچینە هەر شارێک سەیری واقعی ژیانی خەڵک دەکەین، خزمەتگوزاری هەیە یان نا، کەموکوڕییەکان چین، چونکە هەندێ شار هەن بڕیاری بەپەلەیان پێویستە و هەندێ خزمەتگوزاریش هەن، ئەگەر دواشبخرێن رەنگە ئاسایی بێت. ئێمە هەوڵدەدەین ئەوانە بکەینە یاسایەک و لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەین. کە چووینە هەڵەبجە، لەوێ بڕیار لەسەر ئەوە دەدەین چی بکەین.

> پەرلەمانتارانی کورد بە شیعەکانیان گوتبوو گوایە من دژی ئەهلی بەیتم

**رووداو: چوار ساڵی رابردوو پڕبوو لە پیلانگێڕی دژی کورد، تۆ ئێستا جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی، چ بەرنامەیەکت هەیە بۆ ئەوەی لە چوار ساڵی داهاتوودا رووبەڕووی پیلانەکان لە دژی کورد ببیتەوە؟**

**د.بەشیر حەداد:** پەرلەمان گەورەترین دەزگای چاودێری و یاسادانانە، دەبێ بەشێک بێ لە چارەسەر و لە وڵاتدا ئەو رۆڵە بگێڕێ، ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستانی کە لە بەغداین و نزیکەی 58 کەسین، ئەگەر نەتوانین رێگری لە دوژمنکارییەک یان پیلانگێڕییەک دژ بە کوردستان بکەین، ئەی بوونی ئێمە لەوێ بۆ چییە؟ بۆیە وا پێویست دەکا هەموومان لەوێ وەکو یەک دەست و دیوار بین بەرامبەر بە هەر هەوڵ و پرۆژەیاسایەک کە بیانەوێ دژ بە کوردستان دەریبکەن. بەتایبەت من کە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانم هەموو هەوڵی خۆم دەخەمەگەڕ بۆئەوەی نەهێڵم هیچ یاسایەک دژ بە هەرێمی کوردستان تێپەڕێنرێت.

**رووداو: هیچ پلانێکی تایبەتت هەیە بۆ رێگریکردن لە هەر هەوڵێکی دژ بە کورد؟**

**د.بەشیر حەداد:** ئێمە وەکو یەک تیم کاردەکەین، بەڵام من راوێژ بە هەموو لایەنە سیاسییەکانیش دەکەم بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێت کە چی دەکەین و چیمان پێدەکرێ. جگە لەمانەش دەتوانم پەیوەندییە کەسییەکانی خۆشم لەگەڵ کەسایەتییە عێراقییەکان بەکاربهێنم بۆ ئەوەی دید و تێڕوانینی ئەوان بەشێوەیەکی ئەرێنی بەرامبەر بە کورد بگۆڕم.

**رووداو: لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەبوو، هیچ هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی لەو خولەشدا ئەم فراکسیۆنە دروست بکرێتەوە؟**

**د.بەشیر حەداد:** ئەمە ئومێدی هەرە گەورەمانە، بەڵام بەداخەوە زۆر بە زەحمەتی دەبینم، چونکە هەر لە سەرەتاوە تووشی شۆک بووین کە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە دژایەتی کراین و رێگریمان لێکرا، ئومێدی من وایە وەکو یەک تیم کار بکەین، بەڵام بە زەحمەتیشی دەبینم.

**رووداو: پۆستەکەی تۆ چ گرنگییەکی بۆ کورد هەیە، خۆ لە خولی رابردووش کوردێک جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو، بەڵام چەندین یاسا لە دژی کورد دەرکران؟**

**د.بەشیر حەداد:** ئەم پۆستە دەسەڵاتی خۆی هەیە، یەکێک لە دەسەڵاتەکان ئەوەیە کە هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی دەخرێنە بەرنامەی کارەوە، دەستەی سەرۆکایەتی گفتوگۆی لەسەر دەکات و دەبێ هەرسێکیان لەسەری رازیبن، بۆیە من دەسەڵاتی خۆم بۆ هەر پرۆژە یاسایەک بەکاردێنم کە لە بەرژەوەندی کوردستان بدات، گۆڕانکاری تێدا دەکەم و ئەو ماددە و بڕگانە دەگۆڕم کە دژی کوردستانن.

> لێپێچینەوە لە خالید عوبەیدی دەکەین

**رووداو: زۆر قسە لەسەر کڕینی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێ، تەنانەت خالید عوبەیدی کە یەکێک بوو لە بەربژێرەکان دەڵێت ئەو پۆستە بە 30 ملیۆن دۆلار کڕدراوە، ئایا پەرلەمان هیچ لێژنەیەکی بەدواداچوون بۆ ئەو تۆمەتانە دروست دەکات؟**

**د.بەشیر حەداد:** یەکێک لە هەنگاوەکانی گەڕاندنەوەی شکۆی پەرلەمان ئەوەیە کە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری و دادگای فیدراڵی و دادگاکان بکەین، بۆ ئەوەی هەر کەسێک پەرلەمانتار بێ یان لە دەرەوەی پەرلەمان، ئەگەر قسەیەکی وەهای کرد یاخود ویستی ناوی کەسێک بزڕێنێ یان تۆمەتی بۆ هەڵبەستێ، ئێمە دەستبەجێ داوابکەین لە دادگا کە لێپێچینەوە لەم قسەیە بکات و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکا، ئەگەر قسەکەی بە بەڵگە سەلماند با یاسا رێوشوێنی خۆی بگرێتەبەر، ئەگەریش وانییە با بەگوێرەی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکرێ.

> پێکهێنانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان زۆر بە زەحمەت دەبینم

**رووداو: ئەو رێکارە دژی خالید عوبەیدی دەگرنەبەر؟**

**د.بەشیر حەداد:** بێگومان، چونکە ئەگەر وا نەکەین سبەی چاوپۆشی لە کەسانی دیکەش دەکرێ. ئەمەش دەبێتە شارێیەک بۆ ئەوەی پەرلەمان نەتوانێ کارەکانی خۆی راپەڕێنێت، خەڵکێک هەن دەیانەوێ شکۆی پەرلەمان بشکێنن و ناوی پەرلەمانتار بزڕێنن و وێنەیان لای خەڵک ناشرین بکەن. من نە بینیومە و نە ئاگام لە مەسەلەی فرۆشتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانە، هەرگیز باوەڕیش بەوە ناکەم، چونکە ئەو قسانەشی لەسەر من کرا راست بوو؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، رەنگە ئەوەش هەر قسەیەکی لەوجۆرە بێت. لەکاتی ئاوادا بۆ سڕینەوەی سیاسی تۆمەتی لەو جۆرە زۆر هەڵدەبەسترێت، بە داخەوە.

> ناهێڵم هیچ یاسایەکی دژ بە کوردستان تێپەڕێنرێ

راپۆرت
رووداو
ژمارە (522) - دووشەممە 2018/9/24



## بەغدادی جارێکی دیکە لە کوشتن رزگاری بوو

**رووداو- هەولێر**

لە چەند هەفتەی رابردوو هێرشەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بۆ سەر بنکەکانی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا چڕبوونەتەوە، بەڵام بە گوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (فرانس پرێس) ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی رێکخراوەکە، جارێکی دیکە بۆی دەرچووە. لێدوانی جیاواز سەبارەت بە شوێنی مانەوەی سەرکردەی داعشەوە هەیە، هەواڵگریی عێراق بە ئاژانسە فەرەنسییەکەی راگەیاندووە بەغدادی لە گوندەکانی رۆژهەڵاتی رووباری فوراتە، بەڵام هەندێک سەرچاوەی ئەمنی باس لە هاتوچۆی بەغدادی لە نێوان بەعاج لە باکووری رۆژئاوای عێراق و حاجین لە باشووری رۆژهەڵاتی سووریا دەکەن. بە گوێرەی سەرچاوە هەواڵگرییەکان بەغدادی بەردەوام چوار بۆ پێنج کەسی لەگەڵە.

### زۆرترینیان لە لیستەکەی پارتیدان

# 14 مەلا چاویان لەوەیە ببنە پەرلەمانتار

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

چاوەڕێ دەکرا لیستی ئیسلامییەکان پڕ بێ لە مەلا و بانگخواز، بەڵام ئەو لایەنەی زۆرترین مەلای بەربژێر کردووە بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستانە. بەگشتی لەنێو لیستی حیزب و هاوپەیمانییەکاندا 14 مەلا بەربژێرن.

لیستی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح کە 61 بەربژێری بۆ پەرلەمانی کوردستان هەیە، تەنیا یەک مەلای بەربژێر کردووە، ئەویش مامۆستا حوسێن گردەچاڵییە. ئەو مەلایە دەڵێت: "کار بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ مامۆستای ئاینی دەکەم" و دژی هەر پرۆژە یاسایەکیش دەوەستێتەوە کە دژی ئاینی ئیسلام بێ.

کۆمەڵی ئیسلامی 40 بەربژێری هەیە کە سێیان مەلان، مەلا عوسمان عەلی، بەربژێری کۆمەڵ دەڵێت: "مامۆستایانی ئایینی بەشێکی سەرەکین لە کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە ئاساییە بچنە نێو جومگەکانی حوکمڕانی و دەسەڵات".

ئەو لە ئێستاوە پرۆژەی هەیە بۆ باشترکردنی رەوشی مەلایان و دەڵێت: "چەندین مامۆستای ئاینی لە پێشنوێژی و وتارخوێنی دوورخراونەتەوە کە خۆم یەکێکم لەوانە، دادگایەکی ئیداری نەبووە بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانیان و لە دادگاکانی تاوان بڕیار لەسەر دۆسیەکانیان دراوە، بۆیە چەند پرۆژەیەکمان هەیە بۆ نەهێشتنی ئەو نادادگەرییە و لە پەرلەمان کاری لەسەر دەکەین".



وەزارەتی ئەوقاف هۆشداری داوەتە مامۆستا ئاینییە بەربژێرەکان کە مینبەری مزگەوت بۆ بانگەشە بەکارنەهێنن (فۆتۆ: رووداو)

### نۆ مەلا لە لیستی پارتیدا

لەچاو لیستەکانی دیکە، پارتی زۆرترین مەلای بەربژێر کردووە. مەلا نیاز راغب، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئیسلامیی کوردستان یەکێکە لە بەربژێرەکان کە دەڵێت "پارتی 9 مامۆستای ئاینی و کەسایەتی ئاینی بەربژێر کردوون، چواریان پێشنوێژ و وتارخوێنن، ئەوانی دیکە بەڕێوەبەری ئەوقافی شار و قەزاکانن و پۆستی ئیدارییان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف".

بە گوتەی مەلا نیاز، ئەوانە لەبەر دوو هۆکار بەربژێرن "یەکەمیان دووپاتکردنەوەی متمانەی پارتییە بۆ مەلا و کەسایەتییە ئاینییەکان، دووەمیشیان ئاراستەکردنی خەڵکی کوردستانە بەوەی کە پارتی نەک هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئاین نییە، بەڵکو خۆی بە خاوەنی پرسەکە دەزانێت".

سەبارەت بە بەرنامەی پارتی بۆ پرسە ئاینییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، مەلا نیاز راغب گوتی: "پرۆژەمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی بیری توندڕەوی و لامەزهەبی هەیە کە هێنراونەتە نێو هەرێمی کوردستان، هەروەها خوێندنی ئیسلامی، رێکخستنی سندووقی زەکات و باشترکردنی پرسەکانی پەیوەست بە ئەوقاف لەلایەنی ئیداری و ئەملاکەوە".

### "رووبەڕووی گۆڕانیش دەبمەوە"

مەلا یاسین حەکیم، پێشنوێژ و وتارخوێنە و ماستەری لە شەرع هەیە، بەربژێری لیستی گۆڕانە بۆ پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت لەپێناوی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام رووبەڕووی گۆڕانیش دەبێتەوە. مەلا یاسین گوتی: "لە هەرێمی کوردستان 25 ساڵە حەرام حەڵاڵ دەکەن و حەڵاڵ حەرام دەکەن، بڕینی مووچەی فەرمانبەرانیان حەڵاڵ کرد کە من بە هەموو هێزم لە پەرلەمان رووبەڕووی دەبمەوە، لە پەرلەمان ئەوەی خوا پێی خۆش بێت دەیکەم و ئەوەشی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت رووبەڕووی دەبمەوە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕانیش پێشنیازی بکات".

لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا چەند مەلایەک گەیشتنە پەرلەمان لەوانەش مەلا ئەنەس دۆسکی لە لیستی پارتی، مەلا عومەر کۆچەر و مەلا غەریب پێنجوێنی لە لیستی یەکگرتوو، هەروەها مەلا هەورامان گەچێنەیی لە لیستی کۆمەڵ.

ئەو مامۆستا ئاینیانەی بەربژێری لیستەکانن بۆ پەرلەمانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە ئاگادار کراونەتەوە کە نابێ مزگەوت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربێنن. بەڵام بەگوێرەی هەندێ گرتەی ڤیدیۆیی کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بڵاوکرانەوە، لە هەندێ مزگەوتەوە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ لیست و حیزبێکی دیاریکراو دەکرێ.

نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی گوت: "هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەیە کە هەر مامۆستایەکی ئاینی سەرپێچی رێنماییەکانی ئێمە و کۆمیسیۆن بکات و مینبەری مزگەوت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، لەلایەن کۆمیسیۆنەوە رێکاری یاسایی بەرامبەر بگیرێتەبەر".

گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف سەبارەت بەو بەربژێرانەش کە دەردەچن بۆ پەرلەمانی کوردستان گوتی: "هەر مامۆستایەکی ئاینی یان بەڕێوەبەرێکی ئەوقاف کە دەبێتە پەرلەمانتار، داوای بەخشین دەکات و میلاکەکەی دەگوازرێتەوە بۆ سەر پەرلەمانی کوردستان".

### جەلال پەرێشان، بەربژێری پارتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:

# کورسییەکی شکاو بهێنم بەسمە

جەلال پەرێشان بەربژێری پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت فڕی بەسەر سیاسەتەوە نییە و بە ئیشی خۆی نازانێ، بەڵێنیش دەدات ئەگەر دەربچێ مووچەی پەرلەمانتاری وەرنەگرێ، ئەو خانووەشی کە پەرلەمان دەیداتێ، بیداتە کەسوکاری ئەنفالکراوان.

**هەڤپەیڤین: شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: پارتی داوای لێکردی یان خۆت داوات کرد بەربژێر بی؟**

**جەلال پەرێشان:** خۆم داوام لە پارتی کردووە بەربژێرم بکەن، چونکە زۆر چین و توێژ پێویستیان بوو من بچمە پەرلەمان. خۆشم پێموابوو پەرلەمان لە زۆر بواردا پێویستی بە من هەیە.

> فڕم بەسەر سیاسەتەوە نییە

**رووداو: گۆرانیبێژ، وەرزشوان، قورئانخوێن، بانگبێژ، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا و زۆر کاری دیکەشت کردووە، دەڵێن گوتووتە با پەرلەمانیش تاقی بکەمەوە، راستە؟**

**جەلال پەرێشان:** هەموو ئەو ئیشانەم کردووە، بەڵام نەمگوتووە با پەرلەمانیش تاقی بکەمەوە، چونکە پەرلەمان شوێنی یاسادانانە و گەورەترین دەسەڵاتی وڵاتە، بۆیە لەلام پیرۆزە.

**رووداو: تۆ گوتت بانگەشە ناکەم، بەڵام پۆستەری تۆ لەسەر شەقامەکان دەبینین؟**

**جەلال پەرێشان:** سوێند بەخوا یەک سەنتم بە پۆستەر نەداوە، یەک وێنە و پۆستەری خۆمم چاپ نەکردووە و هەڵمنەواسیوە، خەڵکێکی دڵسۆز کە ناشیناسم چاپیان کردووە و هەڵیانواسیوە.

**رووداو: مووچە و ئیمتیازاتی پەرلەمانتاری وەردەگری؟**

> بمە پەرلەمانتار خانووەکەم دەدەمە نەوەیەکی ئەنفال

**جەلال پەرێشان:** یەک سەنتی پەرلەمان لە من حەرام بێت، هیچ ئیمتیازاتێکیش وەرناگرم، بەڵام خانووەکە فەرمییە و دەڵێن دەبێت بدرێت، بۆیە ئەویش دەدەم بە نەوەیەکی ئەنفال.

**رووداو: ئەی پاسەوانت دەبێت؟**

**جەلال پەرێشان:** خۆم پاسەوانی خەڵکم و خواش پارێزگاریم لێدەکات، بۆیە پاسەوانیش رەتدەکەمەوە؟

**رووداو: ئەگەر خولی پەرلەمان تەواو بوو، پارەی خانەنشینی وەردەگری؟**

**جەلال پەرێشان:** ئەویشم ناوێت، داوا لە هەر 111 پەرلەمانتارەکەی خولی پێنجەم دەکەم با هەموومان مەرد و جوامێر بین، جارێک خۆمان نەوێت و خەڵکمان بوێت، جارێک خۆمان بە خزمەتکاری میللەت بزانین و مووچە، ئیمتیازات و خانەنشینی پەرلەمانمان نەوێت.

**رووداو: ئەگەر بووی بە پەرلەمانتار یەکەم کارت چی دەبێت؟**

**جەلال پەرێشان:** شەرکردن لەسەر کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران و نەهێشتنی مووچەی پلە باڵاکان، گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە بۆ خەزێنەی حکومەت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بە یەکسانی مووچەی ئاسایی وەربگرێت.

> پاسەوان و پارەی خانەنشینیم ناوێ

> یەک سەنتم بە چاپکردنی پۆستەر نەداوە

**رووداو: تۆ هیچ لە سیاسەت دەزانی؟**

**جەلال پەرێشان:** نەوەڵڵا فڕ لە سیاسەت تێناگەم، هەر نازانم ئەلف و بێی سیاسەت چییە و ئیشی من نییە، من لە پەرلەمان تەنیا خزمەت دەکەم نەک سیاسەت.

**رووداو: کە بووی بە پەرلەمانتار، دەستبەرداری وەرزش و هونەر دەبی؟**

**جەلال پەرێشان:** زیاتر لە ئێستا کۆمێنتاریی یارییەکان دەکەم، لە گۆرانیش بەردەوام دەبم، هونەر و وەرزش لەگەڵ خوێنم تێکەڵن، واز لە ماڵی دایکم بهێنم واز لەو دوو شتە ناهێنم.

**رووداو: کە بوویتە پەرلەمانتار پرۆژەت بۆ وەرزش و هونەر هەیە؟**

**جەلال پەرێشان:** بۆ هونەر پرۆژەیەکی گەورەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان هەیە کە بەداخەوە لە خولی رابردوو کاری لەسەر نەکرا، من کاری لەسەر دەکەم. بۆ وەرزشیش بیرم لەوە کردووەتە یاسایەکی تایبەت بە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان دەربکەین و بکرێت بە لیژنەیەکی کارا لەسەر ئاستی وڵاتان. هەروەها کار لەسەر پرۆژەی وەبەرهێنانی وەرزشی لە کوردستان دەکەم کە ئێستا زۆر هەژارە، ئەگەر وەبەرهێنانی وەرزشی بکرێتە پرۆژە و لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، وەرزشی کوردستان لەسەر پێی خۆی دەوەستێت، پێویستی بە کەس نابێت.

**رووداو: حەز دەکەی لە کام لیژنەی پەرلەمان کار بکەی؟**

**جەلال پەرێشان:** من کامل و شاملم، داکۆکیکاری پێشمەرگە، ئاسایش و پۆلیسم، بەڵام لەبەرئەوەی هونەر و وەرزش لە خۆمەوە نزیکن، دەمەوێت لەو لیژنانە بم.

**رووداو: پێشبینی دەکەی بەشی چەند کورسی دەنگ بهێنی؟**

**جەلال پەرێشان:** من یەک کورسیم بەسە، ئەگەر پێچکێکیشی شکابێت و بزماریشی کەم بێت بەسمە، بە بڕیاریش بچمە پەرلەمان هەر زۆر ئاساییە.



# کۆمپانیاکانی رێکلام رێنمایی بەربژێرەکانی هەڵبژاردن دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو — هەولێر**

هەندێک لە بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە شێوازێکی مۆدێرن بانگەشە دەکەن، ئەویش بە پەنابردن بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە خزمەتگوزاریی راوێژ و رێکلام پێشکەش دەکەن، بەڵام خاوەن کۆمپانیاکان دەڵێن ناتوانن گەرەنتی دەرچوون بە بەربژێرەکان بدەن.

بڵند نەورەس، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بڵند سۆشیاڵمیدیا مەنیجمێنت دەڵێت، ئەوان رێنمایی ئەکادیمی دەدەنە لیست و بەربژێرەکان، ئەویش بە روونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا بۆ بانگەشە، هەروەها راوێژ دەدەنە بەربژێرەکان کە چۆن قسە بکەن لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و سەردانەکانیاندا، هەروەها شێوازی قسەکردنیان لە میدیا و ئەو تەوەرەی قسەی لەسەر دەکەن، ریسێرچیان بۆ دەکەن و بە زانیاری دەوڵەمەندی دەکەن تاوەکو بتوانێت وەڵامی گونجاو بداتەوە و پەیامەکانی بگەیەنێت. ئەوان تەنانەت لەڕووی هەڵسوکەوت و جلوبەرگیشەوە رێنمایی بەربژێرەکان دەکەن.

> 20 بەربژێر بۆ راوێژ و رێکلام سەردانیان کردووین
>
> بڵند نەورەس

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کاندیدانەی لەگەڵ کۆمپانیاکەی ئەوان گرێبەستیان کردووە، بڵند نەورەس دەڵێت: "ناتوانم بڵێم گرێبەستمان لەگەڵ چەند کاندید هەیە، بەڵام نزیکەی 20 کاندید هاتوونەتە لای ئێمە تاوەکو گرێبەستیان لەگەڵ بکەین، یەکێکیان سەرۆک لیستە و گرێبەستمان لەگەڵی کردووە، زۆربەشیان لە لیستی پارتین".

بەڵام کۆمپانیای کلیک عێراق کە ساڵی 2015 دامەزراوە، بەشێوازێکی دیکە کەمپینی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەن، ئامانج عەلی کە خاوەنی کۆمپانیاکەیە، دەڵێت: "ئێمە لە هەر هەڵبژاردنێک کەمپین تەنیا بۆ یەک لیست یان کاندیدێک دەکەین، بۆ ئەوەی فۆکەس و بیرکردنەوەمان تەنیا لەسەر ئەو پرۆژەیە بێت، راستە کەمپینەکە تەنیا بۆ یەک لیست یان بەربژێرێکە، بەڵام پارەی 20 کەسی لێوەردەگرین".

لەبارەی گەرەنتی بۆ ئەو لیست و کاندیدانەی کەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردنیان بۆ دەکەن، ئامانج عەلی دەڵێت: "ئێمە لەبری چەندێتی، بیر لە کواڵیتی ئیشەکە دەکەینەوە، ئەگەر من ستراتیژی کەمپینی لیست یان بەربژێرێک دابنێم و راوێژکارییەکەشی بۆ بکەم و لە رێنماییەکانی من لانەدات، دەتوانم بڵێم ئەنجامەکەی باش دەبێت و دەردەچێ".

ئەو کۆمپانیایە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا لە بەغدا کەمپینی بۆ حیزبێکی تازەی عێراقی بەڕێوە بردووە، ئامانج دەڵێت: "لەبەرئەوەی تەنیا کارمان بۆ ئەم حیزبە دەکرد، خۆشبەختانە ئەنجامێکی زۆر باشی هەبوو، توانیمان سەری بخەین، لەم هەڵبژاردنەش تەنیا لەسەر یەک پرۆژە کاردەکەین، ئەویش کاندیدێکی گەورەیە".

ئامانج عەلی رەخنە لەو لیستانە دەگرێ کە کۆمپانیایان لە دەرەوە هێناوە بۆ بانگەشە و دەڵێت "ئەمە گەورەترین هەڵەیە، چونکە ئێمە دەزانین کەڵچەری کۆمەڵگەکەی خۆمان چۆنە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین نەک کەسێکی بیانی، ئەوەی ئەوان کردوویانە ئەنجامی ئۆنلاینەکەیان سفر بووە".

ئامانج عەلی تێبینی کردووە کە حیزبەکان زۆر ناهۆشیارن لە بواری ئۆنلاین بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن "ئیشکردن لەسەر ئۆنلاین کاریگەریی زیاترە وەک لە ئۆفلاین و پۆستەر هەڵواسین، بەڵام بەداخەوە حیزب و کاندیدەکان چ شتێک زۆرترین پارەی تێدا خەرج بکرێت ئەوە دەکەن، لە کاتێکدا دەتوانن بە 40%ی ئەو پارەیەی خەرجیان کردووە، لەڕێگەی ئۆنلاینەوە کەمپینێکی سەرکەوتوو بەڕێوەببەن".

> ئەگەر بەربژێر بە گوێرەی رێنماییەکانمان بجوڵێتەوە دەردەچێ
>
> ئامانج عەلی

بەسۆز بەکر، بەربژێری یەکێتییە بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی گرنگیی راهێنانی کۆمپانیاکان بۆ لیست و کاندیدەکان بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر کاندیدەکە خۆی توانای گۆڕانکاری نەبێت ناتوانێت سوود لەو راهێنانەی کۆمپانیاکان وەربگرێت، بۆیە ئەو کارەی کۆمپانیاکان بۆ کەسانێکە کە توانای گۆڕانکارییان لەناو خۆیاندا هەیە".

ئەو کاندیدەی یەکێتی پێشتر لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بەشداری راهێنانی کردووە، بەسۆز بەکر دەڵێت: "پێگەیاندنی کادیر پێویستە، من پێشتر لە کوردستان و لە ئوردنیش بەشداریم لە خولێکی راهێنان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و شێوازی قسەکردن لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان کردووە، سوودێکی زۆرم لەوە وەرگرت، زۆر شت هەیە کاندید نایزانێت یان هەستی پێناکات و دەبێتە هۆی بریندارکردنی بەرامبەرەکەی، بۆیە پێم باشە هەموو کاندیدەکان خولی دەروونزانی و خوێندنەوەی بەرامبەر ببینن".

## رەنج عەلائەدین، لێکۆڵەری پەیمانگەی برۆکینگزی ئەمریکی:

# شەڕی داهاتووی عێراق لەناو ماڵی شیعەدا دەبێ

رووداو- هەولێر

کەمتر لە ساڵێک دوای تێکشکانی داعش لە عێراق و مانگێک دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، خۆپیشاندانی گەورە ناوچە زۆرینە شیعەکانی باشووری عێراقی گرتەوە. لێکۆڵەرێکی کورد لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دۆخی عێراق لە شەڕی 15 ساڵەی نێوان سوننە و شیعەوە بەرەو شەڕی شیعە و شیعە دەچێ.

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە کانوونی یەکەمی 2017 سەرکەوتن بەسەر داعشی ڕاگەیاند، بەڵام رەنج عەلائەدین، لێکۆڵەری کورد لە پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی، پێیوایە زۆر زوو بوو بۆ ئەو ڕاگەیاندنە. ئەمەش نەک هەر لەبەرئەوەی داعش زۆر زیرەکانە دەتوانێ خۆی بۆ بزووتنەوەیەکی تیرۆریستیی پارتیزانی بگۆڕێ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە "نوخبەی سیاسیی عێراق نەیانتوانیوە ئەو هەلومەرجانە چارەسەر بکات کە هەر لەسەرەتاوە وایانکرد داعش سەرهەڵبدات".

عێراقی پاش هەڵبژاردنەکان بە عێراقی پاش داعش و پاش شەڕی نێوخۆ لەقەڵەم دەدرا، بەڵام ئەو لێکۆڵەرەی پەیمانگای بروکینگز پێیوایە دۆخی ئەو وڵاتە لە مانگی ئایارەوە خراپتر بووە، نەک باشتر، تەقینەوەی دۆخەکەش دوای ئەوە هات کە عەبادی "کۆمەڵێک دەستپێشخەریی سیمبۆلیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کرد، کە نەیتوانی عێراقییەکان قایل بکات". هەر بۆیەش لەدوای هەڵبژاردنەکان خۆپیشاندان لە شارەکانی باشووری عێراق دەستیانپێکرد. لەوانەش بەسرە کە سەرچاوەی 80%ی نەوتی هەناردەکراوی عێراقە و مانگانە زیاتر لە حەوت ملیار دۆلار دەخاتە نێو خەزێنەی حکومەتەوە.

رەنج عەلائەددین دەڵێت: "عێراق هەموو تایبەتمەندی و توخمەکانی وڵاتێکی تێدایە کە لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی شەڕدان، واتە لەبری ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە، دەشێ خۆی لەناو شەڕێکی نێوخۆیی دیکەدا ببینێتەوە". بەڵام عێراق تەنیا بەدەست ناکۆکی و جەمسەربەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ناناڵێنێ، بەڵکو بەدەست کەڵەکەبوونی بەردەوامی چەک و ڕێکخراوە سەربازییەکان و غیابی دامەزراوەی کارامەشەوە دەناڵێنێ. جیا لەمەش، زۆر ناوچە هەن کە حکومەت "دەسەڵات و کۆنترۆڵ"ی بەسەریانەوە نییە. لەوانەش ناوچە شیعەنشینەکانی باشوور "کە تێیاندا دەسەڵات بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێوان پارتەکان، میلیشیاکان، هۆزەکان و کەسایەتییە ئایینییەکاندا دابەشکراوە".

> سوننە شەڕی شیعە و شیعەیان ڕاگرتبوو

### ململانێی نێو ماڵی شیعە

لە ساڵی 2003وە شەڕە گەورە نێوخۆییەکانی عێراق لەنێوان هەردوو کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەی ئەو وڵاتەدا بووە، بەڵام رەنج ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆرترین ئەگەر ئەوەیە "لە قۆناغی داهاتوودا شەڕ و پێکدادان لەنێوان کوتلەکانی شیعەدا بێ، کە لە حکومەتدا باڵادەستن، بەهێزن، سەرچاوەی زۆریان لەبەردەستە و شەڕکەرن".

هەرچەندە تاوەکو ئێستاش ئەو بۆشاییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە ماوە کە کاتی خۆی داعش پڕیکردەوە، ناڕەزایەتیی عەرەبە سوننەکان لە حکومەتی عێراق بەردەوامە، بەڵام لێکۆڵەرە کوردەکە بەدووری دەزانێ عەرەبە سوننەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە جموجۆڵی چەکداری بکەنەوە، چونکە چەندەها شەڕ لەگەڵ "دوژمنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان" بریندار و شەکەتی کردوون، بە پێچەوانەوە ئەگەری هەیە "شەڕی داهاتووی عێراق شەڕی نێوخۆی نێوان ڕکابەرە شیعە ئیسلامییەکان بێ".

لەکاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەو گرووپە شیعانە لە دامەزراوە هەرە باڵاکانی حکومەت و هێزە ئەمنییەکاندا دەسەڵاتدار بوون، هەر کامیشیان میلیشیایەکی پێکهێناوە کە لە ڕێگەیەوە سەرچاوە دارایی و سەربازییەکانی حکومەت بۆ خۆیان دەبەن و بەرگریش لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن.


زۆرترین ئەگەر ئەوەیە لە قۆناغی داهاتوودا شەڕ و پێکدادان لەنێوان کوتلەکانی شیعەدا بێ، کە لە حکومەتدا باڵادەستن (فۆتۆ: AFP)

عەلائەدین کە خاوەنی چەندین ڕاپۆرتە لەسەر میلیشیا شیعەکانی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو هێزە میلیشیاییەکان پێکەوە لە هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتی عێراق بەهێزترن، کە لە 2014 بەرگەی هێرشەکانی داعشیان نەگرت.

> تەنیا سیستانی دەتوانێ ڕێ لە شەڕی شیعە و شیعە بگرێ

ئەو ئەوەش دەخاتەڕوو کە مێژووی ململانێی نێوان گرووپە شیعەکان بۆ پێش 2003 دەگەڕێتەوە، لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی پێشووشەوە شەڕی نێوان گرووپە چەکدارییە شیعەکان بە نێوبژیوانی بەهێزی نێوخۆیی (مەرجەعیەت) یان دەرەوە (ئێران) وەستێنراوە، ئەوەشی کە لە 15 ساڵی ڕابردوودا ڕێگەی لە شەڕێکی هەمەلایەنەی نێوان شیعەکان گرتووە ئەوە بووە کە شیعەکان بە شەڕی عەرەبە سوننەکانەوە سەرقاڵ بوون، بەڵام ئێستا گرووپە سوننەکان ئەو مەترسییە گەورەیەیان لەسەر کۆمەڵگەی شیعە نەماوە.

عێراقییەکان دەبووایە چوار مانگ چاوەڕێ بکەن تاوەکو یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نوێی وڵاتەکەیان ببینن. هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتیش هاوتەریب لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق بەردەوام بوون. ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی هێزە سیاسییە شیعەکان چیدی ناتوانن بەو ئاسانییەی جاران دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و "بەڵێنی بۆش" بە خەڵک بدەن. بە بۆچوونی رەنج

> ئەگەر سوپا و حەشد بەشەڕ بێن، سوپا دۆڕاوی شەڕەکە دەبێ

عەلائەدین مەترسی گەورە ئەوەیە "یەکێک لە هێزە شیعەکان خەزێنەکانی حکومەت بکاتە چەک و پرۆسەی چاکسازی بقۆزێتەوە و ململانێ سیاسییەکان بکات بە هەڕەشەیەک لەسەر مانەوەی ئەو گرووپانەی پەیوەندییان بەو پرسانەوە هەیە".

هێرشەکانی داعش و شکانی سوپای عێراق لە 2014، دروستبوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لێکەوتەوە، کە گومان دەکرێ نزیک 100 هەزار چەکداری ئامادە و یەدەکیان هەبێ. لە مانگی ئاداری ئەمساڵ، حەیدەر عەبادی فەرمانێکی بۆ جێکردنەوەی هێزەکانی حەشد لەناو هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا دەرکرد، بەڵام نووسەری وتارەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هێزەکانی حەشد لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک میلیشیای ئۆتۆنۆمی سەر بە ئێران دان، کە وەڵامی حکومەت نادەنەوە و مێژوویەکی خوێناویی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حکومەتیان هەیە".

> چیدی سوننەکان هەڕەشە نین لەسەر کۆمەڵگەی شیعە

بەگوێرەی وتارەکە هێزەکانی حەشدی شەعبی هۆشدارییان بە سوپای عێراق داوە کە خۆی لە چەندبەرەکیی سیاسیی عێراق وەرنەدات. لێکۆڵەرە کوردەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەگەر شەڕی سوپا و حەشدی شەعبی ڕوویدات، ئەوە سوپا دۆڕاوی شەڕەکە دەبێ، چونکە میلیشیا شیعەکان "ئێستا لەژێر یەک ناونیشان یەکیانگرتووە و چیدیکە ئەو کۆمەڵە گرووپە پەرش و بڵاوەی دەیەیەک لەمەوبەر نین، بەڵکو حەشدی شەعبی خۆی بۆ کۆمەڵێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کارامە، متمانەپێکراو و شەڕکەر گۆڕیوە".

رەنج عەلائەدین پێیوایە یەکێک لەو بژاردانەی بۆ زەمانکردنی ئاشتی بەدەست هێزە شیعەکانەوە ماوە ئەوەیە ئایەتوڵڵا سیستانی دەستتێوەردانی زیاتری هەبێ. ئایەتوڵڵا سیستانی زۆر بەنابەدڵی خۆی لە سیاسەت هەڵدەقورتێنێ، "هەرکاتێکیش دەستی لە دۆخەکە وەردابێ، دەستتێوەردانەکەی ڕەنگدانەوەی گەورەیی قەیرانەکە بووە، لەکاتێکدا کەم سەرکردەی سیاسیی عێراق هەیە بەرەنگاری کەسایەتییە ئایینییەکانی عێراق بووبێتەوە".

## قوربانییە لەبیرکراوەکانی شەڕی سێ ساڵەی داعش

# داعش 20 هەزار منداڵی بێسەرپەرشتی لە دوای خۆی جێهێشتووە


بینای منداڵانی بێسەرپەرشت لە مووسڵ لە سەردەمی داعشدا شوێنی مەشقی سەربازی و ئاینیی منداڵان بووە (فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

محەممەد تەمەنی هەشت ساڵ بوو کاتێک چەکدارانی داعش بە بەرچاوی خۆیەوە باوکیان لە ماڵەوە هێنایە دەرەوە و لەسەر شەقامێکی مووسڵ کوشتیان، ماوەیەک دواتر دایکیشیان برد. محەممەد یەکێکە لەو دەیان هەزار منداڵە عێراقییەی کە دایک و باوکیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، یان لە شەڕی دژی داعشدا کوژراون.

دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە ڕەشەدا تێپەڕیوە، محەممەد دیمەنەکانی وەکو خۆی لەبیرە و بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەگێڕێتەوە.

دوای لەدەستدانی باوک و دایکیان، محەممەد و دوو برا و خوشکی لە خۆی بچووکتر ڕەوانەی کەمپێکی ئاوارەکان کران. پاش ماوەیەک لە بەهاری ئەمساڵدا لە خانەیەکی منداڵانی بێسەرپەرشت لە مووسڵ گیرسانەوە.

هێرشەکانی 2014ی داعش و دواتر شەڕی سێ ساڵەی دژی ئەو ڕێکخراوە بەشی زۆری ناوەڕاستی عێراقیان وێران کردووە، بە جۆرێک حکومەت ئەستەمە بتوانێ خەم لەو منداڵە بێسەرپەرشتانە بخوات کە دایک و باوکیان لەو سێ ساڵەدا لەدەستداوە. ئەمەل عەبدوڵڵا، جێگری بەڕێوەبەری ئەو خانەیە لە مووسڵ دەڵێ: "لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەموومان مەینەتیی زۆرمان چەشتووە و کەسوکارمان لەدەستداوە، بەڵام هیچمان هێندەی ئەو منداڵانە مەینەتیمان نەبینیوە".

هیچ ئامارێکی فەرمی نییە لەبارەی ژمارەی وردی ئەو منداڵانەی بەهۆی دەسەڵاتی داعش، یان شەڕی دژی ئەو گروپە کەسوکاری خۆیان لەدەستداوە، بەڵام سەکینە عەلی یونس، سەرۆکی لیژنەی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە باس لە 13 هەزار منداڵی بێسەرپەرشت لە شاری مووسڵ دەکات. لە ماوەی شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵدا، سەکینە تاکە ئافرەت بوو کە ماڵ بە ماڵ بە دوای منداڵە جێماوەکاندا دەگەڕا و دەیان لەو منداڵانەی هێنابووەوە ماڵەکەی خۆی.

فەرمانبەر و ڕاوێژکارە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەزاران منداڵی دیکەش لە شارۆچکە و پارێزگاکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داعشدا بێ سەرپەرشت ماونەتەوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەلایەنی کەمەوە 20 هەزار منداڵی لەوجۆرە لەو ناوچانە هەن کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون. ژمارەکە ئەو منداڵانەش لەخۆدەگرێ کە تەنیا یەکێک لە سەرپەرشتەکانی خێزانەکەیان لەدەستداوە.

زۆربەی ئەو منداڵانە لای خزم و کەسەکانی دیکەیان دەمێننەوە کە ئەوان خۆشیان بەدەست کەمیی خزمەتگوزاری و هەژاری و نەبوونییەوە دەناڵێنن، ئەوانەش کە هیچ کەس ئامادە نەبووە وەخۆیان بگرێ، ڕەوانەی ئەو خانەیەی مووسڵ کراون کە باڵەخانەکەی لە سەردەمی داعشدا شوێنی مەشقی سەربازی و ئاینیی منداڵان بووە.

غەزوان محەممەد، بەڕێوەبەری ئەو خانەیە لەگەڵ حەوت چالاکڤان و فەرمانبەری کۆمەڵایەتی لە بەهاری ئەمساڵدا شوێنەکەیان کردەوە، بۆ ئەوەی جێی حەوانەوە بۆ 50 منداڵی بێسەرپەرشت دابین بکەن. ئەوان چەندین مانگ بێ هیچ بودجەیەکی حکومی هەوڵی چاککردنەوە و ڕەنگکردنی باڵەخانەکەیان دا، بۆ کڕینی بوکەڵە و یاریی منداڵانیش دەستەوداوێنی بازرگانەکانی شار بوون. حکومەتی عێراق لە مانگی حوزەیرانەوە قایل بوو بەوەی بودجە بۆ بنکەکە تەرخان بکات.

خانەکە منداڵانی وەکو محەممەد و ئەو منداڵانەش لەخۆدەگرێ کە لە دایک یان باوکێکی داعش لەدایک بوون، هەروەها 17 منداڵی ساواشی تێدایە کە دایکیان ئامادە نەبووە وەخۆیان بگرێ لەبەر ئەوەی لە باوکێکی داعشەوە هاتوونەتە دونیا.

### نوور.. شازادەیەکی سووتاو و شەرمن

نوور جاران حەزی لە یاری پرنسس (شازادەی کچ) بوو، بەڵام لە تەمووزی ساڵی ڕابردووەوە چیدی دڵی بەو یارییە خۆش نییە، دوای ئەوەی 19 کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی و کەسوکارەکانی لە تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە کۆنەشاری مووسڵ کوژران. ئەوکات کەسوکاری نوور لە ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی داعش رایاندەکرد، بەو هیوایەی لە دەوروبەری بەرەکانی سوپای عێراق پەناگەیەکیان دەستبکەوێ، بەڵام خۆکوژێکی داعش خۆی پێیاندا تەقاندەوە و کۆتایی بەو هیوایەیان هێنا.

کچە تەمەن 10 ساڵانەکە تەنیا ئەوەندەی لەبیرە کە لەناکاو پێیەکانی بە زەوییەوە نەمان. لەو هێرشەدا خوشکە بچووکەکەی، شەش ئامۆزا و خاڵۆزا، شەش پوور و خاڵ و نەنکی کوژران. پوور و خوشکێکی نوور لەو هێرشەدا ڕزگاریان بوو، هەر ئەوانیش دواتر نووریان لە بنکەیەکی تەندروستیی ئەمریکییەکان دۆزییەوە و هێنایانە ماڵی پووری.

خێزانە نوێیەکەی نوور هیچ ڕێگەیەک شک نابەن بۆ ئەوەی برینە پڕژانەکانی سەر دەست و دەموچاو و باسکی دەرمان بکەن. پلەی سووتانی نوور لە هەندێک شوێنی لەشی گەیشتووەتە پلەی سێ، واتە هەتا ماسوولکەکانی چووە.

بەهاری ئەمساڵ پووری نوور بڕیاری دا ڕەوانەی قوتابخانەی بکات، بەڵکو هەندێک لەو گۆشەگیری و خەمۆکییەی دەربچێ، بەڵام نوور تەنیا هەفتەیەک بەرگەی کەشی ناو قوتابخانەکەی گرت، چونکە مامۆستاکان و هاوپۆلەکانی گاڵتەیان بە ڕوخسار و ڕواڵەتی کردبوو. پووری لە پەیامنێری (نیویۆرک تایمز) دەپرسێ: "قەت شتی لەوە بێڕەحمانەترت بینیوە؟".

ئێستا نوور زیاتر یاری بە بووکەڵەی میکی ماوس دەکات و پێیوایە بۆ ئەو، ئەم جۆرە بووکەڵەیە شیاوترە لەوەی پوورزاکانی یاری پێدەکەن و دەڵێ: "ئیدی سەختە وەکو جاران تەمسیلی ئەو بووکەڵانە بکەم، چونکە من وەک ئەوان جوان نیم".



## دوو خاڵی گومرگی لە کەرکووک دادەنرێن

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق دوو خاڵی گومرگی لەسەر ڕێگەکانی هەولێر- کەرکووک و کەرکووک- سلێمانی دانا و هەفتەی داهاتوو دەست بە وەرگرتنی باج دەکات.

لیوا شاکر جەواد، نوێنەری حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند "بەشێکی داهاتی گومرگەکان بۆ کەرکووک، بەشێکیشی بۆ حکومەتی عێراق دەبێت." بەڵام ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت :"ئەو گومرگانە نایاسایین و بۆ ئامانجی سیاسی دروستکراون." گومرگەکان لەسەر داوای ڕاکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک دانراون و لەلایەن پۆلیسی فیدراڵییەوە سەرپەرشتیدەکرێن، لەگەڵ دەستبەکاربوونیشیاندا گومرگەکانی نێوان کەرکووک- بەغدا هەڵدەگیرێن.

### بەهۆی گوشاری عێراق و ئێران

# کارگەکانی پلاستیک لە کوردستان بەرەوڕووی شکست دەبنەوە



561 کارگەی بەرهەمی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان هەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

عێراق گومرگی خستووەتە سەر بەرهەمەکانیان، ئێران ناهێڵێ کەرەستەی خاویان پێ بگات و بەرهەمی پلاستیکی خۆیشی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمانە وای لە خاوەن کارگەکانی پلاستیک کردووە کە چیدی بەهیوای قازانج نەبن.

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر بەرهەمەکانی پلاستیک هەبوو، لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی بەرچاوی کارگەی بەرهەمی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان دامەزران، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی هاتنی کاڵا پلاستیکیەکان لە ئێران و تورکیاوە، تەنانەت بەرهەمی پلاستیک لە کوردستانەوە هەناردەی عێراق و سووریا و لوبنان و میسر دەکرا.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی،561 کارگەی بەرهەمی پلاستیک (526 ی بچووک، 31 ی مامناوەند و چواری گەورە) لە هەرێمی کوردستان هەن کە 73%ی ئەو کارگانە لە سنووری پارێزگای هەولێرن.

پێش قەیرانی دارایی و شەڕی داعش زۆربەی کارگەکان کاریان دەکرد، بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی قەیرانی دارایی و ساخنەبوونەوەی بەرهەمەکانیان نزیکەی 60%یان داخران، ئەو کارگانەشی لە مەیدانەکە مانەوە، زۆربەیان بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق و دەرەوەی وڵات دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی عێراق گومرگی خستە سەر بەرهەمی پلاستیک، ژمارەیەکی دیکە لەو کارگانە داخران.

تەیب کەژۆ عەلی، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای 16ی ئۆکتۆبەر، حکومەتی عێراق لە بەرامبەر هەناردەکردنی کاڵای کارگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق بەبیانووی ئەوەی تۆمارکراو نین، گومرگ وەردەگرێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فرۆش و بەرهەمی کارگەکانی پلاستیک بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێ".



بەهۆی نەبوونی کارگەی پەترۆکیمیاوی لە کوردستان، بەشێک لە کارگەکان پشت بە مادەی خاوی ئێرانی دەبەستن کە نرخەکەی هەرزانترە لە مادەی خاوی سعودی و ئەمەریکی، بەڵام ماوەیەکە ئێران ڕێگە بەهەناردەکردنی ئەم مادە خاوانە بۆ دەرەوە نادات، بۆیە تێچووی کارگەکان زیاتر بووە و ناتوانن وەک پێشتر بە نرخی هەرزان کاڵا بفرۆشن، جگە لەوەش بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن، هاوردەی بەرهەمی پلاستیکی کارگەکانی ئێران بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر بووە. ئێستا ناتوانن لە نرخدا کێبڕکێی کاڵای ئێرانی بکەن، بۆیە فرۆشیان کەمی کردووە.

کارگەکانی بەرهەمی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی خواست و پێویستی بازاڕ چەندین شێوە بەرهەم دەخەنە بازاڕ لەوانە کورسی، مێز ، تەپڵەک، حاویەی زبڵ، کاڵای پلاستیکیی نێوماڵ، سفرەی سەفەری، نایلۆن و چەندین بەرهەمی دیکە.

تەیب کەژۆ عەلی، دەڵێت: "بەهۆی بەرزیی کوالیتی و هەرزانیی نرخ بە بەراورد بە کاڵای تورکی و ئێرانی، پێشتر 70%ی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرا، ئەوەی دیکە بەشێکی لە هەرێمی کوردستان ساغ دەکرایەوە و بەشێکیشی هەناردەی شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکرا. هەندێ کارگە ماوەیەک کورسی و مێز و حاویەی زبڵیان هەناردەی لوبنان و میسر و سوودان و تورکیا دەکرد، بەڵام ئێستا بەهۆی وەرگرتنی گومرگ لەلایەن بازگەکانی عێراق و زیادکردنی ڕەسم و باج، ناتوانن بەرهەمەکانیان بەو نرخەی جاران هەناردەی شارەکانی عێراق و دەرەوە بکەن".

کارگەی دایم پلاستیک لە شاری هەولێر، وزی بەرهەمهێنانی مانگانەی 500 تۆنە، پێشتر زیاتر لە 100 جۆر کاڵای وەک کورسی، مێز و حاویە و کاڵای دیکەی پلاستیکیی دەخستە بازاڕەوە.

نەهرۆ عەبدولڕەحمان، خاوەنی کارگەی دایم پلاستیک، دەڵێت: "پێشتر ماددەی خاومان لە ئێران و سعودیە هاوردە دەکرد، هەمیشە ماددەی خاوی ئێرانی نرخی لەوەی سعودی کەمتر بوو، ئێستا ئێران ڕێگە بەهەناردەکردنی ماددەی خاو نادات، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن کاڵا دروستکراوەکانی ئێران بەنرخی کەمتر لە نرخی ماددەی خاو دەگەنە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ، ئەمەش کاریگەری لەسەر فرۆشی ئێمە هەبووە".

بۆ فرۆشتنی 80%ی کاڵاکانی، کارگەکەی نەهرۆ پشتی بەشارەکانی عێراق دەبەست، بەڵام نەهرۆ دەڵێت "بەهۆی وەرگرتنی گومرگ لەلایەن عێراقەوە، ئێستا ناتوانین بە نرخی پێشتر کاڵاکانمان هەناردەی شارەکانی عێراق بکەین، بۆیە فرۆشمان 50% کەمی کردووە".

نەهرۆ پێیوایە حکومەتی عێراق بە بەرنامە کار بۆ شکستپێهێنانی کارگەکانی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان دەکات "بۆ نموونە بۆ بارێک کاڵای پلاستیکیی ئێمە 1.5 ملیۆن دینار وەردەگرێ، بەڵام بۆ هەمان بار کە لە ئێرانەوە هاوردە بکرێت 850 هەزار دینار وەردەگرێ".

ئێستا نەهرۆ دەیەوێ کاڵایەک بەرهەم بهێنێ کە لە ئێران نەبێ. ئەو دەڵێت: "ئێمە یەکەم کارگە بووین لە کوردستان کە کورسی و مێزمان بۆ تورکیا و ئازەربایجان هەناردە کرد، بەڵام کاتێک تورکیا هەستی کرد کاڵای ئێمە خواستی لەسەرە، 26% گومرگی لەسەر دانا. ماوەیەک حاویەی زبڵ و کورسیمان بۆ لوبنان و سعودیە نارد، بەڵام کارگەیەک لە ئوردن دامەزرا و بە سوودوەرگرتن لە بڕیارێک کە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی باج وەرناگیرێت، توانی بازاڕی سعودیە و لوبنان بۆ خۆی قۆرخ بکات، ئێستا تەنیا بۆ سوریا هەناردەی دەکەین، بازاڕی ئەوێش زۆر باش نییە".



ئێستا باری 100 تریلە بەرهەمی پلاستیکی لە کۆگاکانی کارگەی قالبسان کەوتووە. لوقمان کەمال کە خاوەنی کارگەکەیە، دەڵێت: "دەمانەوێ لە ڕێگەی ئوردنەوە هەناردەی میسر و سوودان و لوبنان و کوێتی بکەین".

کەمال پێشتر مانگانە 100 بار پلاستیکی بۆ شارەکانی عێراق ناردووە، بەڵام لەدوای وەرگرتنی گومرگەوە کەمبووەتەوە بۆ 50 بار. کەمال گوتی: "لەوەتای حکومەتی عێراق گومرگ وەردەگرێ، نزیکەی 2 ملیار دینار گومرگم داوە". ئێستا کارگەکەی لوقمان لەسەر زەرەر دەڕوات، چونکە بە گوتەی خۆی فرۆشیان 50% کەمی کردووە.

ساڵی 2014 تەنیا 367 کارگەی بەرهەمەکانی پلاستیک لە کوردستان هەبوون، بەڵام لە ساڵی ڕابردووەوە ژمارەیان گەیشتووەتە 561 کارگە، واتە لە سێ ساڵی ڕابردوودا 194 کارگەی نوێ دامەزراون.

### 10 ساڵ بوو هاوردەکردنی ئالیک قەدەغە بوو

# وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیارێک بە زیانی کارگەکانی ئالیک دەدات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای 10 ساڵ لە قەدەغەکردنی، مانگی ڕابردوو جارێکی دیکە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگەی بە هاوردەکردنی ئالیکی پەلەوەر دا. ئەوە لە کاتێکدا خاوەنی کارگەکانی ناوخۆ دەڵێن توانای دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیان لە ئالیک هەیە، تەنانەت بەشێکیشی لێ دەنێرنە عێراق.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1.389 پڕۆژەی بەخێوکرنی پەلەوەری گۆشت هەن کە وزەی بەرهەمهێنانیان لەیەک وەجبەدا 19.234.195 مریشکە، هەر مریشکێک بۆ ئەوەی کێشەکەی بگاتە 2.5 کیلۆ، پێویستی بەخواردنی 4.5 کیلۆ ئالیکە کە ساڵانە دەکاتە 202 هەزار و 500 تۆن.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "ئێستا 26 کارگەی ئالیک لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، وزەی بەرهەمهێنانیان 435 تۆنە لە کاژێرێکدا. ئەمەش زۆر زیاترە لە پێداویستی کێڵگەکانی پەلەوەر لە کوردستان. ژمارەیەک لە کارگەکان ئالیک هەناردەی شارەکانی عێراقیش دەکەن، بۆیە پێویستمان بە هاوردەکردنی ئالیکی پەلەوەر نییە".

ڕەمەزان محەممەد ڕەخنە لەو بڕیارەی وەزارەتەکەی دەگرێ کە مانگی ڕابردوو دەرچووە و دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ بڕیاری ڕێگەپێدان بە هاوردنی ئالیک نین، چونکە کارگەکان هەڵی کاریان بۆ سەتان خێزانی کورستان دابین کردووە. کواڵیتی بەرهەمەکەشیان زۆر باشە و لەژێر چاودێریی وەزارەتی کشتوکاڵدا بەرهەم دێت".

بڕیارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ لە بەرژەوەندیی خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەرە، چونکە ئەو ئالیکەی هاوردە دەکرێ، نرخی لەوەی خۆماڵی هەرزانترە.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر تووشی زیانی زۆر بوون، داوای هاوردەکردنی ئالیک لە ئێران و تورکیا دەکەن کە بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن هەر تۆنێک بەگوێرەی کواڵیتی نزیکەی 75 تاوەکو 100 دۆلار کەمتر دەکەوێت".

حەیدەر فەرحان نایەوێ لە بەرژەوەندیی خاوەن کێڵگەکانی ئالیک بدرێ، بۆیە پێیوایە وەزارەتی کشتوکاڵ پەلەی کردووە "پێویست بوو وەزارەتی کشتوکاڵ لێژنەیەک پێکبهێنێ، لە تاقیگە کوالێتی ئالیکی تورکی و ئێرانی لەگەڵ ئالیکی خۆماڵی بەراورد بکردایە، ئەگەر ڕێژەی پڕۆتین و وزەی ئالیکی هاوردە هاوشێوەی ئالیکی خۆماڵی بوو، داوای دابەزینی نرخی لەخاوەن کارگەکان بکرایە، هەر کاتێک پابەند نەبوون ئینجا ڕێگەی بە هاوردنی بدایە".

بارزان عەدنان، خاوەنی کارگەی ئالیکی باراش بۆ بەرهەمهێنانی ئالیکی پەلەوەر لە هەولێر، دەڵێت: "توانای بەرهەمهێنانی کارگەکانی ئالیک لە کوردستان زۆر زیاترە لە پێداویستیی ناوخۆ، تەنانەت بەشێک لە کارگەکان ئالیک بۆ شارەکانی عێراقیش دابین دەکەن، بەڵام ئێستا بەهۆی وەرگرتنی گومرگ هەناردەکردنی ئالیک بۆ عێراق کەمبووەتەوە، دوای هەرزانبوونی نرخی مریشک و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، خاوەن کێڵگەکانی کوردستانیش کەمتر مریشک بەخێو دەکەن، بۆیە بەرهەمهێنانمان بۆ نیوە کەمکردووەتەوە".

ئەگەرچی خاوەن کێڵگەکان نووسراوێکیان ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ کردووە و داوایان لێکردووە بۆ پاراستی بەرهەمی ناوخۆ و دانەخستنی کارگەکان ڕێگە بە هاوردەکردنی ئالیکی تورکیا و ئێران نەدەن "بەڵام بۆ بەرژەوەندیی هەندێ کەس ڕێگەیان دا، سەرەتا گوتیان ڕێگەپێدانەکە کاتی و دیاریکراوە، بەڵام ئێستا بەردەوامە". بارزان وایگوت.

وزەی بەرهەمهێنانی کارگەکەی عەدنان لەکاژێرێکدا 40 تۆنە، بەهۆی بێ بازاڕی و بەتایبەت دوای دانانی بازگە و وەرگرتنی گومرگ، ئێستا ڕۆژانە 8 کاژێر کار دەکات، 80%ی بەرهەمەکەی لە کوردستان دەفرۆشێت و بەشەکەی دیکەی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکات.

بارزان دەڵێت : "گرنگترین پێکهاتەی ئالیک سۆیایە کە تورکیا و ئێرانیش وەکو ئێمە لە بەرازیل و ئەرجەنتینەوە هاوردەی دەکەن، نرخەکەشی بەگوێرەی بۆرسەی جیهانی دیاریکراوە، بۆیە کارگەکانی تورکیا و ئێران ئەگەر هاوکاریی حکومەتیان نەبێت، ناتوانن ئالیک بە کواڵیتی بەرز بەرهەم بهێنن و بەنرخی کەمتر لە ئێمە هەناردەی کوردستانی بکەن ".

بارزان دەڵێت، کارگەکانی ئێران تورکیا بۆ زیادکردنی ڕێژەی پڕۆتین لە ئالیکدا لەجیاتی سۆیا بەشێک لە پاشماوەی مریشک کە بریتییە لە ڕیخۆڵە و پەڕ و باڵ، بەکاردێنن کە نرخی تۆنێکی بە 150 دۆلارە، بەڵام ئێمە تەنیا سۆیا بەکاردێنین کە نرخی یەک تۆنی بە 500 دۆلارە، بۆیە داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین تەنیا حیساب بۆ نرخ نەکەن، پشکنین بۆ پێکهاتەی ئالیکەکەش بکەن، ئەگەر ئالیکی تورکی و ئێرانی وەکو ئالیکی ئێمە کوالیتی بەرزە، ئێمەش ئامادەین نرخ دابەزێنین".

### قۆرخکاری لە نرخی ئالیکدا هەیە

ئازاد ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری، لەبارەی هۆکاری بڕیارەکەی وەزارەت دەڵێت: "ئێمە لەسەر داوای خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ هاوسەنگکردن و دابەزاندنی نرخ، ڕێگەمان بە هاوردەکردنی ئالیکی پەلەوەر داوە، چونکە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بەهۆی دابەزینی نرخی مریشک هانایان بۆ ئێمە هێنا و داوای دابەزاندنی نرخی ئالیکیان کرد، ئێمەش لەگەڵ خاوەن کارگەکان قسەمان کرد، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون نرخ دابەزێنن، ئەویش بە بیانووی ئەوەی ئالیکەکەیان کوالێتی بەرزە، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونی ئێمە ئەوان ئارد و برنجی بایەعی و چەند شتێکی دیکە بۆ ئامادەکردنی ئالیک بەکاردێنن".

ئازاد ئەحمەد بەشێک لە گرانبوونی نرخی ئالیک بۆ خودی خاوەن کێڵگەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: "ئەوان لە ترسی نەگەڕانەوەی پارەکانیان ڕاستەوخۆ ئالیکەکە بە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر نافرۆشن، بەڵکو بە کۆمەڵێک خەڵکی دەستڕۆیشتووی دەفرۆشن، بۆ هەر تۆنێکیش 50 دۆلار دەدەنە ئەو دەڵاڵانە، ئەوانیش بەهۆی ئەو هێزەی هەیانە پارەکانیان لەکاتی خۆیدا لە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ وەردەگرنەوە، بۆیە پارەی دەڵاڵییەکەش دەچێتە سەر نرخی ئالیکەکە".



وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگەی بە هاوردەکردنی 50 هەزار تۆن ئالیک داوە



ئازاد ئەحمەد ساڵ و نیوێک لەمەوبەر لەگەڵ خاوەنی کارگەکان دانیشتووە و داوای دابەزاندنی نرخی لێکردوون، ئەوان بەڵێنیان دا نرخ دابەزێنن، بەڵام دواتر بەڵێنەکەیان نەبردە سەر. بۆیە لەسەر داوای خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر ڕێگەیان بە هاوردەکردنی 50 هەزار تۆن ئالیک داوە.

ئازاد دەڵێت "ئەوان قۆرخکاری لە نرخی ئالیکدا دەکەن، هەر کاتێک ئامادەبوون نرخ دابەزێنن، ئێمە هاوردەکردنی ئالیک ڕادەگرین، بەپێچەوانەشەوە بەردەوام دەبین".

نایەوێت نرخی نەوت دابەزێت

# تویتەکانی ترەمپ سەریان لە بازاڕی وزە شێواندووە



محەمەد شێخ فاتیح

ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە ترەمپ دەیەوێت نرخی نەوت دابەزێت، چونکە ئەگەر نرخی نەوت بەرزببێتەوە ئەوا تێچووی بەرهەمهێنان بەرزدەبێتەوە و دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخەکان، واتە هەڵاوسان زیاد دەکات کە هەڵاوسانیش زیادیکرد، ئەوا بانکی فیدراڵی ڕێژەی سوودی بانکی بەرزدەکەنەوە، ترەمپیش دەیەوێت ئەوە ڕوونەدات، کەواتە هەموو هەوڵێکی دەبێت بە ئاراستەی دابەزینی نرخی نەوت بێت.

بەڵام دۆخی بەرمیلەکان بەدەست تویتە نەوتاوییەکانی ترەمپەوە باش نین، ئەوە بۆ جاری سێیەمە کە ترەمپ بە چریکەکانی لە ئەژمارەکەی خۆیدا، بازاڕەکانی نەوت دەشڵەژێنێت و نرخی نەوت بەرزدەکاتەوە، ئەوەتا هەر تاو نا تاوێک بە نووسینی چەند وشەیەک چەند دۆلارێک لە نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە، هەرچەند ترەمپ تویت دەکات شەقاوێک لە ئامانجەکانی دووردەکەوێتەوە.

هێشتا بازاڕەکان شۆکی تویتەکەی چەند مانگ لەمەوبەریان بیر نەچووبووەوە کە ترەمپ گوتی وڵاتانی ئۆپێک بۆ دەستکەوتنی یەک دۆلار قۆرخکاری دەکەن، بۆیە "فەرمان"ی کرد نرخی نەوت دابەزێنن.

لە سەرەتای چارەکی سێیەمی ئەمساڵداو بە دیاریکراوی لە 6/30دا، داوای لە سعودیە کرد کە ڕۆژانە شتێک زیاتر دیشی بەلوعەی بۆرییەکانی بکاتەوە و دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی زیاتر بەرهەمبهێنێ. لە کاتێکدا ئەمریکا چاوی لە یەدەگی نەوتی سعودیەیە تا بتوانێت کورتهێنانی نەوت پڕ بکاتەوە و نرخی نەوت بەرز نەبێتەوە، کەچی ریاز خوازیارە کە نرخی نەوت لە 80 دۆلاردا بمینێتەوە. دوای ئەوەی سعودیە دڵخوازیی خۆی ڕاگەیاند ڕاستەوخۆ نرخی نەوت خۆی لە بن 80 دۆلار دا و گەیشتە 78.75 دۆلار، لەولاشەوە ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە مانەوەی نەوت لە نێوان 70-80 دۆلار کاتییە و پەیوەندیی بە سزاکانەوە هەیە و ئاراستەکانی نرخی نەوت بەرەو 50 دۆلار دادەکشێن.

لەڕۆژی کۆتایی هاوین و لە 20ی ئەیلوولدا جارێکی دیکە ترەمپ جریواندی و گوتی: "ئێمە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزین، ئەو ناوچەیە بۆ ماوەیەکی درێژ ئارام نابێت بەبێ ئێمە، بەڵام ئەوان بەردەوام هەوڵدەدەن نرخی نەوت بەرزو بەرزتر بێتەوە"، لە تویتەکەیدا داوا لە ئۆپێکی "قۆرخکار" دەکات کە "هەر ئێستا نرخی نەوت دابەزێنن". ئیدی ئەو جریوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی دۆلارێک بچێتە سەر نرخی هەر بەرمیلێک نەوت.

بەڵام ترەمپ نە گوێ لە یار نە لە نەیاری دەگرێت، ئەوەتا پێش چەند مانگێک لەمەوبەر حوسێن ئەردەبیلی، نوێنەری ئێران لە ڕێکخراوی ئۆپێک راوێژێکی خۆڕایی دایە ترەمپ و گوتی: "تویتەکانی ترەمپ 10 دۆلار نرخی نەوت بەرز دەکەنەوە".

هەرچەندە بەشێک لە وڵاتان پاشەکشەیان کرد لە سێکتەری نەوتیی ئێران. نەکڕینی نەوتی ئێران لە کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور و ژاپۆنەوە بۆ تۆتاڵی فەڕەنسی درێژ بووەوە، دواهەمینیشیان هەڵوێستەکەی کۆمپانیای چاینا پێترۆڵیۆمی هیندی بوو کە بڕیاریدا لە مانگی داهاتووەوە هاوردەکردنی نەوتی ئێرانی ڕاگرێت، سەرباری ئەوەی هەڵوێستی ئەو وڵاتانە لە بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ترەمپن، بەڵام پێدەچێت خودی ترەمپ خۆی ڕێگر بێت لە دابەزینی نرخی نەوت و گەڕانەوەی هاوسەنگیی بۆ بازاڕەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی بەردەوام بە تویتەکانی نائارامیی دروستدەکات.

تویتەکانی ترەمپ سەبارەت بە ئۆپێک و بازاڕەکانی نەوت ئێجگار بە نەرێنی بەسەر بازاڕەکاندا شکاوەتەوە و وەبەرهێنەرانی نیگەرانکردووە و نرخی نەوتی بەرزکردووەتەوە، لە بری ئەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕەکانی نەوت بگێڕێتەوە.

ئیمیلی ئاشفۆرد شرۆڤەکاری بواری نەوت و پۆڵ هۆرسنێل، سەرۆکی بەشی توێژینەوەی نرخەکان لە بانکی ستاندارد شاتردی بەریتانی دەڵێت دەستوەردانەکانی ترەمپ بە تویتەکانی، بازاڕەکانی تووشی نائارامیی و ناهاوسەنگیی کردووە، هەر بۆیە ئەو دامەزراوەیە پێیوایە ئەو تویتانە مانای ئەوەیە کورتهێنان لە خستنەڕووی نەوتدا وا دەکات کە هەموو توانای بەرهەمهێنانی جیهانی یەکبخرێن تا بۆشایی دروستنەبێت. بانکەکە پێشبینیش دەکات کە ئەگەری هەیە ئەوپەڕی 700 هەزار بەرمیل نەوتی زیاتر بەرهەمبهێنرێت و گوماندەکات سعودیە کە ئێستا توانای بەرهەمهێنانی 10.3 ملیۆن بەرمیلی هەیە بتوانێت بەرزی بکاتەوە بۆ 11 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. هاوکات بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی ئۆپێک هەناردەی نەوتی سعودیە لە مانگی تەمووزدا دابەزیوە بۆ 7.1 ملیۆن بەرمیل بەبەراوورد بە مانگی حوزەیران کە 7.2 ملیۆن بەرمیل بوو، ئەوەش نیشاندەرێکی سەرنجراکێشە و مانای ئەوەیە هێشتا سعودیە سوور نییە لەسەر داواکەی ئەمریکا بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان.

هەرچی ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێکیشن لە دۆخێکی هەستیاردان، بە دەستێک دەیانەوێت هاوسەنگی بۆ بازاڕەکانی نەوت بگێڕنەوە، بەدەستەکەی دیکەش خەریکی چاککردنەوەی شوێنەواری بڕیارەکانی ترەمپن. پێش چەند ڕۆژێک لە کۆبوونەوەکەیان کە ڕۆژی 23ی ئەیلوول لە جەزائیر بەڕێوەچوو، ترەمپ بۆمبێکی دیکەی خستەوە بازاڕەکانی نەوت.




هەر جارێک ترەمپ تویتی لەسەر نەوت کردبێ، نرخەکەی بەرزبووەتەوە (فۆتۆ: AFP)

> تویتەکانی ترەمپ 10 دۆلار نرخی بەرمیلی نەوت بەرز دەکەنەوە
>
> نوێنەری ئێران لە ئۆپێک

ئەمریکا لە بەردوو هۆکار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوشارەکانی زیاد دەکات، یەکێکیان نزیکبوونەوەی وادەی 4ی نۆڤێمبەرە و جێبەجێکردنی ستراتیژی "سفر هاوردەی نەوتی فارسی"یە، هەروەها نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکایە، ئەمەش هێندەیتر ترەمپی تووشی هیستریا کردووە و دەیەوێت بەهەر نرخێک بێت سیاسەتەکانی لەمبوارەدا ئەنجامیان هەبێت.

بۆیە جیهان لە چاوەڕوانی ئەنجام و ئاکامەکانی کۆبوونەوەکەی ئۆپێکن کە ئایا لە داهاتوودا ئەو دووکەڵ و تەمومژە دەڕەوێنێتەوە، ڕێکخراوە ڕەنگ شینەکەش نیگەرانن لە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران و لیبیا و ڤەنزوێلا، کە سێ وڵاتی سەرەکی و کاریگەریی ئەندامن، هەر بۆیە هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە چۆن ڕزگاریان بێت لە دۆسیەی کورتهێنانی خستنەڕووی نەوت، هاوکات ئێرانییەکان دڵخۆشن بەوەی کە خۆزگەی ئەمریکا بۆ سفرکردنی کڕینی نەوتی وڵاتەکەیان نایەتەدی، مادام خواست لەسەر نەوت لە زیادبووندایە.

# ڕووسیا و سعودیە بەرەو هاوپەیمانییەکی نوێ لە بواری وزە

ڕووداو- هەولێر

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، ڕووسیا و ڕێکخراوی ئۆپێک تاوتوێی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان کرد، ئەمەش لە کاتێکدا کە بەرهەم و هەناردەی نەوتی ئێران کەم دەبێتەوە و گوشارەکانی کۆشکی سپی لەسەر ئۆپێک بۆ دابەزاندنی نرخ زیادیان کردووە. شارەزایان دەڵێن یەکگرتنی ڕووسیا و ئۆپێک سەنگێکی تایبەتی لە بازاڕەکانی نەوتدا بەو دوو لایەنە داوە.

ڕۆژی یەکشەممە 23ی ئەیلول، وەزیرانی نەوتی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لە جەزائیر کۆبوونەوە. ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکە، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاندبوو کە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت باسی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت بە بڕی 500 هەزار بەرمیل دەکەن. سێ سەرچاوەی دیکەی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێکیش جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بەرهەمهێنەرانی نەوت لە ئاستی بەرهەمهێنانی مانگی ئاب ڕازی نین، دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی ئێرانیش بە هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی ئۆپێک دەزانن.

لە کۆبوونەوەکەی ئەمجارەدا لیژنەی هاوبەشی چاودێریی وەزاریی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانیشی دانیشتن و ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە ئاستی بەرهەمهێنان و هاوسەنگیی بازاڕی نەوت خستەڕوو. یەکێک لە سەرچاوە ئاگادارەکان بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوت "باس و خواسی ئەوە هەیە کە بەرهەمهێنانی ڕۆژانە بە بڕی 500 هەزار بەرمیل بەرز بکرێتەوە، دوور نییە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک لە کانوونی یەکەم بڕیاری بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان بدرێ".

بڕیارە لە ڕۆژی سێی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئۆپێک بەڕێوەبچێ. ئێران کۆبوونەوەکەی ئەمجارەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بایکۆت کردبوو، بەڵێنیشی دابوو هەر بڕیارێک بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان ڤیتۆ بکات، بە بۆچوونی ئێرانییەکان، لیژنە هاوبەشەکەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی مافی ئەوەیان نییە بڕیار بدەن، بەڵکو تەنیا پێشنیاز دەخەنەڕوو. هەموو بڕیارێکی ئۆپێک سەبارەت بە ئاستی بەرهەمهێنان پێویستی بەوەیە ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی لەسەر بێ. تاران جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕیارەکانی ئەمدواییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان پەیوەندی بە گوشاری ئەمریکا لەسەر سعودیە و وڵاتانی کەنداو هەیە.

ڕۆژی پێنجشەممە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە پێگەی خۆی لە تۆڕی تویتەر هێرشی کردە سەر ئۆپێک و ڕایگەیاند "ئەوە ئێمەین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەپارێزین، ئەوان بەبێ ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ پارێزراو نابن، بەم حاڵەشەوە ئەوان بەردەوام نرخی نەوت بەرزتر و بەرزتر دەکەنەوە. ئێمە ئەوەمان لەیاد دەبێ. مۆنۆپۆلی ئۆپێک دەبێ نرخی نەوت دابەزێنێ".

پەیامەکەی ترەمپ پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکاوە هەیە کە بڕیارە لە مانگی نۆڤەمبەردا بەڕێوەبچێ، لەکاتێکدا بەرزبوونەوەی نرخی گازوایل دەشێ مەترسی لەسەر ژمارەی دەنگەکانی کۆمارییەکان لەو هەڵبژاردنەدا دابنێ، بەڵام دەستەواژەی "مۆنۆپۆلی ئۆپێک" ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی خەریکە پێگە و سەنگی جارانیان لە بازاڕەکانی نەوتدا وەردەگرنەوە.

دەیەیەک لەمەوبەر، ئۆپێک بە ناوەندی کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و نرخەکانی نەوت دادەنرا، بەڵام دەرکەوتنی نەوتی لیتەی ئەمریکا (ناسراو بە شەیڵ) پێگەی ئۆپێکی لەق کرد. ساڵی 2014، کاتێک نرخەکانی نەوت بە خێراییەکی بەرچاو ڕوویان لە دابەزین کرد، پێدەچوو ئۆپێک هیچی لەدەست نەیەت، بەڵام یەکگرتنی ئۆپێک لەگەڵ ڕووسیا و نۆ وڵاتی دیکە لە ساڵی 2016 هاوکێشەکانی گۆڕی.

هاوکارییەکانی ڕووسیا ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرزکردنەوەی پێگەی ئۆپێکدا هەبوو. ئەندرو لیپۆ، شارەزا و کۆنەکاری نەوت لە هۆستن، بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند: "سەیر بوو کە بینیمان ڕووسیا هاتووەتە ئەو شوێنە (کە لەگەڵ ئۆپێک یەک بگرن) و کاریگەری لەسەر جموجۆڵی بازاڕەکانی نەوت دابنێن، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە کە سەردەمەکە گۆڕاوە، بۆیە دەبێ چاوەڕێی هاوپەیمانێتی نوێ و سەرکردەی نوێ (لە پیشەسازیی نەوتدا) بکەین".

لەدوای دەستپێکردنی قەیرانی نرخەکانی نەوت لە 2014، ئۆپێک دەبووایە ماوەی دوو ساڵ چاوەڕێ بکات تاوەکو هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی نەوتی ناو ئەمبارەکان بدات.



پێشکەوتنی کەرتی وزەی ڕووسیا و هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ئۆپێک پێگەیەکی تایبەتی بە ڕووسیا داوە

> سەردەمەکە گۆڕاوە، بۆیە دەبێ چاوەڕێی هاوپەیمانێتی نوێ و سەرکردەی نوێ لە پیشەسازیی نەوتدا بکەین
>
> شارەزایەکی بواری وزە

زۆربەی شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی بێ دەستپێشخەری ڕووسیا ئەستەم بوو ئۆپێک بتوانێ بەو خێراییە لەسەر کۆمەڵێک میکانیزم بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت ڕێکبکەوێ. ڕووسیا بەو پێیەی زلهێزە و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی ئۆپێکدا هەیە، توانی ئەو بۆشاییە بۆ سعودیە پڕ بکاتەوە.

پێشکەوتنی بەرچاوی کەرتی نەوت و غازی ڕووسیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا و هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ئۆپێک پێگەیەکی تایبەتی بە ڕووسیا داوە. ئێستا داهاتی نەوت و غازی سروشتی 40%ی بودجەی نیشتمانیی ڕووسیا پێکدەهێنێ. سزاکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا لەسەر بانک و ناوەندە ئابوورییەکانی ڕووسیا هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی مۆسکۆ بیر لە پەرەپێدانی کەرتی وزەی خۆی بکاتەوە. بەگوێرەی داتاکانی بۆرسەی مۆسکۆ، بەهای پشکەکانی کەرتی وزەی ڕووسیا 37% بەرزبووەتەوە، لەکاتێکدا بەهای پشکی کەرتەکانی دیکەی ئابووریی ڕووسیا دابەزینی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە.

لە 10 ڕۆژی ڕابردوودا، ریک پێری، وەزیری وزەی ئەمریکا، لەگەڵ وەزیرانی نەوتی سعودیە و ڕووسیا کۆبووەتەوە. سەرەتا لە واشنتن لەگەڵ خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە کۆبووەوە و دواتر لە مۆسکۆ چاوی بە ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا کەوت. وەزیری وزەی ئەمریکا لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا ستایشی ڕۆڵی سعودیە و ڕووسیای لە کۆنترۆڵکردنی نرخەکانی نەوتی کرد.

نۆڤاک و فالح لە چەندین بۆنەی جیاوازدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە هەردوو وڵات بیر لەوە دەکەنەوە هاوکارییەکانی ئێستایان لە بواری نەوت و وزەدا بۆ جۆرێک لە "پەیماننامە" بگۆڕن، بۆ ئەوەی لە کاتی قەیراندا ئەرکی هاوسەنگکردنەوەی بازاڕ بە هاوبەشی لە ئەستۆ بگرن.

هونەری
ڕووداو
ژمارە (522) - دووشەممە 2018/9/24

## فێستیڤاڵی کولتووره جیاوازەکان لە ڕانیە بەڕێوەچوو



**ڕووداو- ڕانیە**

ڕۆژی 21 و 22ی ئەیلول بە بەشداری 12 گرووپ پێنجەمین فێستیڤاڵی کولتووره جیاوازەکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ڕانیە بەڕێوەچوو. نمایشی هەر گرووپێک لە فێستیڤاڵەکەدا 15 خولەک بوو، بەڵام نمایشی گرووپەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەموویان زیاتر دڵی ئامادەبووانی خۆشکرد. سەنتەری ڕایەڵ بۆ ئاڵوگۆری کولتووری، ساڵانە ئەم چالاکییە بەپاڵپشتی حکومەت و کەرتی تایبەت ڕێکدەخات. حەنان ئەحمەد ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری ڕایەڵ دەڵێ "ئامانجمانە لە ڕێگەی ئەو چالاکییە هەم کولتووری گەلانی جیهان ئاشنا بکەین بە خەڵکی خۆمان، هەمیش دەوڵەمەندیی کولتووری کورد بەوان ئاشنابکەین".

# 14 فیلم چاویان لە خەڵاتی سنەوبەری ئاڵتوونییە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ڕۆژی 2018/10/10 سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی بە سپۆنسەری میدیایی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەژێر ناونیشانی پاڵەوانە ژنەکان جیهان دەپارێزن، بەڕێوەبچێ. فێستیڤاڵەکە بە نمایشی فیلمی فەرەنسی "کچانی خۆر" دەست بە چالاکییەکانی دەکات کە فیلمێکە لەبارەی شەڕڤانانی ژن لە کۆبانێ.

### 1034 فیلم نێردرابوون

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی وادەی دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە، دەرهێنەران کەوتنە خۆیان و فیلمەکانیان بۆ لێژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ نارد.

دانەر عومەر، بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تاوەکو ئێستا لە 119 وڵاتەوە فیلم هاتوون، 22 وڵات بەفەرمی بەشداری لەم فێستیڤاڵەدا دەکەن، ژمارەی ئەو فیلمانەی گەیشتوونەتە دەست سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵ، زیاتر لە 1034 فیلمن، بەڵام تەنیا 117 فیلم نمایش دەکرێن".

### کچانی خۆر

یەکەمین ڕۆژی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی، بە فیلمی کچانی خۆر دەکرێتەوە. بەشێک لە ستافی فیلمەکە لەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵ تێدەپەڕن و ئامادەی نمایشی فیلمەکە دەبن.

فیلمی کچانی خۆر، لەلایەن ژنە دەرهێنەری فەرەنسی ئێڤا ئوسۆ، دەرهێنراوە و لە جۆرجیا بەرهەمهێنراوە، لە فێستیڤاڵی فیلمی کاندا بەربژێر بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی چڵە دارخورمای زێڕین، بەڵام خەڵاتەکەی نەبردەوە.

گوڵشیفتە فەراهانی، خانمە ئەکتەری ناوداری ئێرانی پاڵەوانی فیلمەکەیە، فەراهانی ڕۆڵی فەرماندەیەکی قارەمان دەبینێت کە لە پاڵ شەڕکردن لە دژی چەکدارانی داعش، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئازادکردنی چەندین ژنی بارمتە لەژێر دەستی داعش دەگێڕێت.

چیرۆکی ئەم فیلمە لەڕێگەی ژنە ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییەوە دەگێڕدرێتەوە، هاوئاهەنگیی شەڕڤانان و هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا، لەم فیلمەدا بایەخی پێدراوە.

### 14 فیلم چاویان لە خەڵاتی سنەوبەری ئاڵتوونییە

لە خولی سێیەمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی، 14 فیلم لە پێشبڕکێی سەرەکیدان و کێبڕکێ لەسەر وەرگرتنی خەڵاتی سنەوبەری ئاڵتوونی دەکەن کە بەرزترین خەڵاتی فێستیڤاڵەکەیە. دانەر عومەر دەڵێت: "هەموو ئەو فیلمانەی بۆ فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی نێردراون، بۆ یەکەمجارە لە عێراق نمایش دەکرێن، بۆیە هەرچی فیلمی نوێیە لەم خولەدا خەڵکی کوردستان دەتوانن بینەری بن".

### فیلمە بەشداربووەکان

فیلمی Three Faces، یەکێکە لەو فیلمانەی لە فێستیڤاڵەکەدا نمایش دەکرێت. ئەم فیلمە لە ئێران بەرهەمهاتووە و خەڵاتی باشترین سیناریۆی لە فێستیڤاڵی کان لە ساڵی 2018 وەرگرتووە. فیلمەکە لە دەرهێنانی جەعفەر پەناهییە کە ئێستا لە ئێران دەستبەسەرە. فیلمەکەی پەناهی لە پێشبڕکێی سەرەکیی فیلمی درێژدا بووە لە فێستیڤاڵی بەرلین. جگە لەوەش خەڵاتی باشترین فیلمی ئەمستەردامی بردووە.

فیلمی The Wild Pear Tree، یەکێکی دیکەیە لەو فیلمانەی بەشداری لە فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی دەکات. ئەم فیلمە لە تورکیا بەرهەمهاتووە و نووری بەلگە جەیلان دەرهێنەریەتی. فیلمەکە لە ساڵی 2018دا لە فێستیڤاڵی فیلمی کان لە پێشبڕکێدا بوو، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی پالمی دۆری فێستیڤاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی باشترین فیلمی زمانی بیانی لە خولی 19هەمینی خەڵاتی ئۆسکار.

**فیلمێکی قەدەغەکراوی عەرەبی لە سلێمانی نمایش دەکرێ**

فیلمی Shoplifters، فیلمێکی ژاپۆنییە و یەکەمین نمایشی ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی فیلمی کان بووە، کە خەڵاتی پالمێ دۆر "چڵە دارخورمای زێڕین"ی لە ساڵی 2018 بەدەستهێناوە. ئەم فیلمە لە دەرهێنانی مانبیکی کازۆکوە.

فیلمی Mug فیلمێکی درامیی پۆڵەندییە و لە دەرهێنانی ماڵگۆرزاتا سومۆوسکایایە، لە فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی بەرلین بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ورچی ئاڵتوونی پاڵێوراو بوو، بەڵام خەڵاتی دادوەرانی لە هەمان فێستیڤاڵدا وەرگرت.

### 17 فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەشدارن

لەبارەی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان، بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵ گوتی: "پێنج فیلمی دۆکیۆمێنتەریی نێودەوڵەتی و 12 فیلمی ناوخۆیی لە پێشبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتدان. هەروەها 20 کورتە فیلمی نێودەوڵەتی و 17 کورتە فیلمی ناوخۆیی لە بەشی پێشبڕکێدان. ئەوە جگە لە 13 فیلمی ئەنیمەیشن کە لە پێشبڕکێی سەرەکیدان".

فیلمی دۆکیۆمێنتاری "سێ کامێرای دزراو" لە فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی نمایش دەکرێت. ئەم فیلمە کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی نمایشکردنی قەدەغە کراوە، باس لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی مەغریب لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان دەکات کە چۆن خەڵکی لەسەر بیروڕای جیاواز ئەشکەنجە دەدرێن.

### خەڵاتی زێڕین

دانەر عومەر، بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵ لەبارەی خەڵاتەکانەوە دەڵێت: "حەوت خەڵات بۆ فیلمی درێژ هەن بریتین لە خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین سیناریۆ، باشترین سینەماتۆگرافی، باشترین دەرهێنەر، خەڵاتی دادوەران، باشترین ئەکتەری کوڕ و باشترین ئەکتەری کچ".

دانەر دەشڵێت: "جگە لە خەڵات بۆ فیلمە درێژەکان، خەڵات بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاریش هەیە. خەڵاتێکیش بۆ فیلمی ئەنیمەیشن هەیە، لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا کە دەکاتە ڕێکەوتی 2018/10/16 خەڵاتەکان بەسەر براوەکاندا دابەش دەکرێن".

### کێ پارەی فێستیڤاڵەکە دەدات

لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە سلێمانی، مەلا بەختیار، سەرۆکی لێژنەی باڵای فێستیڤاڵ ڕایگەیاند کە تەکلیفی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە پێویستییەکانی سێیەمین فێستیڤاڵ دابین بکات "ئەویش هیمەتی کرد و لەڕووی ماددییەوە تەواوی پێویستییەکانی دابین کرد".

مەلا بەختیار ئاماژەی بەوەشدا کە هەر خۆی تەلەفۆنی بۆ 100 سەرمایەداری کورد کردووە بۆ ئەوەی هاوکاریی فێستیڤاڵ بکەن، هەندێکیان لە تەوەقوعی ئەوان زیاتر پارەیان داون، هەندێکیشیان دوو بەرابەری ئەوەی کە داوای لێکرابوو پارەیان داون، بەڵام گوتیشی "بەداخەوە تەنیا دوویان کە پێش ڕاپەڕین هیچیان نەبووە و ئێستا ملیۆنێرن، چرووکیی خۆیان دەرخست و ئامادە نەبوون پارەمان بدەن، هەر ئەوەندەیان پێدەڵێم، بەداخەوە جوامێر نەبوون".

**فیلمی دەرهێنەرە دەستبەسەرکراوەکەی ئێران لە سلێمانییە**

**فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی بە کچانی خۆر دەستپێدەکات**

# بازاڕی بەندبێژەکان لەم هەڵبژاردنەدا کزە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەم هەڵبژاردنە فرسەتێکی باش نەبوو بۆ ئەو بەندبێژ و گۆرانیبێژانەی جاران بانگەشەکانی هەڵبژاردنیان بە بەند و گۆرانییەکانیان گەرم دەکرد، هەندێکیان بەبێ بەرامبەر گۆرانییان بۆ حیزبەکان گوتووە، هەندێکیشیان تەنیا بۆ حیزبێک گۆرانی دەڵێن، هەشە هەر کەسێک پارەی بداتێ بەندی بۆ دەڵێت.

### گۆڕان فریانەکەوت

بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا 25 سروودی هەبوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا هیچی تازەیان نییە و هەر سروودە کۆنەکان لێدەدەنەوە. گۆران ئینزیبات، بەرپرسی ڕایەڵەی هونەرمەندانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەمجارە بەهۆی ئەو دەنگۆیانەی کە هەڵبژاردن دوادەخرێت یان ناکرێت، ئامادەکاری بۆ گۆرانی نەکرا، بەڵام لەم چەند ڕۆژە چەند ئاهەنگێکمان بۆ بانگەشە لە شارەکان بەدەستەوەیە و نزیکەی 13 گۆرانیبێژ گۆرانی بۆ لیستەکە دەڵێن و گۆرانی نوێشی تێدا دەبێت".

### بندیان 29 سروودی بۆ پارتی گوتووە

حازم بندیان کە گۆرانیبێژێکی شاری هەولێرە و بۆ زۆر بۆنەی پارتی گۆرانی گوتووە، دەڵێت هەمووی بەبێ بەرامبەر بۆ پارتی دەکات. حازم بە (ڕووداو)ی گوت: "هەموو هەڵبژاردنەکان سروودم بۆ بانگەشەی پارتی گوتووە، ئەمساڵیش دوو سروودی نوێم هەبوو، یەکێکیان بۆ سەرۆک بارزانی و ئەوەی دیکەشیان بۆ لیستی 183 کە بۆ هەر سروودێک 500 دۆلارم لە گیرفانی خۆم خەرج کردووە".

حازم تاوەکو ئێستا 29 سروودی بەبێ بەرامبەر بۆ پارتی گوتووە. ئەو دەڵێت: "پارەیان داومەتێ، بەڵام وەرمنەگرتووە، چونکە من بە عەشقەوە گۆرانی دەڵێم".

**هونەر حەسەن: گۆرانی لە پۆستەر هەڵواسین کاریگەرترە**

هێشتا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێنەکردبوو، کەریم گوڵانی دەستیپێکرد، ئەو سروودێکی بۆ لیستەکەی پارتی گوتووە و دەڵێت: "لەسەر گیرفانی خۆم سروودێکم بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتی گوتووە کە نزیکەی دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار دیناری تێچووە، بەڵام پارەم لە پارتی وەرنەگرتووە، تاوەکو ئێستاش چەند سروودم بۆ پارتی تۆمار کردبێت هەر لە گیرفانی خۆم کردوومە و هیچ کەسێک هاوکاریی نەکردووم".

### "گۆرانی لە پۆستەر کاریگەرترە"

بەندبێژ و گۆرانیبێژەکان پێیانوایە حیزبەکان غەدر لە خۆیان دەکەن کە پەنا بۆ ئەوان نابەن بۆ بانگەشە، چونکە پێیانوایە زۆرترین خەڵک گوێیان لێدەگرێ.

حازم بندیان نموونە بە سروودەکانی خۆی دێنێتەوە و دەڵێت: "زۆرترین سیدیی من کە فرۆشرابن هی سروودەکانم بووە".

کەریم گوڵانیش دەڵێت: "لە هەڵبژاردنی ڕابردوو کەسێک لە گەرمیانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم کە سەر بە حیزبێکی دیکە بوو، گوتی بەهۆی ئەو سروودەی تۆوە بڕیارمان داوە هەموو خانەوادەکەمان دەنگ بدەین بە لیستی پارتی".

**سەردار کەرکووکی: دوای کڵاوی بابردوو کەوتبووم**

سەرباز سنجاوی کە گۆرانیبێژێکی میللییە و زیاتر لە 20 ساڵە گۆرانیبێژە، دەڵێت: "گۆرانییەکان لەکاتی بانگەشەدا ڕۆڵ و کاریگەریی زۆریان لەسەر بەشێک لە دەنگدەران دەبێت و لەو ڕێگەیەوە کاندیدەکان دەنگی زیاتر دەهێنن، بەتایبەت کە گۆرانییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەکرێنەوە".

هونەر حەسەن کە گۆرانییەکی بۆ لیستی یەکێتی تۆمار کردووە، پێیوایە گۆرانی لە هەڵواسینی پۆستەر کاریگەرترە: "حیزب لەڕێگەی گۆرانییەوە زیاتر دەنگدەر بۆ خۆی کۆدەکاتەوە نەک هەڵواسینی پۆستەر، ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا هەزار پۆستەریش هەڵواسرێت، بەڵام دوو گۆرانیبێژی لێنەبێت، بۆ دەنگدەر هیچ چێژی نابێت و حەزیان لێی نییە".

### تەنیا بۆ لیستێک گۆرانی دەڵێن

هەندێک گۆرانیبێژ تەنیا بۆ بانگەشەی یەک لیست گۆرانی دەڵێن، بۆیە داوای کاندید و لیستەکانی دیکە ڕەتدەکەنەوە، کەریم گوڵانی دەڵێت: "لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی عێراق کاندیدێکی لیستی سۆسیالیست داوای لێکردم سروودێکیان بۆ بڵێم، بەڵام ڕەتمکردەوە، هەر لە هەڵبژاردنی ڕابردوو سروودێکی نیشتمانیم گوت، بزووتنەوەی گۆڕان داوای ڕەزامەندییان لێکردم بۆ ئەوەی لەلای خۆیان دایبەزێنن، بەڵام ڕازی نەبووم، چونکە من لەسەر پارتی هەژمار کراوم و پارتیشم".

هونەر حەسەنیش جگە لە یەکێتی، ئامادە نییە گۆرانی بۆ هیچ حیزبێکی دیکە بڵێ.

بەڵام سەرباز سنجاوی، گۆرانی بۆ هەموو لیست و کاندیدەکان دەڵێت بەبێ جیاوازی "لە سێ هەڵبژاردنی پێشوودا گۆرانیم بۆ یەکێتی و پارتی گوتووە، بۆ هەر گۆرانییەکیش 500 بۆ 600 دۆلارم وەرگرتووە".

گوتیشی: "من موڵکی هیچ حیزبێک نیم، هەر لیست و کاندیدێک داوام لێبکات بە پارە گۆرانی دەڵێم".

لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بازاڕی گۆرانیبێژ و بەندبێژەکان گەرم بوو، بەڵام ئەمساڵ وا نییە، سەرباز سنجاوی دەڵێت: "دوو هەفتەیە بانگەشە دەستیپێکردووە، هێشتا هیچ لیست و کاندیدێک داوای لێنەکردووین گۆرانیی بۆ بڵێین".

### کەرکووکی سەنگەری گواستەوە

سەردار کەرکووکی، دەیان سروود و گۆرانی بۆ یەکێتی گوتووە کە دیارترینیان گۆرانی (یەکێتی یەکێتی) بوو لە ساڵانی نەوەتەکان، بەڵام دەڵێت یەکێتی وەفای بۆی نەبووە.

سەردار کەرکووکی گوتی: "57 سروود و گۆرانیم بۆ یەکێتی گوتووە، پێش هەموو هەڵبژاردنێک داوایان لێدەکردم سروودیان بۆ ئامادە بکەم، مووچەیەکیشیان بۆ دەبڕیمەوە، بەڵام دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان مووچەکەیان دەبڕی، بۆیە دوای 27 ساڵ وازم لە یەکێتی هێنا، چونکە هەستم کرد دوای کڵاوی بابردوو کەوتووم".

گوتیشی: "یەکەم کەس بووم بە سروودی "یەکێتی یەکێتی" یەکێتیم بە زۆربەی گەنجانی کوردستان ناساند، بەڵام نەک هەر پارەمتیان نەدام، بەڵکو پاڵپشتیشم نەبوون، تەنانەت مووچەیەکیشیان نەدامێ".

**حازم بندیان: 29 سروودم بۆ پارتی گوتووە یەک فلسم وەرنەگرتووە**

لەم هەڵبژاردنەدا کەرکووکی پشتگیریی پارتی دەکات و حەوت سروودی بۆ پارتی گوتووە.

**کەریم گوڵانی: بزووتنەوەی گۆڕان داوای سروودیان لێکردم**









ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر
لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە

## کچێکی 17 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**رووداو- کەرکووک**

لە گەڕەکی پەنجا عەلی لە شاری کەرکووک کچێکی 17 ساڵان بەناوی (س. ع) لەنێو ماڵەکەیدا نەوتی بە خۆی داکرد و خۆی سووتاند. دوای ئـەوەی گەیەندرایە نەخۆشـخانەی ئازادی، بەڵام رۆژێک دواتر بەهۆی زۆری رێژەی سـووتانەکەی مرد. عەقیـد هەڤاڵ بەرزنجی، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسـی عروبە بە (رووداو)ی گوت "رۆژی 2018/9/11 کچەکە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا نەوتی بە جەسـتەی خۆیدا کردووەو ئاگری لە خۆی بەرداوە، بەو هۆیەوە مردووە". عەقید هەڤاڵ گوتیشی :"پەراوی لێکۆڵینەوەمان بۆ رووداوەکە کراوەتەوە، بەڵام تائێستا هۆکاری خۆسووتاندنەکەی نەزانراوە".



# ژنان ترسی زۆریان لەژێر خەندەی پۆستەرەکانیاندا حەشار داوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

رێـگای گەیشـتن بـە پەرلەمـان، رێگایەکی ئێجگار دژوار و پڕ کەندوکۆسـپە بۆ بەربژێرەکان بە گشـتی، بەڵام بۆ بەربژێرە ژنەکان بە تایبەتی دژوار و زەحمەتتـرە. هەر یەکێک لەوان لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەردەوام دەستیان لەسەر دڵیانە، نەبادا یەکێ لەوانەی رقی لە لیستەکەیانە، بە وێنە و ڤیدیۆی ئەوی بڕێژێ. "نیوەی رێگاکەم بڕیوە و ئیدی ناترسم"، یەکێک لە ژنە بەربژێرەکانی پارتی وێنەی باوکی لەتەنیشـت خۆیەوە داناوە و دەشزانێ هێشتا شەقام و شوێنە گشتییەکان ئەو شـوێنە ئارامانە نین، وەک پیاوان وێنەی خۆیان تێدا بخەنە بەرچاوان.

بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەبـڕوای خەڵـک و حیزبەکانیـش سـاردە و جۆشوخرۆشـی دروسـت نەکـردووە، بـەڵام لەو کەشـە سـاردەدا، کەمتر وێنە و پۆسـتەری ئەو ژنـە بەربژێرانە دەبینرێ کە حیزبەکان دەیانەوێ رەوانەی پەرلەمانیان بکەن. ئەوەش هۆکاری زۆری هەیە.

کـەژاڵ محەممـەد، بەربژێـری یەکگرتـووی ئیسـلامی ئەم کەشـە بە "چاوەڕوانکراو" دەزانێ و دەڵێـت: "هەندێـک بەربژێر بیر لەوە دەکەنەوە کە خەڵک چ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر وێنەکانیان دەبێـت، بەڵام هـەر کەس بچێتە نێو پرۆسـەی ئـاواوە، دەبـێ لەو جـۆرە قسـە و بیرکردنەوانە بەهێزتر بێت".

کەژاڵ، لەو بەربژێرانەیە کە تێگەیشتووە لەوەی رێگاکە پڕ لە تەڵەیە بۆ ژن.

بانگەشـەی هەڵبـژاردن، دەرفەتـی زێڕینـی حیـزب و بەربژێرەکانە بۆ ئەوەی زۆرترین وێنە و پۆستکارت و ڤیدیۆی خۆیان بڵاوبکەنەوە و خۆیان بخەنە بەرچاوی دەنگدەر. ژنان چەندە پێویستیان بـەوە هەیە زۆرتـر ببینرێن، هێندەش دەترسـن لەوەی بە دەردی هەدبا حەسناوی، ژنە بەربژێری هەڵبژاردنـی پەرلەمانی عێراق بچـن کە لەلایەن گەنجێکەوە وێنەکەی ماچ کرا و دواتر هەرای دوای

> **ماچێکی پۆستەرەکەت بەسە بۆ ئەوەی لەسەرت بکەنە هەرا**
>
> ژنە بەربژێرێک

بڵاوبوونەوەی ماچەکە و چیرۆکی رێککەوتنی دوو عەشـیرەت بـە 100 ملیۆن دینـار، هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی لەبیری خەڵکی نەجەف بردەوە.

یەکێـک لـە ژنـە بەربژێرەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان کە نایەوێت ناوی بڵاوبکرێتەوە، باس لـەو ترسـە دەکات کە هەڵبـژاردن وەک مۆتەکە رووبەڕووی ژنی دەکاتەوە و دەڵێ: "کاتێک وێنەی خـۆم ببینمەوە لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ توانج و تانە و قسەی بێمانا بڵاودەکرێتەوە، ئازار دەچێژم. هەڵبژاردن هەمیشـە قورس لەسەر ژن دەکـەوێ، کەس وێنەی پیـاو ناداتە بەر توانج و تانە، تەنانـەت کاتێک خەڵک رقیان لە حیزبێک دەبێتەوە، پەلاماری پاڵێـوراوە ژنەکانی دەدەن، بەشێکی خەڵک هەمیشە داخ لە دڵی ژنانن. هەر ئەوەشە وا لە ژن دەکات لە سیاسەت و هەڵبژاردن بسڵەمێتەوە".

ئەو بەربژێرە ئافرەتە لە وێنەکانیدا دڵخۆشـە و زەردەخەنەیەکی گەشبینانە پیشانی دەنگدەران دەدات، بەڵام لە پشـتی وێنەکەیـەوە نیگەران و پەستە لە بیرکردنەوەی نەرێنیی خەڵک بەرامبەر ژن "هەندێـک لە بەربژێرە ژنەکان لە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانی پێشـوودا داخ و خەفەتی زۆر کرا بەدڵیاندا، کەچی نەشگەیشتنە پەرلەمان و تەنیا خەم و دڵتەنگییان بۆ مایەوە، ژن لە هەموو ئەو مەینەتیانـەی ژن تێـدەگات و دەنگیـش بە پیاو دەدات".

ئەو نایشـارێتەوە کە ترسی هاوبەشی هەموو بەربژێـرە ئافرەتەکان ئەو هەڵمەتـە کتوپڕانەیە کە بەئامانجیان دەگـرێ "ماچکردنی وێنەکەت و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی ماچەکە بەسـە بۆ ئەوەی لەسەرت بیکەنە هەرا".

لە دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە هەرێمی کوردستان، یەکەمین شووشە، شووشەی ماڵی بەربژێرە ژنەکان بوو شکا. کاتێک ڤیدیـۆی یەکێک لە بەربژێـرە ژنەکانی پارتی لە سـلێمانی بڵاوکرایـەوە و دەستاودەسـتی زۆری پێکـرا. ئەوە تەنیـا حاڵی کوردسـتان و عێراق نییە، بەڵکو وەک عەلی عزەت بێگۆڤیچ، سەرۆکی پێشووتری بۆسنە و هێرزەگۆڤین لە یاداشتەکانیدا باسـی کـردووە، ژنـە ئەوروپییەکانیـش بەهۆی هەڵبژاردنەوە بە رۆژی رەشتردا تێپەڕیون.

بێگۆڤیچ لە یاداشـتەکانیدا ئیتاڵیای سـاڵی 1987 بـە نموونـە دێنێتـەوە و دەڵـێ: "ژنان ٪52ی کۆمەڵـگای ئیتاڵیـان پێکدەهێنـا، بـەڵام لـە هەڵبژاردنەکانـدا ٪7ی دەنگەکانیان هێنا". ئینجا دەپرسـێ، ژن بۆ دەنگ نادات بە رەگەزەکـەی خۆی؟ ئەو پرسـیارە دەبێ وەڵام بدرێتەوە. هـەر لەوبارەیەوە عالیە مەمدوح، کە ژنە رۆماننووسێکی عێراقییە، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێـت: "زۆربـەی رۆمانەکانـم پیـاوان دەیانخوێننەوە، کەم ژن هەبووە دەستخۆشیم لێ بکەن، بەڵکو ژنێکی هاوڕێم پێیگوتم من بابەتی ژن ناخوێنمەوە".

چلانـە نەسـرەدین، بەربژێـری پارتـی لـە سلێمانی، نایشارێتەوە کە لە سەرەتاوە بانگەشە بۆ ئەو سـەخت بووە و ترسـاوە "بەڵام ئێسـتا ناترسـم"، چونکە تێگەیشـتووە لەوەی خەڵک واتـە هەمـوو جۆرە کەسـێک و هەمـوو جۆرە بیرکردنەوەیەک: "لە زۆربەی وێنەکانمدا، وێنەی باوکم لەگەڵ وێنەی خۆم داناوە، باوکم پشتیوان و سێبەرمە و شانازیی پێوە دەکەم".

چلانـە، هەرچەندە لـە سـنووری پارێزگای سـلێمانی بەربژێـری حیزبەکەیەتـی، بـەڵام دەڵێ: "وێنەم لە هەولێر و شـەقڵاوە و سـۆران زۆرتر هەڵواسـیوە، چونکـە دەزانم لەو ناوچانە سووکایەتی بە وێنەکانم ناکرێ و ناشێوێندرێن،

> **"کەس وێنەی پیاو ناداتە بەر توانج و تانە.. کاتێک خەڵک رقیان لە حیزبێک دەبێتەوە، پەلاماری پاڵێوراوە ژنەکانی دەدەن"**

ئەگەر وێنەکانیشم بشێوێنن، هیوادارم ئەو وێنانە نەبێ کە باوکم لەگەڵە".

کەمتر لە هەفتەیەکی ماوە بۆ بەڕێوەچوونی خولـی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان، تاوەکـو ئێسـتا هیـچ رووداوێکی نەخـوازراو روونـەداوە کە قورس لەسـەر ژنە بەربژێرەکان بکەوێ، بەڵام هەمیشـە دەستیان لەسـەر دڵیانە، چونکە ڤیدیۆیـەک، وێنەیەکی راستی یان دەستکاریکراو بەسە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەربژێری ژن.

بـەڵام رۆژان محەممـەد کەریـم، بەربژێـری یەکێتی لە سـلێمانی، وێنە و پۆسـتەری زۆری خۆی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت: "ئەگەر ئافرەت بڕواتە ناو سیاسـەتەوە، رووبـەڕووی زۆر گرفت دەبێتەوە، بەڵام دەبێ ئازا و چاونەترس بێت".

ئەگەرچی یاسا و رێساکانی هەڵبژاردن 30%ی کورسییەکانی پەرلەمانی بۆ ژنان کردووەتە مەرج بەسەر حزبەکانەوە، بەڵام ژن سەرکەوتنی گەورە بەوە دەزانن بە رەنجی خۆیان بگەنە پەرلەمان. 30ی ئەیلول دەردەکەوێ، خاوەنی چەند وێنەی شێواو و بریندارکراو، دەگەنە جێگای مەبەست.



بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان 241 ژن کێبڕکێ لەسەر 33 کورسی دەکەن

# ژنان دەنگ بە بەربژێرە ژنەکان دەدەن؟

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

بوشـرا عەلـی، دەنگدەرێکـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتانە، لـە دوو هەڵبژاردنـی رابردوودا دەنگی بە بەربژێری پیاو داوە، چونکە پێیوایـە دانانـی ژنان لە لیسـتەکاندا تەنیا بۆ جێبەجێکردنی سیستمی کۆتایە.

بوشـرا بڕیـاری داوە ئەمجـارەش دەنگ بە بەربژێـری پیاو بـدات و دەڵێـت: "زۆربەی ئەو ژنانەی لە لیسـتی کاندیدەکان دانراون تەنیا بۆ رووکەش و کۆتایە، بە داخەوە ژنە بەربژێرەکان هیـچ سـیفەتێکیان تێـدا نییـە وات لێبکـەن دەنگیـان پێ بـدەی. تەنانـەت هەندێک لەوانە نـەک هەر بەرنامە و چالاکییـان دیار نییە، ژن هەیە پۆستەریشی هەڵنەواسیوە، کەس نازانێت روخساریشـی چۆنە، چۆن دەنگ بە ژنێک بدەم کە نەزانم کێیە و پلان و بەرنامەی چییە؟

بۆ ئەوەی ژنان هاوشانی پیاوان بن لە کایەی سیاسی و بەڕێوەبردنی حوکمڕانیدا، لە پەرلەمانی کوردستاندا بە یاسا کۆتایەک بۆ ژنان چەسپاوە کە 25%ی کورسـیەکانە. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش 241 ژن کێبڕکێ لەسەر 33 کورسی دەکەن، کە چانسی زۆربەیان بە کۆتاوە بەستراوە.

بەپێی یاسای هەڵبژاردن دەبێ هەر لیستێک 30%ی بەربژێرەکانی لە رەگەزی مێ بن، ئەمەش چانسی گەیشتنی ئافرەتان بە پەرلەمان زیاتر دەکات.

لە دوایین رووپێویدا کە لە دەسـتەی ئاماری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و رێکخراوی نێودەوڵەتـیی کۆچبـەران IOM و سـندوقی دانیشـتووانی سـەر بە نەتـەوە یەکگرتووەکان کراوە، بەشێوەیەکی گشتی باڵانسی جێندەر لە هەرێمی کوردستان هەیە. لە بەرامبەر هەر 100 کەسـی رەگەزی نێردا 100 کەسی رەگەزی مێ هەیـە. واتا لە بەرامبەر هەر دەنگدەرێکی پیاو، دەنگدەرێکی ئافرەتیش هەیە، بەڵام هێشتا ژنان بە زەبری کۆتا دەگەنە پەرلەمان.

بەربژێرێکـی یەکێتـی زاڵبوونـی عەقڵیەتی خێڵەکی و پیاوسـالاری بە هۆکاری سـەرەکیی دەنگنەدانی ژن بە بەربژێـرە ژنەکان دەزانێت. هێلین سـالەیی دەڵێت: "عەقڵیەتی خێڵەکی و پیاوسالاری هێشتا لە کوردستان ماوە، هەڵگرانی ئەو عەقڵیەتە هێشـتا بڕوایان بـە توانای ژنان نییە، کاتێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن سەردانی گونـدەکان دەکەیـن، تەنیـا پیـاوان دەبینین، رێگەنـادەن ژنـەکان ببینین و قسـەیان لەگەڵ بکەین".

کانیـاو بایز کە بەربژێری لیسـتی ئازادییە، هەمـان بۆچوونی هەیە و دەڵێت: "بەشـێک لە خێزانـەکان پیاوسـالارن و پیـاو بڕیـار دەدات ئەندامانی خێزانەکە دەنگ بدەنە کامە بەربژێر، ئـەو پیاوانەش بڕوایان بە توانا و لێهاتوویی ژن نییـە، بۆیە ژنەکانیشـیان دەنگ بـە بەربژێرە ژنەکان نادەن".

ئـەو بەربژێرەی لیسـتی ئازادی بەشـێک لە هۆکارەکـەش دەگەڕێنێتـەوە بۆ خـودی ژنان و بـە "ناهۆشـیار" وەسـفیان دەکات و دەڵێت "ئەگـەر ئافـرەت لـە ناوەندەکانی بڕیـاردان و شـوێنی دارشـتنی یاسـاکاندا بن، کاریگەریی زۆرتری دەبێت لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت خێزان و بارودۆخی ئابووریی ئافرەت، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ژنان ئەو هۆشـیارییەیان نییە".

ئێسـتا 34 پەرلەمانتـاری ژن لە پەرلەمانی کوردسـتان هـەن (پارتـی: 12 پەرلەمانتـار، بزووتنـەوەی گۆڕان: 8 پەرلەمانتار، یەکێتی: 6 پەرلەمانتار، یەکگرتوو: 3 پەرلەمانتار. کۆمەڵ: 2 پەرلەمانتار، کۆتای تورکمان: 1 پەرلەمانتار، کۆتای مەسیحییەکانیش دوو پەرلەمانتاری ژن).

ژینۆ محەممەد، بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایـە ژن وەک کەسـێکی لاواز و بێتوانـا نیشـاندراوە "یەکێک لە هـۆکارەکان پەیوەندی بە کولتوورەوە هەیە، خەڵکانێک چەسپاندوویانە و کردوویانـە بە کولتوور کە ژنان توانایان نییە و لاوازن، ناتوانـن ئەرکەکانیـان لە حوکمڕانیدا وەک پێویست بەڕێوەببەن، بۆیە پێویستە ژنان پشـتگیریمان بکـەن تاوەکو بتوانیـن ئیرادە و توانای ژنان زیاتر پیشان بدەین".

لـەو 34 پەرلەمانتـارە ژنـەی ئێسـتا لـە پەرلەمانـن، ئەوانـەی لـە دەرەوەی کۆتا و بە دەنگی تەواو گەیشـتوونەتە ئەوێ ژمارەیان زۆر کەمـە. ئامینـە زکری کە بەربژێـری پارتی بوو لـە دهۆک، لە نێویاندا زۆرترین دەنگی هێنا کە 11619 دەنـگ بوو. بەوجۆرەش بەبێ کۆتا بوو بە پەرلەمانتار.

خوناو عومەر، بەربژێری ئێسـتای پارتی بۆ پەرلەمانی کوردسـتان دەڵێت: "تاوەکو ئێستا ژن متمانـەی بەرامبەر ژن بۆ دروسـت نەبووە، زۆربـەی ئافرەتان پێیانوایە ژن لە بەڕێوەبردندا بێ توانا و بێ ئیرادەن، نەک هەر بۆ پەرلەمان، بەڵکو لە زۆر بواری دیکەشـدا وایە، تەنانەت لە بواری پزیشکیش، بێجگە لە پزیشکی ئافرەتان و منداڵبوون، ژن کـە نەخۆش دەکەون تاوەکو پزیشکی پیاو هەبێت ناچنە لای پزیشکی ژن".

بـە پێچەوانەی بەربژێرەکانـی دیکە، خوناو عومەر، متمانەی بە خۆیەتی بە دەنگی ئافرەتان و بەبـێ کۆتـا بگاتـە پەرلەمان. ئـەو دەڵێت: "زۆربـەی دەنگدەرەکانی من ژنن، چونکە کاری مـن لەنـاو ژناندا بـووە، تەنانەت بەشـێک لەو ئافرەتانەی دەنگم پێدەدەن کاریگەرییان لەسەر پیاوەکانیشیان هەبووە و دەنگی ئەوانیشیان بۆ من مسۆگەر کردووە".

هـەر لـەم خولـەی پەرلەمانـدا، جگـە لـە سـکرتێری پەرلەمـان کـە ژنـە، لە کـۆی 22 لێژنە هەمیشـەییەکەی پەرلەمانی کوردستان، سـەرۆکایەتی پێنج لێژنە بەدەسـت ژنانەوەیە، ئەوانیش لێژنەکانی داکۆکـی لە مافی ئافرەت، لێژنەی پێشمەرگە، لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. لێژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، هەروەها لێژنەی کاروباری یاسایی، بەڵام هەندێک لە ژنـە بەربژێرەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ئەدای ئەوان رازی نین و پێیانوایە ئەگەر ژنان دەنگیان پێنادەن، بەشێکی پەیوەندی بە ژنە پەرلەمانتارەکانەوە هەیە.

هێلین سالەیی دەڵێت: "بێمتمانەییەکی زۆری ژن بەرامبـەر ژنـە بەربژێـرەکان هەیە، چونکە پێشـتر کۆمەڵێـک ژن پەرلەمانتار بـوون و لە ناوەندی بڕیارداندا بوون، بەڵام بەهۆی کاریگەریی حیزب و پیاوان لەسەر بڕیارەکانیان، نەیانتوانی وەکو پێویست نوێنەرایەتی ژن بکەن".

بەبـڕوای ژینۆ محەممەد بەربژێری گۆڕانیش، ژنان هـاوکاری پیاوانـن، بەڵام پیاوان لەسـەر حیسـابی ژنـان دەچنـە پێشـەوە "جومگـە سـەرەکییەکانی دەسـەڵات زیاتـر بەدەسـتی پیاوانـەوەن، هەندێکجار ژنان پشـتگیری ئەو پیاوانـە دەکەن، بەڵام ئەوان هەڵەکە دەقۆزنەوە بۆ ئـەوەی لەسـەر حیسابی ژن خۆیان بچنە پێشـەوە، بۆیە ژنـان پانتاییەکـی وەهایان بۆ نەڕەخساوە بێنـە پێشـەوە بـۆ کارکردن و تواناکانیان نیشـانبدەن، هەر لەبەرئەوەشە کە بەشێکی ژنان پشتگیری یەکتر ناکەن و دەنگیان پێنادەن".

بەبـڕوای هێلیـن سـالەیی کـە شـارەزای پەروەردەی خێزانییشە، بەهۆی نەخوێندەواریی ژنـان، پیاوەکانیـان فێڵیـان لێدەکـەن و دەنگەکانیـان بـۆ بەربژێـری دڵخـوازی خۆیان دەبـەن: " نەخوێندەواریش کاریگەریـی زۆری هەیـە لەسـەر دەنگنەدانـی ژن بـە بەربژێـرە ژنەکان، لە رۆژی دەنگداندا پیاوان لەجیاتی ژنە نەخوێندەوارەکان دەنگ دەدەن، ئەو دەنگانەش بۆ بەربژێرە پیاوەکان دەچن".

> **دانانی ژنان لە لیستەکاندا تەنیا بۆ رووکەش و جێبەجێکردنی سیستمی کۆتایە**
>
> دەنگدەرێکی ژن

> **زۆربەی دەنگدەرانم ئافرەتن**
>
> بەربژێرێکی ژن



## باوکێک لەسەر فڕێدانی منداڵەکانی دەستگیردەکرێت

**ڕووداو– سلێمانی**

شەوی 2018/9/19 لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، باوکێک دوو منداڵی خۆی بە لێدان و ئەشکەنجەدان فڕێدەداتە سەر جادە. بەپێی ڕاگەیەندراوی پۆلیسی سلێمانی باوکەکە دوای لێدان و ئەشکەنجەدانی منداڵەکانی، بەجێیشیهێشتوون، دوای ڕووداوەکەش هێزەکانی پۆلیس دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و توانیویانە تۆمەتبارەکە (باوکی منداڵەکان) دەستگیر بکەن؟ هەر لە ڕاگەیەندراوەکەی پۆلیسی سلێمانیدا هاتووە کە تۆمەتبار بە فەرمانی دادوەر و بەپێی ماددەی 7ی خێزانی دەستبەسەرکراوە، منداڵەکانیش بۆ خانەی چاودێری مێردمنداڵان گواستراونەتەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەش بەردەوامە.

## دوو گوندی پشدەر سەنگەر لە یەکدی دەگرن

# پۆلیسێک و شوانێک لەسەر پوش و پاوان دەکوژرێن



قارەمان شوانە کوژراوەکەی گوندی مەمکان

**250** کەس بەشداریی شەڕی دوو گوندەکەی پشدەریان کردووە

لەسەر شەڕەکە **22** کەس دەستگیرکراون



ئومێد لە کاتی ڕزگارکردنی شوانێکی بەبارمتەگیراودا کوژرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– پشدەر**

دوو گوندی دەڤەری پشدەر بۆ ماوەی 12 سەعات سەنگەر لە یەکدی دەگرن، بەهۆی شەڕەکەوە پۆلیسێکی شارەوانیی ڕانیە و شوانێکی یەکێک لەو دوو گوندە دەکوژرێن، شوانێک و دوو پۆلیسیش بریندار دەبن. پۆلیس دەڵێت تاوەکو ئێستا 22 کەسیان دەستگیر کردووە و هێشتاش تۆمەتبار ماون دەستگیر بکرێن.

ئەو شەڕە لە نێوان گوندنشینانی هەردوو گوندی جەلکان و مەمکان ڕوویداوە کە هاوتخوبن. بە گوتەی شایەتحاڵەکان شەڕەکە سەرەتا لەسەر پووش و پاوان لە نێوان شوانەکانی هەردوو گوندەکەدا بووە، پاشان گەورە بووە و لە هەردوولا 250 کەس بەشدارییان کردووە.

**شەڕی دوو گوندەکەی پشدەر 12 سەعاتی خایاند**

22 کەس دەستگیرکراون

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو شەڕە لەسەر لەوەڕگا و پووش و پەڵاش بووە، شەڕەکە لە نێوان دانیشتووانی گوندی جەلکان و مەمکان ڕوویداوە و هەردوولا لە چیای کێوەڕەش لە ئێوارەوە تاوەکو بەیانی تەقەیان لە یەکدی کردووە. بەهۆی ئەو شەڕەوە شوانێکی گوندی مەمکان بە ناوی قارەمان کوژراوە.

بە گوتەی ڕائید ئیسماعیل، دوای کوژرانی قارەمان، دانیشتووانی گوندی مەمکان، شوانێکی گوندی جەلکانیان بە بارمتە گرتووە و داوایان کردووە هەتا بکوژی قارەمانیان ڕادەست نەکەن، شوانەکە ئازاد ناکەن. بۆیە هێزەکانی پۆلیس دەچن شوانەکە ئازاد بکەن، لە دوای ئازادکردنی شوانەکە، لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە تەقە لە هێزەکەی پۆلیس دەکرێ، بەو هۆیەوە پۆلیسێکی شارەوانیی ڕانیە بەناوی ئومێد خدر ئیبراهیم دەکوژرێ، هەروەها دوو پۆلیسی دیکەش بریندار دەبن.

ڕائید شۆڕش ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ڕێوشوێنی یاساییان لەدژی شەڕکەرەکان گرتووەبەر و تا ئێستا 22 کەسیان دەستگیر کردووە و تۆمەتباری دیکەش ماون دەستگیریان بکەن.

بەهۆی تێکەڵاویی سنووری گوندەکانی کوردستان زوو زوو شەڕ لە نێوان گوندنشینان ڕوودەدات و تاوەکو ئێستاش چەندین کەس بوونەتە قوربانی.

### دوو شەڕ لە ماوەی 20 ڕۆژدا

لە ماوەی دوو سێ هەفتەی ڕابردوودا ئەوە دووەمجارە دانیشتووانی هەردوو گوندی جەلکان و مەمکان بەشەڕ دێن. جاری یەکەمیان لە شەوی 2018/8/29 بووە و جاری دووەمیشیان لە 18 و 19ی ئەم مانگە بووە.

حەسەن ڕەسوڵ کە ئەنجوومەن (موختار)ی گوندی جەلکانە و لە کوێستانەکانی قەندیل بوو، کاتێک پەیوەندییان پێوە کردووە کە شەڕ لە نێوان دانیشتووانی گوندەکەی و گوندی مەمکان ڕوویداوە، لەگەڵ پێنج لە خزم و کەسەکانی دێتەوە گوندەکە.

حەسەن گوتی: "بەرلەوەی بگەمەوە گوند، پۆلیس و ئاسایش پێنج کەسەکەیان دەستگیر کرد. کە چوومەوە ناو گوند زۆر ناخۆش بوو، نائارامی باڵی بەسەر ئاواییدا کێشابوو، هەواڵ هەبوو کە شوانێکی گوندی مەمکان کوژرابێ و شوانێکی ئێمەش بە بارمتە گیرابێ".

حەسەن باسی هۆکاری شەڕەکە دەکات و دەڵێت: "شەڕەکە لەسەر پووش و پەڵاش بووە، نەدەبوو مەلا و ڕیشسپی هەردوولا ڕێگە بدەن شەڕەکە بەو شێوەیە گەورە ببێ و خوێنی تێدا بڕژێ".

مام حەسەن هێشتا دڵنیا نییە ئەو شوانەی کوژراوە، لەلایەن کێوە تەقەی لێکراوە "دیار نییە کە ئایا لە کاتی شەڕەکە لە پشتەوە بە گوللەی چەکی دانیشتووانی گوندەکەی خۆیان، یان لەلایەن ئێمەوە کوژراوە".

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو دوو گوندە، مام حەسەن داوا دەکات ڕیشسپی و پیاوماقوڵانی پشدەر بێنە سەر خەت، لە هەمانکاتدا دەڵێت دەبێ یاساش ڕۆڵی خۆی ببینێ لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا.

بە گوتەی مام حەسەن زوو زوو ئەو جۆرە شەڕانە لە ناوچەکە ڕوودەدەن، بۆیە پێشنیاز دەکات دانیشتووانی 10 گوندی ئەو ناوچەیە کۆبکاتەوە کە کێشە لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی تخوبی گوندەکان دیاری بکەن.

### 250 کەس بەشداریی شەڕەکەیان کردووە

حەسەن عەوڵا کە ئەنجوومەنی گوندی مەمکانە، باسی سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکە دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی 2018/9/18 مەڕەکانی شوانێکی گوندی جەلکان هاتبوونە نێو ئاقاری گوندی مەمکان، لەوێ شوانەکە لەگەڵ شوانێکی گوندەکەمان بوو بە شەڕیان، شوانەکەی ئێمە تەقە دەکات، کاتێکیش خەڵکەکە زانییان، هەموویان چەکیان هەڵگرت و چوونە چیای کێوەڕەش. ئەوکاتە کێشەکەم چارەسەر کرد، بەڵام دووبارە سەری هەڵدایەوە".

حەسەن عەوڵا دەڵێت لە جاری دووەمدا شەڕەکە زۆر گەورە بووە و نزیکەی 250 کەس بۆ ماوەی 12 سەعات تەقەیان لە یەکدی کردووە، بەو هۆیەوە شوانێکی گوندەکەیان بەناوی قارەمان حەسەن، تەمەن 35 ساڵ و باوکی چوار منداڵ کوژراوە.

سەبارەت بە کوژرانی پۆلیسەکەی شارەوانیی ڕانیەش، حەسەن عەوڵا گوتی: "ئەوان دوای نیوەڕۆی 2018/9/19 هاتبوون بۆ کۆنترۆڵکردنی شەڕەکە، بەڵام برایەکی قارەمان بەناوی (ر) تەقەی لە پۆلیسەکان کرد، بەداخەوە پۆلیسێک کوژرا و دووی دیکەش بریندار بوون. ئێمە یەکسەر بکوژی پۆلیسەکەمان ڕادەستی پۆلیس کرد".

بە گوتەی حەسەن دانیشتووانی هەردوو گوند خزم و ناسیاوی یەکدین، پۆلیس تا ئێستا 11 کەسی لە گوندی مەمکان دەستگیر کردووە کە یەکێکیان مەلای مزگەوتی گوندەکەیە.

سەرچاوەیەک لە هێزەکانی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان کاتێک زانیویانە شوانێکی گوندی جەلکان لەلایەن دانیشتووانی گوندی مەمکان بە بارمتە گیراوە، چووبوون بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیان لە گوندەکە لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەکدارەوە کە دانیشتووی گوندی مەمکان بوون، تەقەیان لێکراوە، بەو هۆیەوە پۆلیسێک کوژراوە و دووی دیکەش بریندار بوون.

### ئایندەی خێزانی پۆلیسەکە

کەسوکاری ئومێد داوا دەکەن کە خوێنی ڕۆڵەکەیان بەفیڕۆ نەڕوات و حکومەت قەرەبووی خێزانەکەی بکاتەوە، بە تایبەتی کە چوار منداڵی هەیە.

مستەفا قادر کە زاوای ئومێد خدر ئیبراهیمە، لە کاتی ناشتنی ئومێد قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ئومێد ساڵانێکی زۆر بوو پۆلیس بوو، هەندێک پارەی کۆکردەوە و خانوویەکی لەشارەدێی بۆسکێن دروستکرد، بەڵام پارەیەکی زۆر لەسەر خانووەکە قەرزدار بوو، باری ئابووری زۆر خراپ بوو، بەڵام دەیگوت هەرنەبێت لەکرێچیەتی ڕزگارم دەبێ".

مستەفا داوا لە حکومەت دەکات لە خوێنی ئومێد خۆش نەبێ، چونکە لە کاتی دەوامدا کوژراوە، هەروەها داوا دەکات حکومەت مووچەیەک بۆ خێزانەکەی ببڕێتەوە کە بتوانێ چوار منداڵەکەی پێ بەخێو بکات.

ڕائید شۆڕش لەبارەی مافی پۆلیسە کوژراوەکە گوتی: "پۆلیسەکەمان لەبەرئەوەی لە ئەرکدا بووە هەموو مافێکی هەیە، بەپێی ڕێنمایی سەربازی و بەبڕیاری لیژنەیەکی تایبەت، مووچەیەکی شایستەی بۆ دەبڕدرێتەوە، حکومەتیش داوای لەسەر تەقەکەرەکان دەبێت چونکە فەرمانبەرێکی حکومەت لەکاتی ئەرکی سەربازیدا کوژراوە".

# بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانییەوە کوشتیان



یونس لەلایەن 4 چەکداری دەمامکدارەوە کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

یونس زۆر هەوڵی دا بزانێ ئەو چەکدارانە بەو سەعات چواری بەرەبەیانە چییان لە گیانی ئەو و خێزانەکەی دەوێ، بەڵام چەکدارەکان گوێیان بە قسەی یونس و هاوار و پاڕانەوەکانی ژنەکەی نەدا، هەر لەوێ بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە، یونسیان دایە بەر گوللە و کوشتیان.

ئەم ڕووداوە شەوی 2018/9/18 لە گەڕەکی حوڕیەی شاری کەرکووک ڕوویدا کە پیاوێکی تەمەن 46 ساڵ بەناوی یونس ستار، باوکی چوار منداڵ، لەلایەن چوار چەکداری دەمامکدارەوە لە نێو ماڵەکەیدا کوژرا.

عەقید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/9/18 بنکەی پۆلیسی ئازادی لە کوژرانی هاووڵاتییەک لەنێو ماڵەکەیدا ئاگادار کرایەوە، پۆلیس یەکسەر چوونە ماڵەکە و پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".

پۆلیس دەڵێت دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام هێشتا تۆمەتبارەکانیان دەستگیر نەکردوون.

یونس پێشتر ئەفسەر بووە لە سوپای عێراق، بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش بۆ کەرکووک وازی هێناوە، ئەو لەو ماوەیەدا بەنیاز بووە بگەڕێتەوە ڕیزەکانی سوپا.

هەژار جەبار کە برازای یونسە، پێش ئەوەی مامی بکوژرێ لەگەڵی بووە. هەژار بە (ڕووداو)ی گوت: "هەتا سەعات یەکی شەو بە یەکەوە بووین، بڕیار بوو بەیانی پێکەوە بچین بۆ ئیش".

هەژار دەڵێت سەعات چواری بەرەبەیان بە دەنگی تەقە بە ئاگا هاتووەتەوە، کاتێک چوونەتە دەرەوە بینیویانە چوار چەکداری دەمامکدار لە ماڵی یونس هاتوونەتە دەرەوە و بە ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش و جامڕەش ڕۆیشتوون. هەژار گوتی "کە چوینە ژوورەوە بینیم مامم لە ناو خوێندا کەوتووە، لە مامۆژنم پرسی چی بووە؟ هیچ قسەی پێنەدەکرا، هەر چوار منداڵەکەی توند لە باوەش گرتبوو بەیەکەوە دەگریان، یونس بە بەرچاوی ئەوانەوە کوژرابوو، بۆیە شۆک بووبوون، هیچ قسەیان پێنەدەکرا".

مامۆژنی هەژار دواتر لەبارەی ڕووداوەکە گوتبووی، ئێمە خەوتبووین لە دەرگا درا، یونس چوو دەرگای کردەوە، چوار چەکدار هاتنە ژوورەوە، زۆر هەوڵی دا بزانێت ئەوانە کێن، بەڵام قسەیان نەکرد، بە هەموو ماڵەکەدا گەڕان و هەندێک پارەمان هەبوو بردیان.

هەژار زۆر پەسنی مامی دەدات و دەڵێت: "مامم کەسێکی باش بوو، کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، ئێمە دراوسێی یەکدین و قەت نەمانبینیوە و نەمانزانیوە لەگەڵ کەس بەشەڕ هاتبێ".

سەبارەت بە ڕەوشی هاوژینی مامی و منداڵەکانی، هەژار گوتی "ئەوان تا ئێستا لە شۆکدان، منداڵەکان هیچ قسەیەک ناکەن، چونکە باوکیان لە پێش چاویان کوژراوە، ئامۆژنیشم باری دەروونیی زۆر خراپە، تاوەکو ئێستا باوەڕ ناکات مێردەکەی کوژراوە".

### تەقە لە قودس دەکرێ

ماوەیەکە تاوانی کوشتن لە کەرکووک زۆر بووە. بەپێی ئامارێکی پۆلیسی کەرکووک لە ماوەی هەشت مانگدا 80 ڕووداوی کوشتن لە بنکەکانی پۆلیسی ئەو شارە تۆمارکراون. هەندێک لە بکوژەکانیش هێشتا دەستگیر نەکراون.

کوژرانی یونس لە کاتێکدایە کە شەوی 2018/9/9 هەرزەکارێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی قودس یەعقوب لە گەڕەکی تسعینی شاری کەرکووک لە بەردەم ماڵەکەیدا کوژرا.

دەگوترێ ئەوانەی تەقەیان لە قودس کردووە، دوو کەس بوون، پۆلیس یەکێکیانی دەستگیر کردووە، ئەوەی دیکەشیان دیار نییە.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی قۆریە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە. بە گوتەی کەسوکارەکەی، ئەو کوڕە لەبەر دەرگای ماڵەوە دانیشتووە، دوو کەس بە سواری ماتۆڕێک تەقەیان لێکردووە و کوشتوویانە".

سەبارەت بە تاوانبارەکان، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک پۆلیس توانی تاوانبارێک دەستگیر بکات، دانی بە تاوانەکەدا ناوە کە ئەوان قودسیان کوشتووە، بەڵام گوتی بە هەڵە کوشتوویانە".

عەلا یەعقوب کە برای قودسە، سەری سوڕماوە لەوەی بۆچی ئەو کەسانە لە ناکاو هاتن و شەڕیان پێ فرۆشتن، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "لەگەڵ براکەم پێکەوە دانیشتبووین، لە ناکاو دوو چەکدار هاتن شەڕیان بە براکەم فرۆشت، ویستم نێوبژیوانییان بکەم، بەڵام ئەوان پەلاماریان دام و زۆریان لێدام".

کاتێک قودس براکەی دەبینێت کەوتووەتە بندەستی ئەو دوو چەکدارە، هەوڵ دەدات ڕزگاری بکات، بەڵام هێرشی دەکەنە سەری و هەوڵدەدەن مۆبایلەکەی لێ ببەن.

عەلا گوتی: "زۆرم هاوار کرد و گوتم قودس مۆبایلەکەتیان پێبدە، با وازت لێبێنن و بڕۆن، بەڵام بە گوێی نەکردم. زۆریان لێدا، بەڵام هەر مۆبایلەکەی پێنەدان، یەکێکیان دەمانچەکەی دەرهێنا و گوللەیەکی لە سەری دا، کاتێک خوێنی براکەمیان بینی، یەکسەر هەڵاتن، منیش دوایانکەوتم، بەڵام نەمتوانی بیانگرم، کاتێک گەڕامەوە براکەم گیانی دەرچووبوو".



قودس بەهەڵە کوژرا

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنی براکەی، عەلا گوتی: "دوای هەفتەیەک بۆمان دەرکەوت ئەو تاوانبارانە بە هەڵە براکەمیان کوشتووە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ کوڕێکی دراوسێمان هەبووە، کە وێنەی کچانی گرتووە، ئەو کەسانە وایانزانیبوو کە قودس ئەو کەسەیە، بۆیە ویستوویانە مۆبایلەکەی ببەن".

## ئەو کوردەی بە تۆمەتی کوشتنی ئەڵمانییەک دەستگیرکرابوو ئازادکرا



**ڕووداو- هەولێر**

ئەو گەنجە کوردەی مانگێک لەمەوبەر لە شاری کیمنێتسی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بە تۆمەتی کوشتنی ئەڵمانییەک دەستگیرکرا، بەهۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەری ئازادکرا. ئازادکردنی یوسفی 23 ساڵ سەدان کەسی لە شاری کیمنێتس هێنایە سەرشەقام، خۆپیشاندەران دروشمی دژ بە سیاسەتی کۆچبەرییان دەگوتەوە. بەگوێرەی میدیا ئەڵمانییەکان، مانگێک لەمەوبەر یوسفی لەگەڵ هاوڕێ کوردەکەی کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە لەکاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک دژی کۆچبەران، لێیانبووە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەڵمانییەک بەچەقۆ هێرشیان کردەسەر و کوشتیان، بەڵام دادگا یوسفی ئازادکردووە و دەڵێت هیچ بەڵگەیەک نەبووە بیسەلمێنێ کە یوسف ئەو کوڕەی کوشتووە.

### یەکێکیان قوتابی شەشی ئامادەیی و ئەوەی دیکە دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ بوو

# ئیجە نەیهێشت بگەنە لای باوکیان

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ناوی هاوناز و ئارەزوو کە دوو خوشکن، چووە نێو تۆماری ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کۆچبەران، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو لە ڕێگەی چوونیان بۆ لای باوکیان لە یۆنان، بەلەمەکەیان لە دەریای ئیجەدا نوقم بوو.

تارق عەبدولقادر، باوکی هاوناز و ئارەزوو کە پێشمەرگە بووە، لە شەڕی دژی داعشدا لە جەلەولا بریندار بووە، بەو هۆیەوە هەستی بیستنی لەدەست دابوو. خزمێکی نزیکی تارق دەڵێت پزیشک پێیانگوتووە کە چارەسەری ئەو لە دەرەوەی وڵاتە.

خزمەکەی تارق دەڵێت لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچیان بۆ نەکردووە بۆ ئەوەی بینێرنە دەرەوەی وڵات، بۆیە ڕێگەی قاچاخی گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی بگاتە ئەڵمانیا و لەوێ چارەسەری خۆی بکات، بەڵام پلانەکەی سەری نەگرت و لە یۆنان گیرسایەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 17ی ئەیلولی 2018 ژمارەیەک کۆچبەر کە دەیانویست بە بەلەمێک لە دەریای ئیجەوە بگەنە یۆنان، بەلەمەکەیان وەرگەڕا، بەو هۆیەوە دوو خوشکی کوردی دانیشتووی قەزای دەربەندیخان بە ناوەکانی هاوناز تارق، تەمەن 23 ساڵ و ئارەزوو تارق، تەمەن 26 ساڵ، خنکان. کۆچبەرێکیش بێسەروشوێنە. 18 کۆچبەری دیکەش لەلایەن یەکەیەکی سەر بە هێزی دەریایی تورکیاوە ڕزگار کران کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

کوردە یەشار، نوێنەری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق لە تورکیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەلەمێکی کۆچبەران بە21 کۆچبەری خەڵکی باشووری کوردستانەوە لە ئاوی ئیجەدا نوقم بوو، 18 کەسیان ڕزگارکراون و ئێستا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستبەسەرن، دوو خوشکی خەڵکی دەربەندیخان و ئافرەتێکی خەڵکی سلێمانیش خنکان، تەرمەکانیان لەلای پۆلیسی تورکیایە".





هاوناز و ئارەزوو دەیانویست لە تورکیاوە بە قاچاخ بگەنە لای باوکیان لە یۆنان

بە گوتەی کوردە یەشار، پۆلیسی تورکیا لەسەر ئەو ڕووداوە شەش قاچاخچی دەستگیر کردووە. سەبارەت بە هێنانەوەی تەرمی ئەو سێ کۆچبەرەش، کوردە یەشار گوتی کە پەیوەندییان بە کونسوڵخانەی عێراقەوە لە ئیستانبوڵ کردووە بۆ ئەوەی ئاسانکارییان بۆ بکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکان، بەڵام وەڵامیان نەداونەتەوە.

ئاری جەلال، سەرپەرشتیاری گشتیی فیدراسیۆنی پەنابەران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بە مەبەستی هاوکاری و هاوئاهەنگی بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکان بۆ کوردستان، نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی پەنابەران سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لە بۆدروم".

لەبارەی دۆخی تەندروستیی ڕزگارکراوەکانیش، ئاری جەلال گوتی: "دوو لەو منداڵانەی لەو ڕووداوەدا بوون، ڕەوشی تەندروستییان تێکچووبوو، بردراون بۆ نەخۆشخانە، ئێستا تەندروستییان باشترە".

دەریای ئیجە چیرۆکێکی تراژیدی لوول دا، ئەویش چیرۆکی هاوناز و ئارەزوو بوو کە دەیانویست لەگەڵ سێ خوشکی دیکەیان بگەنە لای باوکیان لە یۆنان، بەڵام لە جیاتی باوکیان، ئیجە باوەشی بۆ کردنەوە.

کەسێکی نزیک لەو خێزانە، چیرۆکی کۆچکردنی باوکی ئەو دوو کچە بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "باوکی ئەو دوو کچە لە شەڕی دژ بە داعشدا لە جەلەولا بریندار بوو، بەو هۆیەوە هەستی بیستنی لەدەست دا، لێرە پزیشکەکان پێیانگوت چارەسەرەت لە دەرەوەیە".

تارق هەوڵی زۆری داوە لە ڕێگەی وەزارەتی پێشمەرگە یان تەندروستی بۆ چارەسەر بنێردرێتە دەرەوە، چونکە خۆی پارەی سەفەرکردنی نەبووە، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون، بۆیە دواتر بڕیار دەدات زەوییە کشتوکاڵییەکەی بفرۆشێ و پارەی سەفەرەکەی پێ دابین بکات.

کەسە نزیکەکەی تارق گوتی: "بە تارقیان گوتبوو چارەسەرت لە ئەڵمانیایە، بۆیە چوو بۆ تورکیا تاوەکو لەوێوە بە قاچاخ خۆی بگەیەنێتە ئەڵمانیا. نزیکەی دوو مانگ لە تورکیا مایەوە، پاشان بە بەلەمێک بە دەریای ئیجەدا سەفەریان کرد بۆ یۆنان، دوای دوو ڕۆژ بەلەمەکەیان لە کەناراوەکانی یۆنان لەنگەری گرتبوو، خۆشبەختانە لە مەرگ ڕزگاریان بووبوو، بەڵام خرانە کەمپێک و لەوێ بە ناچاری پەنجەمۆریان پێکردبوون، ئیتر نەیتوانی بگاتە ئەڵمانیا".

پزیشکەکانی یۆنان بەڵێنی چارەسەر بە تارق دەدەن، بۆیە ئەویش بڕیار دەدات لەوێ بمێنێتەوە و مافی مانەوەش وەردەگرێ.

ئەو سەرچاوەیە گوتی: "تارق حەوت منداڵی هەن (شەش کچ و کوڕێک) دەزگای کۆچی یۆنان ڕێگەیان پێدا تەنیا هاوژین و ئەو منداڵانەی بهێنێ کە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵانە، بۆیە تەنیا ژنەکەی و کچێکی و کوڕێکی بە فەرمی چوون بۆ یۆنان. پێنج کچەکەی دیکەی بڕیاریان دا بە ڕێگەی قاچاخ بچنە لای باوکیان".

ئارەزوو قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، هاونازیش دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ بوو. هاوناز لە دوایین پۆستیدا لە فەیسبووک نووسیبووی: "ئەگەر خودا ئیزن بدات، دەمەوێت جێگای تەواوی ئەو کەسانەت بۆ پڕ بکەمەوە کە لەدەستتداون و پێویستی بوون بۆ ژیان، ئەحمەدم) بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا هاوناز ئەو کەلێنە بۆ ئەحمەد پڕ بکاتەوە.

### دوای داعش 550 هەزار کەس کۆچیان کردووە

بەپێی ئامارێکی فیدراسیۆنی گشتیی پەنابەران، لەدوای سەرهەڵدانی داعشەوە لە عێراق 550 هەزار کەس کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. لە 10 ساڵی ڕابردووشدا 278 کەس لە ڕێگەی کۆچ مردوون و 133 کەسیش بێسەروشوێنن.

ئاری جەلال دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوونەکانمان، ئەوانەی لە دوای شەڕی داعشەوە کۆچیان کردووە، لە 43 وڵات داوای مافی پەنابەرییان کردووە".

# ئافرەتێکی کورد چیرۆکی خۆی بە هونەر بۆ ئەمریکییەکان دەگێڕێتەوە





**ڕووداو- هەولێر**

هەیڤ قارەمان تەمەنی تەنیا 10 ساڵ بوو، کاتێک لە ساڵی 1991 لە ترسی هێرشی ڕژێمی بەعس لەگەڵ سەدان هەزار کوردی دیکە لە کۆڕەوەکەدا ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران کرد. ئەوان ئوتۆمبێلیان پێبوو، بەڵام زۆریی خەڵک وایکرد 80 کیلۆمەتر ڕێگا بە 11 ڕۆژ ببڕن. لە دوایین خاڵی خاکی باشووری کوردستان زانییان کە سنوور داخراوە، بۆیە لەگەڵ دایک و خوشکی ناچار بوون بگەڕێنەوە سلێمانی. ساڵێک دواتر قاچاخچییەک هەرسێکیانی گەیاندە سوید. ئێستا هەیڤ پێشانگایەکی نیگاری لە شاری لۆس ئەنجلس لە ئەمریکا کردووەتەوە و تێیدا تێمای "ژنبوون" زاڵە.

هەیڤ کە لەلایەنی دایکییەوە کوردە، دیمەنەکانی کۆڕەوی لەیاد ناچێ و بە ماڵپەڕی (زی ئارت نیوزپەیپەر)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئەو شتە سەرەکییەی لەو سەردەمە لەبیرمدا ماوە ئەم پۆلە لاشەیەیە کە دەجووڵێن، بیرمە لە جامی ئوتۆمبێلەکەوە دەمبینی چۆن پۆلێکی بەردەوام و نەپساوەی لاشە لە جووڵەدا بوون". ئێستا جووڵەی لاشەکان کە هەندێکجار کەڵەکە بوون و هەندێکجاریش بە پۆل ڕێدەکەن، لە فۆرمی جیاوازدا لە پیشانگای "بێدەنگی زێڕە" لە گالەری سوزان فیلمێتەردا نمایش دەکرێن.

هونەرمەندە کوردەکە خۆی لە لۆس ئەنجلس دادەنیشێ و ئەوە یەکەمجاریشە لەو شارەدا پێشانگا بکاتەوە، هەرچەند پێشتر سێ پێشانگای لە گالەری جەک شەیمان لە نیویۆرک کردووەتەوە. ساڵی ڕابردووش پێشانگایەکی لە مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە سەینت لویز کردەوە، ئێستاش ژوورێکی پڕۆژەی لە مۆزەخانەی هونەری کۆلێژی پۆمۆنا هەیە کە بڕیارە تاوەکو 22ی کانوونی یەکەم کراوە بێ.

لە پێشانگاکەی لۆس ئەنجلس تابلۆی ئاپۆڕەی ئافرەتان، پۆرتریتی ئافرەتی قژلوول، قژڕەش و ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو نمایش دەکرێ، لە هەندێک شوێنی گەلەرییەکەش فەرش و قاڵی بە قەبارەی بەژنی هونەرمەندەکە بەدی دەکرێ. ڕاپۆرتی ماڵپەڕە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شوێن و شێوازی سەیر و سەمەرەی دانانی قاڵی و فەرشەکان ئاماژەن بۆ "ڕاستییەکی ناخۆش: ئەویش ئەوەیە کە پەنابەر شوناس و دەنگی خۆی لەدەست دەدات".



هەیڤ قارەمان لە ساڵی 1981، واتە لە دەستپێکی شەڕی ئێران و عێراقدا لە بەغدا لەدایکبووە، دوایین ئەزموونی ژیانیشی لە عێراق دەستپێکی شەڕی یەکەمی کەنداو بوو. لە سوید یەکەمجار بەشداری لە وانەکانی موزیک و سەمای بالێدا کرد، بەڵام بەهۆی ڕاسیستبوونی مامۆستاکەیەوە وازی هێنا. لە تەمەنی 12 ساڵان دەستی بە نیگارکێشان کرد، چەندان پێشانگای سەرکەوتووی لە سوید کردەوە. دواتر لە ئەکادیمیای هونەر و دیزاین درێژەی بە خوێندن دا.

ساڵی 1991 هەڵمەتێکی بەرفراوان بە ناوی هەقیقەتی سادە (The Simple Truth) بۆ پشتگیری و هاریکاریی سەدان هەزار ئاوارەی کوردی باشوور لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژئاوا دەستی پێکرد کە هونەرمەند و گروپە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان تێیدا بەشدار بوون. لە کۆنسێرتی هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکاندا وێنەی خەڵکانی لێقەوماوی کورد لە پشت هونەرمەندەکانەوە بە گەورەیی نمایش دەکرا. ئەو هەڵمەتە و وێنەکانی کە پیشان دەدران کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بیرکردنەوەی دواتری هەیڤ دانا.

نیگارکێشەکە لەمبارەوە بە (زی ئارت نیوزپەیپەر) دەڵێ: "لەو کاتەوە ئەو پرسیارەم بۆ دروست بوو کە لەو جۆرە هەڵمەتە مرۆییانەدا چۆن وێنەکان بگوازینەوە، مەبەستم وێنەی ئەو خەڵکانەیە کە تووشی مەینەتی بوون، واتە چۆن وێنەکەیان بگوازینەوە بەبێ ئەوەی کەرامەتیان لێ بستێنینەوە و ڕێگەیان پێبدەین دەنگی خۆیان هەبێ".

ڕۆژنامەی (لۆس ئانجلس تایمز)ی ئەمریکی هەڵسەنگاندێکی بۆ پێشانگا نوێیەکەی هەیڤ کردووە کە تێیدا هاتووە: "تابلۆکانی هەیڤ قارەمان لەبارەی ئافرەتانی کورد لەڕادەبەدەر ناسک و ورد دیارن، بەڵام کاتێک بە وردی سەیریان دەکەیت وەها نین. بەشی زۆری ئافرەتەکان ڕوخساریان لە یەکدی دەچێ، لە هەندێکیاندا ڕوخسارەکان لە هی کۆچبەر دەچن، بێ ئەوەی هەست بکرێ ئافرەتەکان بەهۆی بێ وڵاتیی خۆیانەوە هەست بە ئازار دەکەن."

وەک کەسێک کە نزیکەی سێ دەیە ئەزموونی تاراوگەنشینی هەیە، بابەتی کۆچ، دوورەوڵاتی و شوناس تێمایەکی سەرەکی تابلۆکانی پێکدەهێنن، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە فۆکەسی تابلۆکان لەسەر ئافرەتی کۆچبەر و پەنابەرە.

لەبەردەرگای چوونە ژوورەوەی پێشانگاکەی لۆس ئەنجلسدا، تابلۆی ئافرەتێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانراوە، کە زمانی بڕدراوە و لە شوێنی دەمی پارچەیەک لە تابلۆکە لێکراوەتەوە. ناوی تابلۆکە لە گوتەیەکی بەناوبانگ وەرگیراوە کە دەڵێ: "قسەکردن زیوە، بەڵام بێدەنگی زێڕە". تابلۆکە ئاماژەیەکە بە هەڵوێستی ڕۆژئاواییەکان بەرامبەر بە پەنابەران، کە تێیدا بینینی پەنابەران جێی بایەخە، بەڵام گوێگرتن لێیان مایەی بێزارییە.

هەیڤ ساڵانێکی زۆر لێکۆڵینەوەی لەبارەی هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی هاریکاری بۆ کۆچبەران و ئاوارەکان کردووە، خاڵێک کە سەرنجی ڕۆژنامەنووسەکەی (لۆس ئەنجلس تایمز)ی ڕاکێشاوە، ئەوەیە لە تابلۆکاندا هەوڵ دەدرێ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو هەوڵانە و سێکسدا بدۆزرێتەوە. بۆیەش لە ژمارەیەکی زۆری تابلۆکاندا ئافرەت دەبینرێ کە دەخیلەیەکی لە نێوان سینەی، یان نێوان قاچەکانی داناوە یان دەرچەیەکی وەکو دەرچەی دەخیلە لەسەردەمی کراوە.

سەبارەت بەو تابلۆیانە، هەیڤ قارەمان بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکە دەڵێ: "بەرهەمەکانی من تەنیا بۆ ئەوە نین شۆک دروستبکەن، بەڵام ڕاستییەکەی زۆر دڵخۆشم بەوەی لێرە ئازادم و دەتوانم ئەوەی دەمەوێ بیکەم".



کۆڕەوی 1991 بابەتی سەرەکیی تابلۆکانی هەیڤ قارەمانە کە بە منداڵی تێیدا ژیاوە و لەیادی ناکات

# کەڵەشاخ کارێکی تەندروستانەیە؟



ئاراس برادۆستی
رووداو – هەولێر

کەڵەشاخ، رێگەچارەیەکی کۆنە کە تاوەکو ئێستاش خەڵکانێک پەنای بۆ دەبەن. هێشتا رەواجی سەنتەرەکانی کەڵەشاخ لە هەندێک سەنتەری پزیشکی زیاترە، بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت کارێکی مەترسیدارە و نابێت خەڵکی بیکەن. هەریەکە لە وەزارەتەکانی تەندروستیی هەرێمی کوردستان و بەغدا قەدەغەیان کردووە، بەڵام رێوشوێنەکانی داخستنی شوێنەکانی کردنی کەڵەشاخ دیاری نەکراون.

## سەرئێشەیەکی نائاسایی

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە، سەردانی چەند سەنتەرێکی کەڵەشاخم کرد، ئەوان ناویان لە پیشەکەیان ناوە "پزیشکی جێگرەوە"، رۆژانە هەمان کار بۆ چەندین مەبەستی جیاواز بۆ هاووڵاتیان دەکەن.

رزگار ئاکرەیی ماوەیەکی زۆرە ئەو کارە دەکات، سەنتەرێکی هەیە و دەڵێت ئەوەی ئەو دەیزانێ لەبارەی کەڵەشاخەوە، ئەگەر ئێمە بیزانین، پاڵپشتییەکی زۆری دەکەین.

لە سەنتەرەکە پیاوێکی نێوساڵەکەوتوو دانیشتووە، هەڵچوو و ماندوو دیارە. کە قسەم لەگەڵ کرد بە بێزارییەکی زۆرەوە گوتی :"دوو شەو و دوو رۆژە نەخەوتووم".

پیرە پیاوە سەر سپییەکە دەڵێت لە ساڵی 1994ەوە سەرئێشەی هەیە، سپیبوونی نیوەی قژیشی بۆ ئەو سەرئێشە تاقەتپڕووکێنە دەگێڕێتەوە.

رزگار ئاکرەیی هاتە تەنیشتمان دانیشت، ئەو دەڵێت لە ماوەی دوو کاژێردا سەرئێشەکەی دەوەستێنم، پیاوەکە خێرا چووە سەر قەرەوێڵەکە و داوای لە رزگار ئاکرەیی کرد فریای بکەوێت، ئاکرەییش دوای مەساجێکی باشی پشتی پیاوەکە، دەستی بە کەڵەشاخەکە کرد.

## کەڵەشاخ سەر بە زانستی پزیشکی نییە

کەڵەشاخ بریتییە لە دەرهێنانی هەندێک خوێن لە جەستە لەڕێگەی بریندارکردنی پێست، پاشان دانانی هەندێک کوپ کە لەڕێگای پەستانەوە خوێنەکە لەنێو موولوولەکانی خوێنەوە دەردەکێشنە دەرەوە. ئەم پرۆسەیە بەشێکە لە پزیشکی جێگرەوە (بەدیل) و وەکوو پزیشکیی زانستی نییە.

زانستی پزیشکی پشت بە زانستەکانی کیمیا و زیندەوەرزانی و فیزیا دەبەستێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. پشت بە فێربوون لە کۆلێژ و پەیمانگای فەرمیی دەبەستێت. پزیشکیی زانستی بەردەوام لە تاقیکردنەوەدایە و ساڵانە سەدان توێژینەوە و دیڤچوون بە تێچووی ملیۆنان دۆلار دەکات بۆ دەستکەوتنی بەهێزترین بەڵگە، بەجۆرێک کە شتێک لە چەندین تاقیکردنەوەدا هەمان ئەنجام بدات و زۆرترین سوود و کەمترین زیانی هەبێت.

بەڵام پزیشکی جێگرەوە (بەدیل) چەند بەشێک دەگرێتەوە وەک پزیشکیی رووەکی و سروشتی و کۆمەڵایەتی کە پشت بە زانستەکان نابەستێت و تاقیکردنەوەی زانستیش ناکات، ئەوەی پشتی پێ دەبەستێ تەنیا شارەزایی و مێژووە.

هەرچەندە ئەوانەی کەڵەشاخ دەکەن، وەک داهێنراوێکی ئایینی ئیسلام دەیناسێنن، بەڵام راستییەکەی زۆر لە پێش ئیسلام و تەنانەت مەسیحییەتیشەوە کەڵەشاخ کراوە. سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن میسرییە کۆنەکان 1550 ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح کەڵەشاخیان کردووە. ئێستاش هیندی و چینییەکان وەک بەشێک لە پزیشکیی میللی بەکاری دێنن.

> ## کەڵەشاخ نەخۆشیی زیاتر و ئاڵۆزتر دەکات
> پزیشکێک

سەرئێشەکە نەما!

دوای دانانی کوپەکانی کەڵەشاخەکە لەسەر پشتی پیرە پیاوەکە، رزگار ئاکرەیی خەریکی چارەسەری تایبەتی خۆی بوو بۆ چەند کەسێکی دیکە کە هەر یەکێک و بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەهات و ئەو کەڵەشاخی بۆ دەکردن، بەڵام پیرەمێردەکە گوتی "سەرم سووک بووە و دەمەوێت بخەوم".

دوای تەواوبوونی کەڵەشاخەکە، پیاوەکە بەخێرایی خۆی کۆکردەوە و دەڵێت خەوی دوو شەو و دوو رۆژ لەسەر چاومە، دەمەوێت خێرا بگەمەوە ماڵەوە و بخەوم.

هەفتەیەک دواتر کە پەیوەندیم پێوەکردەوە، داوای باشترین پزیشکی مێشک و دەماری لێکردم. ئەو گوتی :"تەنیا دوو کاژێر سەرئێشەکەم وەستا و ئێستا لە جاران خراپترم" .

## هیچ شتێک جێگرەوەی پزیشکی نییە

پزیشکێکی پسپۆڕی هەناو ئاماژە بە زیانێکی ناڕاستەوخۆی کەڵەشاخ دەکات. د.زانیار نووری کە بۆرد (دکتۆرا)ی لە نەخۆشییەکانی هەناو هەیە، بە (رووداو)ی گوت : "هەندێکجار کەڵەشاخ ئەو کەسە دووردەخاتەوە لە چارەسەرە راستەقینەکە کە دەرمان و نەشتەرگەرییە و بەوەش نەخۆشییەکەی زیاتر و زیاتر ئاڵۆز دەبێت" .

د. زانیار کە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی سلێمانی چاوم پێیکەوت، دڵەنگە بەوەی کەڵەشاخ هۆکاری شاردنەوەی چەندین نەخۆشی ترسناکە، ئەو پشتئێشە بە نموونە دەهێنێتەوە "رەنگە هۆکاری پشتئێشەیەکی سادە شێرپەنجە بێت، ئەگەر نەخۆش بچێتە لای ئەوان کەڵەشاخێکی بۆ دەکەن و دواتر نەخۆشییەکە بڵاودەبێتەوە و کار لە کار دەترازێت". د.زانیار دەڵێت هیچ شتێک جێگرەوەی پزیشکی نییە، بۆیە نایەوێت وشەی پزیشکی جێگرەوە بەکاربهێنێت.

## زانیاریی بێ بنەما

نێوەندە پزیشکییە مۆدێرنەکان، بەتایبەت ئەوانەی دەرەوەی جیهانی ئیسلامی، دەڵێن ئەوەی کە کەڵەشاخ ببێتە هۆی خۆپاراستن یان چاکبوونەوە لە نەخۆشی، پشت بە بەڵگەی زانستی نابەستێ.

کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکی دەربارەی کەڵەشاخ دەڵێت: "بەڵگەی زانستیی بەردەست، ئەوە دەرناخەن کەڵەشاخ ببێتە هۆی چاکبوونەوە لە شێرپەنجە یان هەر نەخۆشییەکی دی". کۆمەڵەکە دەشڵێت : "ئەو راپۆرتانەی باسی سەرکەوتوویی کەڵەشاخ دەکەن لە چارەسەری نەخۆشیدا، زیاتر گێڕانەوە و بۆچوونن نەوەک لە ئەنجامی توێژینەوەی زانستییەوە هاتبن".

توێژەران دەڵێن ئەو لێکۆڵینەوە سنووردارانەی باسی سوودەکانی کەڵەشاخ دەکەن، لەو بابەتانەن کە لایەنگرییان پێوە دیارە. د.زانیاریش دەڵێت: "تا ئەم کاتە هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە کە کەڵەشاخ چارەسەرە بۆ هیچ نەخۆشییەک ".

## خوێنی پیس لە جەستەدا نییە

ئەوانەی کەڵەشاخ دەکەن، وا تێدەگەیەنرێن کە خوێنی پیس لە جەستەیان دەردەهێنرێت. بەڵام ئەم قسەیە لە زانستی پزیشکیدا جێگەی نابێتەوە، شتێک بە ناوی خوێنی پیس لە جەستەدا کە بە کەڵەشاخ دەربهێنرێت هیچ بنەمایەکی نییە. چونکە خوێنی هیچ شوێنێکی جەستە لە شوێنێکدا پەنگ ناخواتەوە، بەڵکو خوێنی هەموو جەستە بە تۆڕێکی چڕوپڕی بۆڕی و دەمار پێکەوە بەستراون.

بەڵام هەندێک توێژینەوە دەریانخستووە کە خوێنبەخشین بەسوودە بۆ تەندروستیی مرۆڤ. لەو بارەشدا دەتوانرێت راستەوخۆ و بە ئامێری پزیشکیی مۆدێرن خوێن لە بۆرییەکانی خوێن دەربهێنرێت بە بەکارهێنانی تەنیا دەرزییەک. نەوەک بریندارکردنی ناوچەی بەرفراوانی پێست کە دەبێتە هۆی دڕاندنی ئەو دیوارە بەرگرییەی پێست لەدژی بەکتریاکان دروستی کردووە.

# دۆست و دوژمنەکانی مێشکت بناسە



رووداو- ئاژانسەکان

زانستی پزیشکی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ تەندروست هێشتنەوەی مرۆڤ و درێژکردنەوەی تەمەنی، ئەمەش وای لە پزیشکان و زانایانی بوارەکە کردووە بەدوای ئەو رێگە نوێیانەدا بگەڕێن کە نەخۆشییەکان دووردەخەنەوە یان دوایاندەخەن.

نوێترین توێژینەوە پزیشکییەکان ئەو فاکتەرانە ئاشکرا دەکەن کە هۆکارن بۆ تەندروست هێشتنەوەی مێشک، لەبەر رۆشنایی ئەو توێژینەوە نوێیانەدا، دۆست و دوژمنەکانی مێشک دەرکەوتوون کە ئەمانەن:

**دوژمنەکان:**

ئەو فاکتەرانەی کە خانەکانی مێشک تاوەکو رادەی لەنێوبردن لاواز دەکەن

- گوشاری دەروونی
- نەخۆشییە دەروونییەکان
- مادده هۆشبەرەکان
- خواردنەوە کحولییەکان

دۆستەکانی مێشک

ئەو فاکتەرانەی کە تەمەنی مێشک درێژ دەکەنەوە

- فێربوونی بەردەوام
- وەرزشی رێکخراو
- خەوتنی دروست
- خۆراکی هاوسەنگ
- دوورخستنەوەی گوشاری دەروونی
- کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان

**دوور بە لە:**

ئەگەر نەشتتوانی بە تەواوی دۆست و دوژمنەکانی مێشکت لەیەکدی جیابکەیەوە، زۆر پێویستە لە سێ دوژمن دووربکەوییەوە.

- جگەرەکێشان
- مادده هۆشبەرەکان
- خواردنەوە کحولییەکان

# چەند رێنماییەکی سادە بۆ بەکارهێنانی سمارتفۆنەکان



رووداو- ئاژانسەکان

لە سایەی تەکنەلۆژیادا، چاو، گوێ، پێست، بڕبڕەکانی مل و پشت بوونەتە قوربانی.

چاو، ئەندامە خۆشەویستەکەی جەستە قوربانی بەکارهێنانی مۆبایلە، کاتێک لە هەر تەنێکی ئاسایی دەڕوانی، چاوەکان دەتروکێن. بەڵام لەکاتی روانین بۆ شاشەکان، زۆرترین سەرنج و کەمترین تروکان روودەدات. ئەمەش چاو وشک دەکاتەوە.

## یاسای سێ بیست

دوای 20 خولەک سەیرکردنی سمارتفۆن یان شاشەی کۆمپیوتەرەکەت، 20 چرکە بۆ دووریی 20 پێ بڕوانە، ئەمە پشوویەک بە چاوەکانت دەدات.

تیشکە شینەکە، پێست وێران دەکات

تیشکی شین کە لە شاشەی سمارتفۆنەکانەوە دەردەچێت، دەگاتە چینی دووەمی پێست، لەوێ ئەم ماددانەی خوارەوە دەتوێنێتەوە کە دەبنە هۆی پیربوونی پێست:

- کۆلاجین
- ریشاڵی لاستیکی
- ترشی هایدرۆلیکی

بڕبڕەکانی مل و پشت قوربانییەکی دیکەی سمارتفۆنەکانن. مەودای شۆڕکردنەوەی مل لەنێوان 15– 60 پلەدایە، شۆڕکردنەوەی مل لە چالاکییە ئاساییەکاندا دەگاتە دەوروبەری 15 پلە، بەڵام بەکارهێنەرانی سمارتفۆنەکان ملیان بە گۆشەی دەوروبەری 60 پلە شۆڕ دەکەنەوە.

ئاگادار بە کاتێک سەر بە گۆشەی 15 پلە شۆڕ دەکرێتەوە، کێشی 12 کیلۆگرام دەکەوێتە سەر بڕبڕەکانی مل، بەڵام کاتێک شۆڕکردنەوەکە دەگاتە 60 پلە، کێشی 27 کیلۆگرام دەکەوێتە سەر مل. ئەمەش لە داهاتوودا کێشە یە کی گەورە بۆ بڕبڕەکانی مل دروست دەکات.

## توانای بیستنی مرۆڤ

ئەگەر کەسێک گوێ لە دەنگی کەمتر لە 85 دێسیبڵ بگرێت، بۆ ماوەی هەشت کاژێر بە بەردەوامی، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ دروست نابێت، بەڵام کە ئاستی دەنگەکە بەرز دەبێتەوە، بۆ هەر 3 دێسیبڵێک لە بەرزیی دەنگەکە، دەبێت نیوەی کاتەکە کەم بکەیتەوە. واتە بۆ 88 دێسیبڵ، دەبێت کاتەکە ببێتە چوار کاژێر. بۆ 91 دێسیبڵ، کاتەکە دەبێتە دوو کاژێر.

قسەکردنی ئاسایی 45 بۆ 55 دێسیبڵە، بەڵام چەپڵە 80 بۆ 85 دێسیبڵە. ئێستا لە سمارتفۆنەکاندا کە دەتەوێت ڤۆلیومی دەنگ بەرز بکەیتەوە، لە ئاستێکدا ئاگادارت دەکاتەوە و هێڵەکە سوور دەبێت، ئەگەر دەتەوێت هەستی بیستنت بە باشی بمێنێتەوە، هێڵە سوورەکە مەبەزێنە.

# هەناوبینی "لاپرۆسکۆپ" چییە



رووداو- ئاژانسەکان

هەناوبینی، ئەوەی لەنێو پزیشکاندا بە "لاپرۆسکۆپ" دەناسرێ، پرۆسەیەکی نەشتەرگەرییە و تێیدا ئامێرێک بە ناوی هەناوبین لە رێگەی کونێکی بچووک لە سکەوە دەبرێتە نێو جەستە.

## بەنجی گشتی

نەشتەرگەریی هەناوبینی بە گشتی لەژێر سڕکردنی گشتی و هەندێکجار لەژێر سڕکردنی تایبەتدا دەکرێت. لەڕێگەی چەند کونێکی بچووکەوە بەپێی جۆری نەشتەرگەرییەکە کە هەریەکەیان نزیکەی یەک سانتیمەتر دەبێت، هەناوبین دەبرێتە نێو جەستە و هەندێکجاریش ئامێری دیکەی نەشتەرگەری دەبردرێنە ژوورەوە و بەگوێرەی پێویست بەکاردەهێنرێن.

دەتوانرێت پرۆسەی هەناوبینی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی چەند حاڵەتێکی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت. لەکاتی هەناوبینی ئامێری هەناوبین کە ئامێرێکی درێژی لوولەیی باریکە و سەرچاوەیەکی رووناکی و کامێرایەکی پێوە بەستراوە، دەبرێتە نێو سک و لەڕێگەی گازی دووانەئۆکسیدی کاربۆن مەودای بینین فراوانتر دەکات. لەدوای تەواوبوونی پرۆسەکەش، ئامێرەکان دەهێنرێنە دەرەوە و برینەکان بە پارچە گۆز یان قوماشی خاوێن دادەخرێن.

زۆربەی ئەو نەخۆشانەی هەناوبینییان بۆ دەکرێت، هەر هەمان رۆژی نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانە دەردەکرێن و دەنێردرێنە ماڵەوە، ئەو هێڵنج و بێهێزییەی کە نەخۆش لەدوای پرۆسەکە هەستی پێدەکات، ئاساییە و هۆکارەکەی تەنیا دەرمانی سڕکەرە.

## چ کاتێک هەناوبینی دەکرێت؟

هەناوبینی بۆ دەستنیشانکردنی چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر و چارەسەری هەندێک نەخۆشی دەکرێت کە باوترین حاڵەتەکانی ئەمانەن:

- بڕینی جۆگەکانی فالوپ کە هێلکە لە هێلکەدانەوە بۆ منداڵدان دەگوازنەوە.
- دەستنیشانکردنی هۆکاری نەزۆکی.
- نەشتەرگەریی ریخۆڵەکوێرە
- نەشتەرگەریی لابردنی زراو
- لابردنی منداڵدان و کیسی هێلکەدان
- نەشتەرگەریی لابردنی منداڵی دەرەوەی منداڵدان
- بڕین و لابردنی بەشێکی گەدە
- بۆ دەستنیشانکردنی چەند جۆرێکی شێرپەنجەی منداڵدان و ملی منداڵدان و دیاریکردنی قۆناغی گەشەسەندنیان بەکاردێت.

## هەناوبین یان نەشتەرگەریی کراوە؟

لە نەشتەرگەریی هەناوبینیدا نەخۆش بە کاتێکی کەمتر هەڵدەستێتەوە و ئازارێکی کەمتری دەبێت لە ماوەی چاکبوونەوەدا بەراورد بە نەشتەرگەریی کراوە، هاوکات برینەکەی بچووکتر و جوانترە و مەترسی هەوکردنی برینەکەی کەمترە.

## مەترسییەکانی

هەناوبینی رەنگە ببێتە هۆی خوێنبەربوون و هەوکردنی بەکترییایی، هەروەک مەترسیی زیانگەیاندن بە ئەندامەکانی ناوەوەی وەک بۆرییەکانی خوێن، گەدە، ریخۆڵەکان، میزڵدان و بۆڕیی میز زیاد دەکات و زۆرجار دەبێتە هۆی پەیدابوونی گازی گەدە.

### هێزی ئاسمانی گەورەتر دەکات

# ئەمریکا خۆی بۆ جەنگێکی گەورە ئام

**رووداو- هەولێر**

هێزی ئاسمانیی ئەمریکا پلانێکی دارشتووە بۆ بەهێزترکردنی خۆی، ئەمەش لە کاتێکدایە کە سەرنجی ئەمریکییەکان لە شەڕی دژی تیرۆرەوە بۆ جەنگی زلهێزەکانی وەکو چین و رووسیا گۆڕاوە. لە دوای کۆتایی جەنگی سارد، ئەوە یەکەمجارە ئەمریکییەکان بیر لەوە بکەنەوە هێزی ئاسمانیی وڵاتەکەیان گەورەتر بکەن.

ئێستا هێزی ئاسمانیی ئەمریکا 312 یەکەی هەیە کە هەزاران فڕۆکە و فڕۆکەوان و ستافی ئاسمانی لەخۆدەگرێ، بەڵام وەک لە راپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکیدا هاتووە، ژمارەی یەکە سەربازییە ئاسمانییەکانی ئەمریکا تاوەکو 2025 یان 2030 بۆ 386 یەکە بەرز دەکرێتەوە.

جەیمز ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، پێیوایە کە وڵاتەکەی دەبێ فۆکەسی لە شەڕی تیرۆرەوە بۆ جەنگی چاوەڕوانکراو لە دژی رووسیا و چین بگۆڕێ.

هەفتەی رابردوو، هیزەر ویڵسن، وەزیری هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، لە کۆنفرانسێکی ساڵانەی ئەنجوومەنی هێزی ئاسمانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نەخشەڕێیەکیان ئامادە کردووە. ژەنەراڵ دەیڤید گۆڵدفاین، فەرماندەی باڵای هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکاش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چین و رووسیا ساڵانێکی زۆرە سەبارەت بە ستراتیژ و وەبەرهێنانی سەربازیی ئەمریکا لێکۆڵینەوە دەکەن، تاوەکو کۆمەڵێک کەلێنی تێدا بدۆزنەوە، پلانە نوێیەکەش بۆ ئەوەیە ئەمریکا بتوانێ بەرەنگاری توانای هێرش و بەرگریی رووسیا و چین ببێتەوە.

ژەنەراڵ گۆڵدفاین لەمبارەیەوە دەڵێ: "مەسەلەکە ئەوەیە چۆن لەبەردەم ئەواندا خۆڕابگرین، پلانەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی هێزە هاوبەشەکان و دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆمان ئامادە کراوە". پلانەکە زیادکردنی هەزاران فڕۆکەوان و ستافی ئاسمانی، فڕۆکەی جەنگی، درۆن، کەرەستەی هەواڵگری و سیخوڕی، فڕۆکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لەخۆدەگرێ و دەیان ملیار دۆلار بودجەی دەوێ. ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکی ئاشکرایان کردووە کە فۆکەسی پلانەکە تەنیا لەسەر هێزی ئاسمانی و بەرەنگاربوونەوەی رووسیا و چین نابێ، بەڵکو بەشێک لە پلانەکە توانای هێرش و بەرگریی سایبری و چالاکییەکانی ئەمریکا لە بۆشایی دەگرێتەوە.

وەزیری هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بە کۆنفرانسەکەی ئەنجوومەنی هێزی ئاسمانی راگەیاند ئەگەر ژمارەی یەکەکانی هێزی ئاسمانی بە رێژەی 25٪ بەرز بکرێتەوە، ئەوە ئەمریکا پێویستی بە 40 هەزار کەس هێزی مرۆیی دیکە دەبێ.

تۆد هاریسن، شارەزای بودجەی سەربازی لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (ICIS)، پێیوایە بەرزکردنەوەی ژمارەی هێزە مرۆییەکە پەیوەستە بە جۆری ئەو فڕۆکە و تەکنۆلۆژیا نوێیەی دەخرێتە خزمەت هێزی ئاسمانی. ئێستا هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ساڵانە 53 ملیار دۆلار لە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکان، راهێنانی کادر و وەرگرتنی ستافی نوێ خەرج دەکات، بۆیەش "ئەگەر رێژەی یەکە ئاسمانییەکان 25% بەرزبکرێتەوە، ئەوە پێویستە ساڵانە 13 ملیار دۆلاری دیکە بۆ ئۆپەراسیۆن، راهێنان و وەرگرتنی کادری نوێ خەرج بکرێ".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دارشتنی پلانەکە بە (فۆرین پۆڵسی) راگەیاندووە، رەنگە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا نەتوانێ هەموو ئەو پلانە جێبەجێ دەکات و دەڵێ: "لە زۆر رووەوە ئەمە وەکو قسەکەی هێزی دەریاییە کە دەڵێن پێویستیان بە 355 کەشتییە، هەرچەندە هیچ پارەیەکی دیاریکراویان لەبەردەست نییە، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو جیاوازییەی لە نێوان واقیعی دارایی و ئامانجە ئەمنییەکاندا هەیە".

ویڵسن دان بەوەدا دەنێ کە دابینکردنی بودجەی سەربازیی بۆ ئەو پلانە نوێیە ئاسان نییە، بەڵام دەشڵێت: "ئێمە دەبێ راستگۆیانە وەڵامی ئەو پرسیارەی گەلی خۆمان بدەینەوە کە چی دەبێ بکرێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە هەستیار و نیشتمانییەکانی وڵاتەکەمان بپارێزین. رەنگە ئەمە وەڵامێکی تەواو و بێ کەموکورتی نەبێ، بەڵام ئەو پلانە وەڵامێکی راستگۆیانەیە".

بەگوێرەی راپۆرتەکە، بەشێکی زۆری بودجەی پلانەکە بۆ یەکەی هێزی بۆردومان دانراوە کە ژمارەیان لە 9 یەکەوە بۆ 14 یەکە بەرزدەکرێتەوە، بەتایبەتیش بایەخ بە کڕینی فڕۆکەی جەنگیی دژەڕادار (نۆرترۆپ گرامن بی 21) دەدرێ کە بڕیارە نەوەیەکی نوێیان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەربکەوێ.

بەرزکردنەوەی ژمارەی فڕۆکەکانی بۆردومان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە لە دەریای چین کە شوێنی مشتومڕێکی زۆری چین و وڵاتەکانی دیکەی ئەو ناوچەیەیە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چین دەستی بە دروستکردنی کۆمەڵێک دوورگەی دەستکرد کردووە و بنکەی مووشەکیی دوورهاوێژی لێداناون و تاقیکردنەوەی ئەو مووشەکانەیان لێدەکات. ویڵسن پێیوایە ئامانجی چین ئەوەیە لە داهاتوودا مەودای پێکانی مووشەکەکان تاوەکو خاکی ئەمریکا فراوان بکات.

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکەکانی هێزی ئاسمانیی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە 20ەوە بۆ 27 بەرز دەکرێنەوە، یەکەی فڕین و رەوانەکردنی فڕۆکەکان لە 53ەوە بۆ 54 زیاد دەکرێن، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک لە ژمارەی یەکەکانی مووشەکدا ناکرێ. وەزیری هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە تانکەرەکانی سووتەمەنیش بایەخێکی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی پانتایی چالاکیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکایان پێ بەرین بکرێتەوە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ ژمارەیان لە 40 تانکەرەوە بۆ 54 تانکەر بەرز بکرێتەوە.

بڕیارە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە 5 بۆ 6 مانگی داهاتوودا لەسەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکانی بەردەوام بێ و لە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو دوایین راپۆرتی خۆی رادەستی کۆنگرێس بکات، هاوکات دوو سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیدراڵیش راپۆرتی تایبەتی خۆیان لەوبارەیەوە دەخەنە بەردەستی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمریکا.

ویڵسن هۆشداری داوە کە ئەگەر پلانەکە جێبەجێ نەکرێ، ئەوە مەترسیی گەورەی بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دەبێ، چونکە لە داهاتوودا: "جیاوازیی نێوان ئێمە و دوژمنە سەرەکییەکانمان کەم دەبێتەوە، بەو پێیەش لە دۆخێکی قەیراناویدا بژارەکانی بەردەم سەرۆکی ئەمریکا کەم دەبنەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە مەترسی ئەوە هەیە نەتوانین ئامانجەکانی ئاسایشی نیشتمانیی بەدی بهێنین".


ئەمریکا بڕیاری داوە هێزە ئاسمانییەکەی بە رێژەی 25% گەورە بکات

# جیابوونەوەی بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا بەرەورووی تەگەرە دەبێتەوە



هەردوو ئێرلەندا بەربەستی گەورەی بەردەم رێککەوتنی یەکێتیی ئەوروپا و بەریتانیان (فۆتۆ: AFP)

**رووداو- هەولێر**

کۆبوونەوەکانی هەفتەی رابردووی 27 سەرکردەی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و ئاکامی کۆبوونەوەکان کۆی پرۆسەی جودابوونەوەی ئاسایی و بێ کێشەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپای خستووەتە مەترسییەوە. بەریتانیا نزیکەی 7 مانگ کاتی بەدەستەوە ماوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیاسیانە ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەوروپا چارەسەر بکات، کێشەی سنووری هەردوو ئێرلەندای باکوور و باشووریش بەربەستی گەورەن لەبەردەم رێککەوتنەکە.

رۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممەی هەفتەی رابردوو کۆبوونەوەی لوتکەی سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا لە شاری ساڵتسبورگ لە نەمسا بەڕێوەچوون، تاوتوێکردنی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا (برێگزت) تەوەری سەرەکی و گەرمی کۆبوونەوەکان بوو. هێرش بۆ سەر پرۆپۆزاڵی بەریتانیا لەدوای نیوەڕۆخوانەکەی رۆژی چوارشەممە دەستیپێکرد. پرۆپۆزاڵەکە لە مانگی تەمووزی ئەمساڵەوە لەلایەن تێرێزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، رەوانەی پەرلەمان کرا و تێپەڕێنرا.

### رەنگە بەریتانیا ناچاری گشتپرسییەکی دیکە ببێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی

مەی و هاوپەیمانەکانی لە پارتی موحافزکار چاوەڕێیان دەکرد ئەوروپییەکان بە چاوێکی نەرمترەوە سەیری پرۆپۆزاڵەکە بکەن، بەڵام دوای کۆبوونەوەکەی چوارشەممە، دۆناڵد توسک، سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەوروپا رایگەیاند کە پرۆپۆزاڵەکەی بەریتانیا "بەکار نایەت". ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنساش گوتی: "ئەو پێشنیازنامەیە مایەی قەبووڵکردن نییە". زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی فەرەنسا توندترین هەڵوێستی هەبووە و راگەیەندراوەکەی یەکێتیی ئەوروپاش رەنگدانەوەی هەڵوێستی ماکرۆنی پێوە دیارە.

ماکرۆن کە لە وڵاتەکەی خۆشیدا لەگەڵ هەرەشەی راستڕەوە توندئاژۆکاندا بەرەورووە، پێیوایە لایەنگرانی برێگزت لە رۆژی یەکەمەوە درۆیان لەگەڵ خەڵکی خۆیان کردووە و وەهایان پیشانداون کە جیابوونەوە لە ئەوروپا کارێکی ئاسانە، بۆیەش لە کۆنفرانسێکی میدیایی رۆژی پێنجشەممەدا گوتی: "ئەوان دەڵێن ژیان بەبێ ئەوروپا ئاسانە، هەموو شتێک پاش جیابوونەوەکە باش دەبێ، یان پارەیەکی زۆر بۆ وڵاتەکەیان دەگەڕێتەوە، ئەوانە هەموویان درۆن".

کۆبوونەوەکەی هەفتەی رابردووی یەکێتیی ئەوروپا لەکاتێکدا کۆتایی هات کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا پارتەکەی مەی کۆنگرە ببەستێ. مەی چاوەڕێی پێشوازییەکی گەرم و کۆمەڵێک بەڵێنی نارۆونی لە سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا دەکرد، تاوەکو بتوانێ لە کۆنگرەی پارتەکەی پشتگیری بەدەستبێنێ. هەر لە مانگی تەمووزی ئەمساڵەوە، پرۆپۆزاڵەکەی مەی ناکۆکییەکی گەورەی لەناو پارتی کۆنزەرڤاتیڤدا دروستکردووە، هەر ئەو پاکێجە بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی دەیڤد دەیڤیس، وەزیری پێشووی برێگزت و بۆریس جۆنسن، وەزیری دەرەوەی پێشووی بەریتانیا.

دوای کۆبوونەوەکەی ساڵتسبورگ، مەی دوو بژارەی لەبەردەمدا ماوە، یەکەمیان ئەوەیە دەستکاری بەشێک لە پرۆپۆزاڵەکەی بکات و ژمارەیەک لە مەرجە بازرگانی و یاساییەکانی یەکێتیی ئەوروپا قەبووڵ بکات، یان ئەوەتا هەر لە پرۆپۆزاڵەکەدا مەرجەکانی بەریتانیا قورستر بکات. هەرکام لەو رێچکانەش بگرێتەبەر، لەلایەن بەرەیەکی پارتەکەی خۆیەوە هێرشی دەکرێتە سەر، ئەمەش نەک هەر لە پارتەکەی خۆیدا، بەڵکو لە پەرلەمانیش کێشەی گەورە بۆ بڕیارەکانی حکومەت لەبارەی برێگزت دروست دەکات.

ئەگەر پەرلەمانی بەریتانیا هەنگاوەکانی داهاتووی حکومەت لەبارەی برێگزت پەسەند نەکات، ئەوە کۆمەڵێک ئەگەری مەترسیدار چاوەڕێی بەریتانیا دەکەن، لەوانەش دەرچوونی ئەو وڵاتە لە یەکێتیی ئەوروپا لە 29ی ئاداری داهاتوو، بەبێ ئەوەی هیچ رێککەوتنێک سەبارەت بە داهاتووی بازرگانیی نێوان هەردوو لایەن کرابێ، ئەگەر تاوەکو کۆتایی ئادار رێککەوتنەکە نەکرێ، ئەوە بەریتانیا لەو 21 مانگەش بێبەش دەبێ کە بە قۆناغی گواستنەوە و پۆست ـ برێگزت ناودەبرێ و تێیدا هەوڵی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دەدرێ، ئەو دوو ئەگەرەش بەریتانیا دەخەنە بەردەم ئەگەری گشتپرسیی دووەم لەبارەی چارەنووسی خۆیان و یەکێتیی ئەوروپا.

# داعش لە چوار ساڵی رابردوودا 67 چالاکی

**رووداو- هەولێر**

ماوەی چوار ساڵە دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا هەوڵ دەدەن پلانی چالاکی و پەلاماری داعش بۆ سەر شارەکانی رۆژئاوا بوەستێنن، ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە چوار ساڵی رابردوودا ژمارەی هێرشەکانی داعش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی، هەرچەندە هەوڵەکان و پلانەکان وەکو جاران بەردەوامن. ئەمەش لەلایەکەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی داعش لەسەر لێدان لە وڵاتانی رۆژئاوا سوورە، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی پێشکەوتنی بەرچاوی دەزگا ئەمنییەکانە لە کۆنترۆڵکردنی هێرشکەرانی ئەو رێکخراوەدا.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، داعش لە ساڵی 2015 دا 14 هێرشی سەرکەوتووی کردووە، لە 2016 ژمارەکە بەرز بووەتەوە بۆ 22 هێرش، لە 2017شدا 27 هێرشی لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور کردووە، بەڵام لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنیا چوار هێرشی کردووە. رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) بۆ ئەو داتایانە پشت بە راپۆرتی پرۆگرامی توندئاژۆیی لە زانکۆی جۆرج واشنتنی ئەمریکی دەبەستێ.

لۆرێنزۆ ڤیدینۆ، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکە لەوبارەیەوە دەڵێ: "ژمارەی هێرشەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەتەوە". لەپاڵ ژمارەی هێرشەکان، ژمارەی کوژراوانیش کەمبوونەتەوە. گەورەترین هێرش لە 2015 بوو کە بووە هۆی کوژرانی 130 کەس، لە ساڵی 2016 ئەو ژمارەیە بۆ 86 کەس و لە 2017 بۆ 22 کەس دابەزیوە. لە مەترسیدارترین هێرشی 2018دا، پیاوێک بەناوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە سێ کەسی بە دەستڕێژی گوللە کوشت.

سەرەڕای کەمبوونەوەی ژمارەی هێرشەکانی داعش لە رۆژئاوا، ناوەندی لێکۆڵینەوە لە پاریس هۆشداری دەدات لەوەی ژمارەی هەوڵەکانی داعش کەمیان نەکردووە. بەو پێیەش هێرشی خۆکوژی و تەقینەوە وەکو بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی ئەو رێکخراوە ماوەتەوە.

داعش لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا ٪99ی ئەو ناوچانەی لەدەستداوە کە پێشتر کۆنترۆڵی کردبوون، بەڵام تاوەکو ئێستاش بە درندەترین گروپی تیرۆریستیی جیهان دادەنرێ و هێرشەکانی لە سووریاوە بۆ عێراق و ئەفغانستان بەردەوامن، بەڵام ژان شارلیز بریسارد، بەڕێوەبەری سەنتەرە فەرەنسییەکە بەو رۆژنامە ئەمریکییە دەڵێت: "ئێمە گەیشتووینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان شکانی سەربازی و لەدەستدانی ناوچە و کەمبوونەوەی هەڕەشەکانی داعشدا نییە".

سەنتەری لێکۆڵینەوەی تیرۆریزم لە پاریس لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە داعش لە ساڵی رابردوودا 15 هێرشی لە وڵاتەکانی یەکێتیی ئەوروپادا کردووە، پێنج لەوانە لە فەرەنسا بووە. لە ماوەی ئەو ساڵەدا داعش هەوڵی بۆ 7 هێرشی دیکەش دابوو، پلانی بۆ 40 هێرشی دیکەش هەبووە. بریسارد بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کە ژمارەی هەوڵەکان هەر وەکو ساڵانی پێشوو بووە.

لە ساڵی 2015ەوە، دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لەژێر گوشارێکی زۆری رای گشتیدان بۆ ئەوەی لەمپەرێک بۆ هێرشە تیرۆریستییەکان دابنێن. بەشی زۆری ئەو هەوڵەش لە ئینتەرنێت و سیستەمی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکاندا بووە.

بیل رۆجیۆ، لێکۆڵەر لە دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسی، سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتنی دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکان بە رۆژنامەکەی گوت: "چاودێریی وردتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتنی باشتر لە تۆڕەکان و هاوکاریی باشتر لەگەڵ وڵاتانی دیکە، هۆکاری سەرکەوتنی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوە بووە".

داعش هەر لەسەرەتای هێرشەکانییەوە بۆ راکێشانی چەکدار و دروستکردنی تۆڕەکانی هێرشی تیرۆریستی پشتی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندی دەبەست، بە تایبەتیش تۆڕی تێلیگرام کە ئەندامانی داعش زیاتر بەکاریاندەهێنا، لەبەر ئەوەی سیستەمی پێشکەوتووی ناردنی نامە و پەیامی نهێنی هەیە.



ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە چوار ساڵی رابردوودا ژمارەی هێر

# ڕێککەوتنی ئدلیب دەستی تورکیا لە سووریا بەهێزتر دەکات

## ڕێککەوتنەکە ڕێ بۆ دەستپێکردنەوەی بازرگانی لەنێوان تورکیا و سووریا خۆش دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

پاش کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەی ڕۆژی حەوتی ئەیلول لە تاران، دیپلۆماتەکانی تورکیا نەگەڕانەوە ماڵ، بەڵکو کەوتنە هەوڵ و تەقەلا بۆ دواخستنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگای ئدلیب لەلایەن هێزەکانی سەر بە ڕژێمی سووریاوە. ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو بەرهەمی ئەو هەوڵانە بوو. هەرچەندە ڕێککەوتنەکە پشتگیرییەکی گەورەی نێودەوڵەتی لێکراوە، بەڵام شارەزایان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە هۆشداری دەدەن کە بەبێ کۆمەڵێک میکانیزمی دیاریکراو، پاراستنی ڕێککەوتنەکە ئەستەمە.

پێشتر ئەلێکساندەر لاڤرێنتیف، نوێنەری تایبەتی ڕووسیا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاندبوو کە "چارەسەری ئاشتیانەی دۆخی ئدلیب مومکینە، ئەگەر تورکیا بتوانێ ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو لە توندئاژۆکان جیابکاتەوە".

ئەنقەرە بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی مۆسکۆ داوای کاتی دەکرد بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ توندئاژۆکان لەناوچەکانی تەماس لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دووربخاتەوە. ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا لە شاری سۆچی ڕێککەوتنێکیان ڕاگەیاند کە گرنگترین خاڵی، دروستکردنی ناوچەی لەچەک داماڵراوە بە درێژایی 15 بۆ 20 کیلۆمەتر، تاوەکو هێڵی تەماس لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی لایەنگری ڕژێم نەمێنێ.

ماوەی ساڵێکە ئدلیب لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئاستانەدا بەناوچەی "ئارام" دادەنرێ. لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا تورکیا 12 خاڵی چاودێریی لە هێڵەکانی تەماسی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و ڕژێم داناوە، ڕووسیا و ئێرانیش هەر لەو ناوچەیە لە بەشەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم 17 خاڵی چاودێرییان داناوە. بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئاستانە، تورکیا دەبوو بە ڕێگەی سیاسی و ئابووری بەرەبەرە هەوڵی دابڕاندنی ئۆپۆزسیۆن لە گروپە توندئاژۆکانی سەر بە قاعیدە بدات، بەتایبەتی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران). تورکیا لەو ئامانجەی دواییاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا.

جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی سۆچی ئاسان نابێ، هەندێک لە شارەزایان ئەو ڕێککەوتنە بە هۆکارێک بۆ دواخستنی شەڕی ئدلیب دەزانن. لینا خەتیب، شارەزا لە ناوەندی چەسم هاوسی بەریتانی، بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاند: "نابێ وا بزانین ڕێککەوتنەکەی ئدلیب (لە سۆچی) دوایین ڕێککەوتنە، ئەم ڕێککەوتنە لە باشترین حاڵدا شەڕەکە دوادەخات، نەک ئەوەی ئەگەری بەرپابوونی بە یەکجاری نەهێڵێ".

ڕێککەوتنی سۆچی لە 10 خاڵ پێکهاتووە کە تێیدا باس لە پاراستنی ناوچەی ئارام و دروستکردنی زۆنی لەچەک داماڵراو لەو ناوچەیە (خاڵەکانی یەکەم و دووەم)، دوورخستنەوەی گروپە توندئاژۆکان لە زۆنەکە تاوەکو 15ی ئۆکتۆبەر (خاڵی پێنجەم) و کشاندنەوەی چەکی قورس لەو زۆنە تاوەکو 10ی ئۆکتۆبەر (خاڵی شەشەم) دەکرێ. خاڵی چوارەمی ڕێککەوتنەکەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاوەکو ئێستا مۆسکۆ و ئەنقەرە نازانن هێڵی زۆنی لەچەک داماڵراو لەکوێوە بۆ کوێ دەبێ و ئەم خاڵە بۆ دانوستاندنەکانی داهاتوو هێشتراوەتەوە.

ڕۆژێک دوای ڕێککەوتنەکەی سۆچی، ئەبویەقزان میسری، گوتەبێژی هەیئەی تەحریری شام، لە تۆڕی تێلیگرام دژایەتی لەگەڵ خاڵی پێنجەم و شەشەمی ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاند کە هەر کەسێک چەک دابنێ، لە دروشمی جیهاد پاشگەز بێتەوە یان هەوڵی سەرخستنی ڕێککەوتنی سۆچی بدات "مونافیق و خائینە". هۆشداریشی دا کە "ڕۆژانی داهاتوو دووگیانن بە سورپرایز، ئامادە بن بۆ داستانی شەڕ".

> **ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی سۆچی پێناچێ بەدڵی هەیئەی تەحریری شام بێ**
>
> چاودێرێک لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی، تورکیا ژێربەژێر بەڵێنی بە ڕووسیا داوە هەڵمەتی هەمەلایەنەی توند لەدژی هەیئە و چەکدارانی پارتی ئیسلامیی تورکستان لە ئدلیب دەستپێبکات. هەردوو گروپەکە تاوەکو ئێستاش جۆرێک لە پەیوەندییان لەگەڵ ئەنقەرەدا ماوە، هەرچەندە هەردوو لایەن بە گومانەوە لە پەیوەندییەکان دەڕوانن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە تورکیا دەستپێشخەری سەرەکیی دامەزراندنی هاوپەیمانێتی "بەرەی نیشتمانیی بۆ ڕزگاری"یە کە بۆ کەمکردنەوەی سەنگی هەیئە و پارتی تورکستان دروستکراوە. هەردوو گروپەکە پێیانوایە کشانەوەی هێزەکانیان لە زۆنی لەچەک داماڵراو قورساییەکی زیاتر بە بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگاری دەدات. ناوەندە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە چەکداران و پاشەکشە لە زۆنەکە لەگەڵ دروشمە ئایدیۆلۆژییەکانی هەیئەشدا لێکدژە و دەکرێ لەتبوونی دیکە لە هەیئەدا دروستبکات.

ڕۆژێک پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەی ڕووسیا و تورکیا، هەر یەک لە ئێران و سووریا پشتگیریی خۆیان بۆ ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاند. ڕاپۆرتەکەی (ستراتفۆر) هۆشداری دەدات کە ئەم هەڵوێستەی تاران و دیمەشق دەکرێ تەنیا لە ڕواڵەتدا ئاوها بێ و لە بنەڕەتدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە بدەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بۆ ئەم ئامانجە دەکرێ هێزەکانی لایەنگری ڕژێم، بە هاوکاریی ئێران و بەبیانووی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئۆپۆزیسیۆن دەست بە شەڕی پچڕپچڕ لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکەن، لەو ڕێگەیەشەوە بەرەبەرە ڕێگە بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنەکە خۆش بکەن. هەڵوێستی توندی گروپەکانی نزیک لە قاعیدەش دەکرێ یارمەتیدەری هێزەکانی ڕژێم بێ، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکەی سۆچی سەرنەگرێ. سام هێلەر، لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لە دیمانەیەکی (واشنتن پۆست)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی سۆچی پێناچێ بەدڵی هەیئەی تەحریری شام بێ".

لینا خەتیب جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشێک لە قایلبوونی ڕووسیا بە داواکانی تورکیا پەیوەندییان بە تموحە درێژخایەنەکانی ڕووسیا لە سووریا هەیە کە بەبێ بەشداری و ڕەزامەندی تورکیا تووشی کێشەی گەورە دەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر جێبەجێکردنی ئەو تموحە نەک هەر بە مانەوەی ئەسەدەوە بەسترابێتەوە، بەڵکو بە سووریایەکی سەقامگیر و ئاوەدانیشەوە گرێدرابێ.

خاڵی هەشتەمی ڕێککەوتنی سۆچی ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە تێیدا هاتووە: "بۆ گەرەنتیکردنی هاتوچۆی ئازادانەی خەڵکی ناوچەکە و کەلوپەل، هەروەها بۆ زیندووکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانی و داراییەکان و هاتوچۆی ترانسێت، هەتا کۆتایی 2018 ڕێگەی ئێم چوار (لە نێوان حەلەب و لازقیە) و ڕێگەی ئێم پێنج (لە نێوان حەلەب و حەما) سەرلەنوێ دەکرێنەوە".

ئەو دوو ڕێگەیە لە 2014ەوە چالاکییەکی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە نەبینیوە. کردنەوەی ئەو دوو ڕێگایە لەلایەکەوە ڕێگە بۆ دەستپێکردنەوەی بازرگانی لەنێوان تورکیا و سووریا خۆش دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە شادەمارێکی نوێ بە بووژاندنەوەی ئابووریی سووریا و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەو وڵاتە دەبەخشێ، هەر ئەمەش دەستی تورکیا لە دانوستاندنەکانی داهاتوودا سەبارەت بە سیستەمی سیاسی و ئیداریی سووریا بەهێزتر دەکات.

ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی دووشەممەی سۆچی زۆر پرسیاری بە کراوەیی هێشتووەتەوە، لەوانەش چارەنووسی درێژخایەنی ئدلیب. ژمارەیەک دیپلۆماتی ڕووسی بە ڕۆژنامەی (ئەلوەتەن)ی سوورییان ڕاگەیاندووە کە پلانەکە ئەوەش لەخۆدەگرێ ئەگەر تاوەکو 10ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن قایل نەبوون چەکە قورسەکانیان دابنێن، ئەوە دەرفەتێکی دیکەیان دەدەنێ کە دوا وادەی جێبەجێکردنەکەی مانگی تشرینی دووەمە، قۆناغی دواتریش ئەوەیە هێزەکانی ڕژێم تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ دەست بەسەر هەموو پارێزگاکەدا بگرنەوە.



ڕێکەوتنەکەی ئدلیب بەدڵی ئێران و سووریا نییە
(فۆتۆ: AFP)

ـادە دەکات



### کێشەی ئێرلەندا

کێشەی سنووری نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندا تاکە کێشەی گەورەی نێوان ئەوروپییەکان و بەریتانیا نییە، بەڵام ئەو کێشەیە هەم بەربەستێکی گەورەی ڕێککەوتنی نێوان لەندەن و برۆکسلە و هەمیش هەموو بەربەستەکانی دیکەی ڕێککەوتن لەناو کێشەی سنووری نێوان دوو ئێرلەنداکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندادا نزیک 500 کیلۆمەتر سنوور و 275 خاڵی پەڕینەوە هەیە، بەبێ ئەوەی بەکردەوە هەست بەوە بکرێ کە سنوورێک لەنێوان هەردوو ئێرلەنداکەدا هەیە. ئێستا ئێرلەندییەکانی هەردوولای سنوورەکە، سیاسەتکارانی لەندەن و ئەوروپییەکان نیگەرانی ئەوەن کە برێگزت ببێتە هۆی ئەوەی خاڵی پشکنینی بازرگانی و گومرکی لەسەر سنوورەکان دابنرێ.

بەشێک لە نیگەرانییەکان سیاسین و بۆ ڕێککەوتنی بێلفاست لە ساڵی 1998 دەگەڕێنەوە، لە نێوان پارتەکانی ئێرلەندای باکوور، حکومەتی بەریتانیا و کۆماری ئێرلەندا واژۆکراوە. خاڵەکانی پشکنینی نێوان هەردوو ئێرلەنداکە لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا لادراون و دوورگەی ئێرلەندا وەکو قەوارەیەکی سیاسیی تایبەت سەیرکراوە، ئەندامێتی بەریتانیا و کۆماری ئێرلەندا لە یەکێتیی ئەوروپا یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی بێلفاست بە ئاسانی جێبەجێ بکرێ.

بەڵام بەشێکی دیکە لە نیگەرانییەکان پەیوەندییان بە ئابووری ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەنداوە هەیە. ڕۆژانە قەبارەیەکی گەورەی کەلوپەل و خزمەتگوزاری لەنێوان هەردوو بەشەکەی دوورگەی ئێرلەندادا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ و زیاتر لە 30 هەزار کەس بۆ کار لەو سنوورە هاوبەشەدا هاتوچۆ دەکەن، کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ناوچەی هاوبەشی گەشت لە نێوان هەردوو بەشەکەی دوورگەی ئێرلەندادا ڕێکخراوە.

ئەگەر بەریتانیا و یەکێتیی ئەوروپا لەبارەی چارەنووسی ئێرلەنداکان بە هیچ چارەسەرێک نەگەن، ئەوە دەرچوونی بەریتانیا لە بازاڕی هاوبەش و یەکێتیی گومرکی یەکێتیی ئەوروپا کێشەی گەورە بۆ پەیوەندییە سیاسی، بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندا دروستدەکات. کۆماری ئێرلەندا داوا لە لەندەن دەکات گەرەنتی نووسراویان بدەنێ کە دوای دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپاش، ئێرلەندای باکوور مافی ئەوەی دەبێ پەیڕەوی لە ڕێسا بازرگانییەکانی یەکێتیی ئەوروپا بکات، تاوەکو چالاکییە بازرگانییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لەنێوان هەردوو ئێرلەنداکاندا بەردەوام بێ و ڕێککەوتنی بێلفاست کێشەی بۆ دروست نەبێ.

ژمارەیەکی زۆر لە موحافزکارەکان، ڕاستڕەوە توندئاژۆکانی بەریتانیا و لایەنگرانی یەکێتیی خاکی بەریتانیا لە ئێرلەندای باکوور ئەم داوایە بە پێشێلکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی بەریتانیا دەزانن. بەریتانییەکان پێیانوایە ئەگەر ئەو ڕێگە بازرگانییە بە کراوەیی بهێڵنەوە، هیچ بیانوویەک نامێنێ کە حکومەت سنوورە بازرگانییەکانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکەی جیهاندا لانەدات.

جیا لەمە لەو ڕێککەوتنەدا یەکێتیی ئەوروپا براوەی سەرەکییە، لەبەر ئەوەی ئەوروپییەکان ئامادە نین هیچ کاڵایەکی بەریتانی بێ باج و گومرک وەربگرن، چونکە حکومەتی لەندەن ئامادە نییە ڕێگە بە هاتوچۆی ئازادانەی کرێکاران لە ئەوروپاوە بۆ بەریتانیا بدات. بەرپرسانی حکومەتی ئێرلەندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە حکومەتی بەریتانیا دەتوانێ وەکو کەیسێکی تایبەت سەیری دۆخی ئێرلەندای باکوور بکات، بەڵام دانانی ڕێوشوێن بۆ ئەو کەیسە تایبەتە و ڕێککەوتن لەسەری چەندین مانگی دەوێ و پێناچێ تاوەکو مانگی ئۆکتۆبەر تەواو بێ کە وادەی کۆبوونەوەیەکی لوتکەی دیکەی نێوان ئەوروپییەکان و بەریتانیایە.

# لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور هەبووە

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دەزگاکانی هەواڵگریی ڕۆژئاوا هەوڵی دزەکردنە ناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەیان داوە، بەتایبەتیش ژووری چاتی توندئاژۆکان کە لێیانەوە هەم چەکداری نوێ بۆ داعش دەدۆزرێتەوە، هەمیش پلانی هێرشی تیرۆریستی دادەنرێ. ئەم هەوڵە هەواڵگرییانەش بوونەتە هۆکاری دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری لایەنگران و ئەندامانی داعش، چونکە هەر کەسێک کە دەستگیر دەکرێ، دەست بەسەر تەلەفۆنەکەی و هەموو پەیوەندییەکانیدا دەگیرێ، لێکۆڵینەوە لە چات و پەیوەندییەکانی دەکرێ، بەو پێیەش یەک کەس دەتوانێ تۆڕێکی گەورە لە لایەنگران و ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئاشکرا بکات و ڕێگەش لە سەرکەوتنی هێرشەکانی داعش بگرێ.

لەساڵی 2014ەوە ژمارەی دەستگیرکراوانی داعش بەشێوەیەکی بەردەوام بەرزبووەتەوە، بە جۆرێک لە یەکەم ساڵی هێرشەکانی داعشدا 395 کەس لەسەر کەیسی تیرۆر لە ئەوروپا دەستگیرکران، بەڵام لە ساڵی 2016 و 2017 ئەو ژمارەیە بۆ 700 کەس بەرزبووەوە. لە ئەمریکاش نیوەی ئەو 77 کەسەی لەسەر کەیسی تیرۆر دەستگیرکراون، پەیوەندییان لەگەڵ زانیاریدەرێکی نهێنیدا هەبووە.

هەرچەندە دابەزینی بێوێنەی ژمارەی هێرشەکان مایەی دڵخۆشیی دەزگاکانی هەواڵگریی ڕۆژئاوایە، بەڵام ژمارەی زۆری هەوڵە پووچەڵکراوەکان زەنگێکی مەترسییە، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆریان لە لێواری جێبەجێکردن پووچەڵ کراونەتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی دژە تیرۆری ئەمریکا، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا دەزگا ئەمنییەکانی شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا دەستیان بەسەر 84 میلیگرام مادەی ژەهراویی ریسین دا گرت، کە لای پیاوێکی تونسی بوو. ئەوە یەکەمجارە هێرشکەرێکی داعش لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی ئەو مادە ژەهراوییە بۆ دروستکردنی بۆمب بەکاربهێنێ.

ریسین یەکێک لە کوشندەترین مادە ژەهراوییەکانە و پیتاندنی یەک گەردی ئەو مادەیە بەسە بۆ کوشتنی کەسێکی گەورە. شێوەی ئەو مادە ژەهراوییە لە تۆزی پرۆتین دەچێ، بۆیەش دۆزینەوە و پێزانینی یەکجار سەختە.

بەڵام داعش تەنیا پشت بە تەقینەوە و هێرشی خۆکوژی نابەستێ کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پێویستی بە ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی زۆر هەیە، بەڵکو داوای لە ئەندامان لایەنگرانی خۆی کردووە سادەترین ئامرازەکانی وەکو چەقۆ، بەرد و ئۆتۆمبێل بۆ هێرشکردنە سەر هاووڵاتیانی ئەوروپی و ئەمریکی بەکاربهێنن، زۆربەی ئەو جۆرە هێرشانە لەلایەن "گورگە تەنیاکان"ەوە دەکرێن، بۆیەش بەدواداچوون و دۆزینەوەیان کارێکی یەکجار سەختە.



شەکانی داعش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# سەرۆککۆمار، وەک بەرمیلێکی باروت

لەدوای کەوتنی سەدامەوە، پۆستی سەرۆککۆمار یەکێک بوو لەو هۆکارانەی جۆرێک لە متمانە و نزیکبوونەوەی لەنێوان یەکێتی و پارتی دروستکرد کە ماوەیەکی زۆر نەبوو دەستیان لە ڕشتنی خوێنی یەکتری هەڵگرتبوو. بەهۆی ئەو پۆستەوە کە وەک پشکێک بۆ بەشداری لە بەڕێوەبردنی عێراق و جۆرێک لە دڵنیایی بۆ هاوبەشیی دەسەڵات لە عێراق بە کورد درابوو، ئەم دوو هێزە قۆناغێکی نوێیان لە ژیانی سیاسی نێوانیان دروستکرد و هەردوو سەرکردەی حیزبەکەش مام جەلال و کاک مەسعود بڕیاریان دا خۆیان ڕاستەوخۆ بێنە ناو جومگەی بەڕێوەبردنەوە، کە پێشتر ئەوەیان ڕەتدەکردەوە.

ڕێککەوتنی دووقۆڵیی نێوان تاڵەبانی و بارزانی بەوەی یەکیان بچێتە بەغدا و یەکیان لە کوردستان بێت، جۆرێک لە هاوسەنگیی نێوان یەکێتی و پارتیشی لێکەوتەوە، حوکمڕانیی کوردستانیشی خستە سەر ڕێچکەی خۆی و یارمەتیدەر بوو لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، هەروەها بە دروستکردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم وەک بەدیلێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار لەلایەن مام جەلالەوە، هاوسەنگییەک بۆ پێگەی سیاسی و ئیداریی هەم پارتی و یەکێتی و هەم بۆ مام جەلال و کاک مەسعودیش دروست بوو. بەهۆیەوە کوردستانیش گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینی، مەسەلەی کورد زۆر باڵای کرد لە عێراق و ناوچەکە، جۆرێک لە متمانە و دڵنیاییشی بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی گەڕاندەوە.

چاوەڕوانکراو بوو دوای مام جەلال ئەم پۆستە بۆ کورد ببێتە سەرئێشەی گەورە. چونکە بە نەمانی مام جەلال لەسەر کورسیی سەرۆکایەتی، هاوسەنگیی نێوان پارتی و یەکێتیش تێکچوو. یەکێتی لە ساڵی 2013 بە درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی بۆ دوو ساڵ، جۆرێک لە متمانەی بە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە دایەوە و دڵنیایی ئەوەی دەستەبەر کرد کە پارتیش ئەوە لەبەرچاو دەگرێت لە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆککۆماردا یارمەتیی یەکێتی بداتەوە. ساڵی 2014 پارتی پاداشتی بنەماڵەی تاڵەبانی بەوە دایەوە کە لە کێبڕکێی نێوان ئەوان و مەکتەبی سیاسیدا بۆ دانانی سەرۆککۆمار (لە نێوان بەرهەم ساڵح و فوئاد مەعسوم)، بە یارمەتیی کاک نەوشیروان، مەعسومیان هەڵبژارد.

پارتی لەوێدا تووشی هەڵەیەکی ستراتیجی بوو، دواتریش دەرکەوت نە کاک نەوشیروان تاسەر لەگەڵی مایەوە، نە ماڵی مام جەلال پابەندی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان بوون. ئەوە بوو دوای ئەوەی دکتۆر فواد مەعسومیان پێ کردنە سەرۆک، لەگەڵ لایەنەکانی تر چوونە ڕێککەوتنی 23ی حوزەیرانەوە. ئەگەر پارتی ئەوکات لەگەڵ بنەماڵەی تاڵەبانی نەچووبایە ئەو گەمەیەوە، نە ئەو دابەشبوونە سیاسییەی دواتر بۆ ریفراندۆم دروست دەبوو، نە 16ی ئۆکتۆبەریش ڕوویدەدا.

جاری وا هەیە ڕووداوێک یان هەڵەیەک، ئاراستەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت، بە ئاقارێکیدا دەبات لە چاوەڕوانیی هیچکام لە تەرەفەکانی پەیوەست بەو ڕووداوەدا نییە. لێکەوتەی کێشەکانی پەیوەست بە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ پۆستی سەرۆککۆمار بەجۆرێک کەوتەوە، پێموانییە کەسیان چاوەڕێی ئەم ڕۆژەیان کردبێت کە ئێستا بەشێک لە سەرەتا مەترسیدارەکانی دەرکەوتوون و بە ئاراستەیەکی دروست ڕێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزرێتەوە، دوور نییە کوردستان دووچاری کێشە و ئاڵۆزیی زۆر خراپ بکات.

دوای 16ی ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی پەیوەست بە پۆستی سەرۆکی هەرێم تا هەڵپەساردنی دامەزراوەکە لە دوو مانگی ڕابردوودا، بۆ خەڵکی بەئاگا و ئەوەی تۆزێک هۆشیاریی سیاسی هەبێت، مەعلوم بوو کە پۆستی سەرۆککۆمار لەم خولەی بەردەممان دەبێتە کێشەیەکی گەورە لەناو ماڵی کورد و وەک بەرمیلێکی باروت لەبەردەم هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دەتەقێتەوە. ئێمەومانان زووتر هەستمان بەو مەترسییە کرد، لە چەند مانگی ڕابردوودا چ بە وتار و لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی بۆمان ڕەخسابێت لەگەڵ سەرکردەی هێزە سیاسییەکان، ئەو مەترسییەمان خستۆتەڕوو. ڕێگەچارەی پێویستیش بۆ ئەوەی کوردستان لە ئاڵۆزی و ناکۆکیی زیاتر دووربخاتەوە، هەر ئەوە بووە کە کورد یان دەستبەرداری پۆستی سەرۆککۆمار بێت، یان پێشوەختە ئەم پۆستە هاوتا بکرێتەوە لەگەڵ پۆست و دەسەڵاتەکانی تر و ڕێککەوتنیان لەبارەوە بکرێت بەرلەوەی بگەینە ئەو تەوقیتەی کە ڕەنگە پووچەڵکردنەوەی بۆمبەکە ئاسان نەبێت. تەنانەت پێشنیازی ئەوەشمان کرد کە کێشەی پۆستی پارێزگاری کەرکووکیش وەک پاکێجێک لەگەڵ پۆستی سەرۆککۆمار لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، بەڵام کەسیان کڕیاری ئەو ڕێگەچارانە نەبوون و هەموویان پێکەوە بەرپرسن لەوەی ئێستا گەیشتووین بەم خاڵەی کە دوور نییە پۆستی سەرۆککۆمار ببێتە خاڵی لێکترازان.

هێشتا چەند ڕۆژێکی کەممان لەپێش ماوە، ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە هەبێت بۆ ڕێککەوتن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دەربازبوون لەو تەنگژە سیاسییەی ئێستا دروست بووە. ئێستا تەواوی ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردن نوێنەریان دەرچووە بۆ پەرلەمانی عێراق، لە بچووکەوە تا گەورەترین کوتلەیان کاندیدیان ئامادە کردووە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار. ڕاستە ئەو پۆستە پشکی کوردە و هەموو لایەک ئەو مافەی هەیە بە شایستەی خۆی بزانێ، بەڵام لە دەرەوەی ئیجماعی سیاسی و بوونی هەشت کاندید، ڕەنگدانەوەی شێواویی ماڵی کورد و ڕەنگدانەوەی ناکۆکیی قووڵی سیاسییە. کێشەی گەورەتریش لەوەدایە کەسیان بیر لە لێکەوتەکانی دوای ئەوە ناکەنەوە کە بەو حاڵەوە بچنە کێبڕکێوە، ئەنجامەکانی چی دەبێت.

ڕەنگە تازە ئاسان نەبێت هەموو هێزەکان لەسەر تاکە کاندیدێکی کورد ڕێککەون، هەرچەندە دوور نییە لایەنە عێراقییەکانیش لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەمە بکەنە مەرج بۆ دەنگدان بە سەرۆککۆمار کە خۆیان نەکەن بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێم و هەمان ئەو داوایە ئاراستەی لایەنە کوردییەکان بکەنەوە. بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە هەموو هێزەکان کاندیدی خۆیان دەبەنە ناو گۆڕەپانی پەرلەمانی عێراقەوە، بەدووری نازانم ئەمە سیناریۆیەک بێت بۆ تێکدانی ماڵی کورد.

بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە ڕێکبخەن و ئەگەر لەسەر تاکەکاندیدێکیش ڕێکنەکەوتن، لەسەر ئەوە ڕێککەون کە ئەو پۆست و پشکانەی لە بەغدا وەک مافی نەتەوەیی و ئیستحقاقی ئینتیخابی بەر کورد دەکەون، بیکەن بە دوو ستوون، ستوونێکیان پۆستی سەرۆککۆمار و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەخۆبگرێت و ستوونی دووەمیش پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزارەتێکی سیادی لەخۆ بگرێت. کاندیدی پارتی و یەکێتی هەرکامیان لە پەرلەمان ستوونی یەکەمی بردەوە، ستوونی دووەم بۆ لایەکەی تر بێت. تا جۆرێک لە هاوبەشی و هاوسەنگی بۆ هەردوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێم لە بەغدا دروست بێت. ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوە پۆستی سەرۆککۆمار تەنها بەوە کۆتایی نایەت کام لا بردییەوە دۆڕاو بەگیانێکی دیموکراسیانە قبوڵی بکات، بەڵکوو دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لەسەر پشکەکانی تری کورد و لەناوخۆی هەرێمیش بە ئەندازەیەک ڕەنگ دەداتەوە کە کوردستان بەرەو دووئیدارەیی و ئەمجارە بەرەو دوو هەرێمی ببات.



ڕێبوار کەریمی

# ڕێفراندۆم و گرێپووچکەکەی بارزانی

لە جورنێپی گاریباڵدی، سەرکردەی مێژوویی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی ئیتالیا دەگێڕنەوە کاتی خۆی گوتبووی: "من وڵاتی ئیتالیای سەربەخۆ دروست دەکەم، ئێوە نەتەوەی ئیتالیا دروست بکەن". ئەو سەرکردە سەربەخۆییخوازە، تەنانەت خۆی لەو باس و ململانێیانەش نەدەگلاند کە ئاخۆ ئیتالیای سەربەخۆ پاشایەتی بێ یان کۆماری. گاریباڵدی دەیگوت؛ تەنیا یەک شت بۆ من گرینگە: ئیتالیای سەربەخۆ و ئازاد. ڕوانگەی گاریباڵدی ئارگیومێنتێکی کلاسیک و بەهێزە بۆ ئەو هێڵە ناسیۆنالیستییەی پێیوایە دەوڵەت، نەتەوە دروست دەکات نەک نەتەوە، دەوڵەت. هەڵبەت ڕوانگەیەکی پێچەوانە هەیە کە پێ لەسەر پێویستیی دابینکردنی پێشزەمینە مادی و زەینییەکان بۆ سەربەخۆیی دادەگرێت. دەشێ کەیسی فینلاند بە نموونەی پێچەوانەی کەیسی ئیتالیای گاریباڵدی لەقەڵەم بدەین. پێموابێ لەسەر ئەرزی واقیع، نموونەی باشووری کوردستان دەکەوێتە ناوبەینی ئەو دوو ڕوانگە مێژووییەی سەرەوە.

فینلاندییەکان کە سەد ویەک ساڵ پێش ئێستا، لە ساڵی 1917 - دا سەربەخۆییان لە ڕووسیە بەدەستهێنا، پێشتر نزیکەی سەد ساڵ بەشێوەی ئۆتۆنۆم، پرۆڤەی حوکمڕانییان کردبوو. ئەوان کە سەربەخۆییان بەدەستهێنا، بێجگە لەدانپێدانانی دەرەکی، تەقریبەن هەموو بنیات و پێداویستییەکانی دەوڵەتیان لەمێژبوو دامەزراندبوو. بەوەشەوە، لاچوونی سێبەری دەسەڵاتی ناوەندیی ڕووسیە لەسەریان، بوو بەهۆی تەقینەوەی لەناکاوی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژی و چینایەتییەکان و، هەڵگیرسانی یەکێک لەخوێناویترین شەڕە ناوخۆییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەویش لەناو گەلێکی بچکۆلەدا کە تازە ساڵێک نەدەبوو تامەتامەی سەربەخۆیی کردبوو. نموونەی فینلاند ئەوەش دەسەلمێنێ کە دەستەبەربوونی دامەزراوەکانی دەوڵەتیش، ناتوانێ بەتەنێ پێشگیری لە ریسکی ڕووداوە کارەساتبارەکانی دوای سەربەخۆیی بکات (بەڵام بێگومان دەتوانێ ریسکەکان کەم بکاتەوە!)

کەیسی فینلاند لەو ڕوانگەیەشەوە سەرسوڕهێنەرە کە، هیچ پرۆسەیەکی مێژوویی یان بزووتنەوەیەکی مەدەنی ئەوەندەی شەڕی بێڕەحمانەی ناوخۆ، ڕەوتی یەکدەستکردنی کۆمەڵگەی فینلاندی پێشنەخست: بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لایەنێکی شەڕەکە (سپییەکان، واتە ڕاستگەرا نەتەوەخوازەکانی مەیلەو ئاڵمانیا)، لایەنەکەی تریان (سوورەکان واتە چەپگەرا سۆسیالیستەکانی مەیلەو بۆلشەڤیکەکانی ڕووسیا) یان بەتەواوی سەرکوت و ڕیشەکێش کرد! ڕەنگە ئەمە یەکێک لە ڕادیکاڵترین نموونەکانی ساخکردنەوەی دەوڵەت- نەتەوە بووبێت لە مێژوودا. شەڕی ناوخۆ برینێکی شاراوەی کردە ڕۆحی فینلاندی کە دواجار بەرگرییەکی هاوبەش بەرامبەر پەلاماری یەکیەتی سۆڤیەت، بەشێکی زۆر لەو برینەی ساڕێژکردەوە.

کاتێک کەیسی باشووری کوردستان لەگەڵ هی فینلاندییەکان بەراورد دەکەین، دەبینین حاڵی ئێمە لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێچەوانەی ئەزموونی فینلاندییەکانە: نە هیچیەک لە هێزەکانی شەڕی ناوخۆی ئێمە ئەوی دیکەی پێ لەناوبراوە و وڵاتی پێ یەکدەست کراوە، نە بوونی دوژمنی هاوبەشیش، بەهەموو دڕندەییەکانیانەوە، هەرگیز هێزە ناکۆکەکانی ئێمەی وا لێکردووە یەکبگرن. ئەوەی کە چارەکە سەدەیەک دوای ڕاپەڕین و بوونی کیانی نیمچە سەربەخۆ و پرۆڤەی دەسەڵاتدارێتیی کوردی، ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە لوتکەی ناتەبایی حیزبەکانی کوردستاندا بەڕێوەچوو، خۆی لە خۆیدا ناسەرکەوتوویی حوکمڕانیی کوردی لە پڕۆسەی نەتەوەسازی لە باشووری کوردستان دەسەلمێنێ. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرگیز لە ساڵانی ژێردەستەییدا کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندە لێکدابڕاو و هەنجن هەنجن نەکرابوو.

دەستبردنی بەڕێز بارزانی بۆ کەیسی ڕێفراندۆم، لەو هەلومەرجە دژوارەی ساڵی پاردا، تەنیا دەکرا بەو پاساوەوە پارسەنگی بۆ ڕابگیردرێت کە ئەویش وەک گاریباڵدیی ئیتالی دەیەوێ دەوڵەت چێ ببێ و ئیتر چێکردنی ناوەڕۆکە نەتەوەییەکەی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێدەهێڵێ. بەڵام وەک بینیمان، ڕێفراندۆم ئەو ڕیسکە بێ زیانە نەبوو کە بارزانی پێش ڕێفراندۆم بەڵێنی بەخەڵک دا. بەپێچەوانەی هەموو بەڵێنەکان؛ نەک هەر دەروازە سنوورییەکان، بەڵکو زەوی و ئاسمان لەسەر کوردستان داخران. بەپێچەوانەی بەڵێنەکان؛ هیچ "دەوڵەتێکی دۆست" دانی خێری بە ڕێفراندۆمدا نەنا. بەپێچەوانەی بەڵێنەکان، نەک هەر سەروەریی باشووری کوردستان دابین نەبوو، بەڵکو بەچاوترووکانێک زیاتر لە سەدی پەنجای خاکی ئازادکراوی باشووری کوردستان لەژێر دەستی سەدان هەزار پێشمەرگە دەرهێنرا و .. تاد. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانین، دەبێ کوردگوتەنی بڵێین؛ بۆ ڕیش چووین، سمێڵیشمان دانا!

هەڵبەت من ساڵی پار لە نووسینێکدا وتوومە و ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم کە ڕێفراندۆم وەک تاقانە ئەزموونی هەڵوێست دەربڕینی گشتگیر و ئاشتیانە و دیمۆکراتیکی نەتەوەی کوردستان سەبارەت بە چارەنووسی خۆی، خاوەنی بەهایەکی مێژوویی تایبەتە و نابێ قەدری بشکێنرێت. بەوەشەوە بارزانی، وەک باڵاترین مەرجەعی بڕیاری سیاسی لەسەر ڕێفراندۆم، تەنیا لە ڕێفراندۆمەکە بەرپرسیار نییە، بەڵکو لە پێشزەمینە لاوازەکان و پاشهاتە کارەساتبارەکانیشی بەرپرسیارە. بۆیە بەبڕوای من داوەریی مێژوو لەسەر بارزانی، نە بەو شێوە گەشە دەبێ کە شەیدایانی بەڕێزیان بۆی دەچن، نە بەو شێوەیە ڕەشەش کە نەیارانی دەینرخێنن. پێموایە زۆر کەس لەسەر لایەنی گەشی ڕێفراندۆم و بڕیارەکەی بەڕێز بارزانی نووسیویانە و دەنووسن. من دەمەوێ باس لە شتێکی تر بکەم:

ئێستا ئیتر ڕەنگە هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕابین کە ڕێفراندۆم بە خراپترین و لاوازترین پێشزەمینەوە ئەنجام درا، چونکە هەم شپرزەیی ناوماڵی کوردمان بینی، هەم بێبناغەبوونی زۆربەی زۆری ئەو بەڵێنانەی بیانییەکان بە بارزانی و تیمە داخراوەکەی پێوەندییەکانی دەرەوەی دابوویان. ئەوەی لێرەدا شیاوی لەسەر ڕاوەستانە ئەوەیە کە بەشی زۆری پاشهاتەکانی ڕێفراندۆم (تەنانەت بە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەریشەوە)، ئەنجامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێشزەمینە لاوازەکەی ئەنجامدانی ڕێفراندۆم بوو. خەمساردی لە یەکخستنەوەی ناوماڵی سیاسیی کورد، بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر؛ ئەویش برسی و نانبڕاو، بەدامەزراوەیی نەکردنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و مەحرووم‌بوونی کورد لە سیاسەتێکی دەرەوەیی فرەڕەهەندی پشتبەستوو بە لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی فرەلایەن و، دەردی سەرباری هەموو دەردەکانیش، نەبوونی سیستمێکی بەرگریی بەدامەزراوەییکراوی نیشتمانی، ئەمانە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان زەمینەسازی ئەوە بوون کە کورد لە دوای ڕێفراندۆمەوە بەوشێوەیە لاواز دەربکەوێ.

ئەزموونی ڕێفراندۆم هیچ قازانجێکی نەبووبێ، ئەو ڕاستییەی جارێک بۆ هەمیشە بۆ سەلماندین کە شێوازی "دەوڵەتسازیی گاریباڵدییانە" بە کەڵکی کوردستان نایە: ماڵی بێ کۆڵەکە سەرناگرێ؛ دەوڵەت- نەتەوەی بێ بنیات بەسەر نەتەوەکەیدا دادەتەپێ.

ئێستا کە ڕێفراندۆمی 25 ی ئەیلول و کارەساتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر هەردووکیان بوونە بەشێک لە توێشەبەرەی ئەزموونە مێژووییەکانی میللەتی ئێمە، دەشێ بپرسین ئاخۆ چی ماوە بارزانی بیکات؟ بێگومان، زۆر لەوانەی خەونی گولییان بە ناوبراوەوە دەبینی، وایان لێکدەدایەوە کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە خێری بارزانیش بەخشراوەتەوە. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان سەلماندوویانە کە بارزانی ئێستا لە هەموو کات زیاتر کاریگەری لەسەر کایەی سیاسیی کوردستان هەیە. من پێمخۆشە هاوڵاتانە ئەوە بپرسم کە ئاخۆ ڕەوایە ڕەوتی کاری بارزانیی پۆست- ڕێفراندۆم هەر وەک بارزانییەکەی پێش ڕێفراندۆم بێت؟ سۆهرابی سێپێهری شاعیر، کاتی خۆی سیاسەتی بە شەمەندەفەرێک شوبهاندبوو کە بە بەتاڵی ڕێ دەکا. بەڕاستیش بەشێکی زۆری چالاکییە سیاسییە حیزبییە ڕۆژانەکان، بێهوودەترین جۆری تەمەن بەفیڕۆدانی مرۆڤە! ئایا بارزانی لەدوای ڕێفراندۆمیشەوە هەروا توانایی سیاسی و مەعنەویی خۆی بە تێپەڕاندنی ئیشە حیزبییە ڕۆتینەکان بەفیڕۆ دەدا؟

بەهۆی ڕێفراندۆمەوە بارزانی ویستی مێژوویەکی نوێ بخوڵقێنێ. ڕەوتی ئەو مێژووخوڵقاندنە بە نیوەناچڵی مایەوە. هێندێک بەدبینانە باس لە زیندەبەچاڵکردنی "پرۆژەی سەربەخۆیی" دەکەن. ڕوانگەی خۆشبینانە ئەوەیە کە باس لە "پرۆسەی سەربەخۆیی" بکەین. پرۆسەیەک کە کاری زیاتری پێدەوێ. بەبڕوای من هیچ شتێک وەک شێوەی کار و تێکۆشانی لەمەبەدوای بارزانی، نابێتە مەحەکی جدیبوون یان نەبوونی ناوبراو لەو پرۆژەیەدا کە ساڵی پار دەستی بۆ برد. ئەگەر بارزانی بیەوێ لەسەر ئەو ڕەوتی مێژووسازییە بەردەوام بێت، ئەگەر بیەوێ ڕێفراندۆم وەک پرۆژەیەکی جێگەی بەرگری لە یادەوەری و ئەجندای سیاسی- نەتەوەیی کورددا بمێنێتەوە و، هەر لەو سۆنگەیەشەوە مێژوو نرخاندنێکی پۆزەتیڤ بۆ نەخش و کەسایەتیی ئەو بکات، ئەوە تەنیا بەوە دەکرێ کە لە نەریتی حیزبایەتیی تا ئێستای باشووری کوردستان لابدات. چونکە هیچ فاکتەرێکی مێژوویی ناوخۆیی یان دەرەکی، ئەوەندەی کولتووری حیزبایەتی، ڕۆحی نەتەوەیی و یەکانگیری نیشتمانیی باشووری کوردستانی هەڵاهەڵا نەکردووە.

ئەگەر بڕێک کۆنکرێتتر بدوێین، مەحەکی لەمەبەدوای هەڵسەنگاندنی کاری بارزانی دەشێ ئەوە بێ کە بزانین ئاخۆ چەندە لێبڕاوانە کار بۆ پێکهێنانی یەکانگیریی نەتەوەیی دەکا. بارزانی سەرۆک و بڕیاردەری بێ ئەملاوئەولای حیزبێکە کە حیزبی یەکەمی کوردستانە. کەواتە، کەس ئەوەندەی بارزانی دەسەڵاتی سیاسی و مەعنەویی لە کوردستانی ئەمڕۆدا نییە، بۆیە هیچ حیزب و تاکەکەسێکیش ئەوەندەی ئەو لە دۆخی لەمەبەدوای باشووری کوردستان بەرپرسیار نابێت.

هاوڕاییەکی بەرین هەیە لەسەر ئەوەی کە سەبەبکاری سەرەکیی ژێردەستەمانەوەی ئێمە، چەندبەرەکیی ناوخۆمان بووە. هەڵبەت تێپەڕین لەم دۆخە بە هەناوی دیلەما و گرێپووچکەیەکی سەختدا تێپەڕ دەبێ: بەبڕوای من دیلەمای گەورەی مێژوویی کورد واتە ئەو شتەی کە کێشەی ئێمەی کردووە بە قەزیەیەکی "مانع الجمع"، ئەوەیە کە بۆ سەربەخۆیی پێویستمان بە یەکگرتوویی هەیە، بەڵام یەکگرتووییشمان بەبێ سەربەخۆیی وەدی نایەت! بەبڕوای من، خۆدان لە کەیسی ئاڵۆزی سەربەخۆیی کورد، بەگژداچوونەوەی ئەو گرێپووچکەیەیە. بارزانی بەهۆی ڕێفراندۆمەوە ویستی لە ڕێیەکی قەدبڕەوە بەگژ ئەو گرێپووچکەیەدا بچێ. بەڵام زۆر لە ڕەخنەگران پێیانوایە ڕێفراندۆم گرێکەی ئاڵۆزترکرد.

بەوەشەوە، کارنامەی بارزانی هێشتا کراوەیە. بەبڕوای من پێگەی مێژوویی- نەتەوەیی بارزانی، نەک بە خودی ڕێفراندۆم یاخود ئەنجامەکانی تا ئێستای، بەڵکو بە جۆری مامەڵەی بارزانی لەگەڵ پاشهاتەکانی ڕێفراندۆمدا دیاری دەکرێ. ڕوونتر بڵێم: گرینگ نە ڕێفراندۆمە، نە سەربەخۆیی، بەڵکو گرینگ کردەوەی کۆنکرێتیی بارزانییە لە نێوان ڕێفراندۆم و ئامانجی سەربەخۆییدا. دوو ڕۆژ پێش ڕێفراندۆمەکەی ساڵی پار بارزانی لە ڕستەیەکی بەناوبانگدا وتی: "من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم". بارزانی ئێستا دەتوانێ شانازییەکی مەزنی نەتەوەیی لە مێژوودا بۆخۆی تۆمار بکا، بەو مەرجەی کە لە دەرەوەی "شەمەندەفەرە بەتاڵەکەی سیاسەت" واتە ڕۆتیناتی حیزبایەتییەکی ماڵوێرانکەر، خۆی بۆ یەکانگیرکردنی ناوماڵی کورد تەرخان بکات. ڕەنگە زۆر ڕەخنەگری نائومێد ئەم هیوایەی من بە خەیاڵپلاو بزانن. من بەڵام پێمخۆشە بەم هیوایەوە بژیم. دەشزانم "یەکانگیرکردنی ناو ماڵی کورد" پرسێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە. بەڵام یەک کار دەتوانێ دەسپێکێکی جێی متمانە و سەنگی مەحەکێکی پراوپڕ بێت بۆ بەڕێز بارزانی: گێڕانەوەی کەرامەت و بەهای مێژوویی بۆ پێشمەرگە! ئەمەش تەنیا بەیەک شت دەکرێ: دواییهێنان بە مێژووی کارەساتباری "پلۆرالیسمی چەکداری" و "حیزبی چەکبەشان" و، پێکهێنانی یەک هێزی چەکداری سەربەخۆی نیشتمانی، سەربەخۆ لە هەموو حیزبەکان، بە پارتی دیمۆکراتی کوردستانیشەوە! ئایا بارزانی ئەم گرەوە مێژووییە دەباتەوە؟ با چاوەڕوان بین!

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

ژمارە ( 522 ) – دووشەممە 2018/9/24



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar@rudaw.net

# یەکێتی یاری بە کلکی شێر کرد

## 1

ئەڵبەتە ئەگەر نێچیرڤان بارزانی قەبوڵی کردبایە ببێ بە بەربژێری پارتی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، بێ هیچ ئەملا و ئەولا و بە مسۆگەری سەرۆکی داهاتووی وڵاتی بەناو عێراق دەبوو. تا دوا ساتەکانیش و پێش ئاشکراکردنی ناوی بەربژێری پارتی بۆ ئەو پۆستە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ نێچیرڤان بارزانی ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام ڕەنگبێ باشترین بەهانەی نێچیرڤان بارزانی ئەوە بووبێت کە توانای قسەکردن بە زمانی عەرەبیی نییە!

دەمێکە سەرۆک بارزانی ئەوەی لای خۆی یەکلا کردووەتەوە کە نە ئەو پۆستە و نە پۆستی پارێزگاری کەرکووک نەدرێتەوە بە یەکێتی و لە بەرامبەریشدا یەکێتی چ پۆستێکی لە بەغدا دەوێ بیانداتێ. سادەترین ئارگیۆمێنتی سەرۆک بارزانی ئەوەیە کە "با یەکێتی لە سێ خولی ڕابردوودا کە پۆستی سەرۆککۆمار (بە خول و نیوەکەی تاڵەبانیشەوە) لای ئەوان بووە، سێ دەستکەوت بۆ گەلی کوردستان بژمێرن کە بەهۆی ئەو پۆستەوە بەدی هاتووە، ئەو کاتە ئاساییە بۆ جاری چوارەمیش داوای بکەنەوە!"

سەربارى ئەوەی کە پارتی چەندینجار بە یەکێتی گوتووە ئەمجارە ئەو پۆستەیان پێنادرێتەوە، هەفتەی ڕابردوو یەکێتی بێ گەڕانەوە بۆ پارتی دکتۆر بەرهەم ساڵحیان بۆ ئەو پۆستە کاندید کرد. ئەڵبەتە پارتی لەوە بێخەبەر نەبوو، چونکە دەیزانی بەرهەم ساڵح چەند مانگێکە لەگەڵ ماڵباتی تاڵەبانی لە گفتوگۆدایە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی و، لە بەرامبەریشدا بەربژێر بکرێت بۆ پۆستی سەرۆککۆمار. لێرەدا تەنها ڕەزامەندیی پارتی پێویست بوو کە لەو چوارچێوەیەدا چەندجارێک یەکتریان دیت، بەڵام پارتی هیچ بەڵێنێکی پێ نەدان. ڕەنگبێ ئەگەر بەرهەم ساڵح کاندیدی یەکێتی نەبووایە، ئێستا شانسی زیاتری هەبووایە، بەتایبەت کە پێشتر لەگەڵ بڕیاربەدەستانی پارتی لە دەرەوە لەوبارەیەوە کۆبووتەوە و، تەنانەت دەکرا وەک کەسێکی تێکنۆکرات ببێ بە کاندیدی هاوبەشی پارتی و یەکێتی. بەڵام تازە ئیتر درەنگە، پارتی هەم بەربژێری هەیە و هەم ئیشیشی بۆ دەکات، بە تایبەتی کە توانی ڕۆژی دەنگدان بۆ ئەو پۆستە لە پەرلەمانی بەغدا دوابخات بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول و، بەمەش ڕێگەی نەدا لە ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆییدا، سەرۆک بۆ وڵاتی بەناو عێراق هەڵبژێردرێت. تەریب لەگەڵ ئەوەشدا بێ گەڕانەوە بۆ یەکێتی کار بۆ سەرخستنی کاندیدەکەی دەکات و پشتئەستوورە بەوەی کە هەموو لایەک (بە ناوخۆیی، ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە) مەمنوونی ئەوەن پارتی پۆستی سەرۆککۆمار وەربگرێت تا پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر ئاسایی ببنەوە.

# فیکەی حەرامزادە!

## 3

یەکێک لەو ئەسبابانەی کە پارتی بەو شێوەیە گیری بە بەرهەم ساڵح داوە و کردوویەتی بە هێڵی سوور، پشتیوانیی لاهوری جەنگییە لەو پیاوە کە لای پارتی هێڵی سوورە. جیا لەوەش یەکەمجارە جووت خوشکەکە (هێرۆ و شاناز) لەگەڵ پارتیدا یەک هەڵوێستیان هەیە و تەنانەت لە داخی بەرهەم ساڵح حەز دەکەن ئەو پۆستە بەر پارتی بکەوێت! لاهور وا خۆی نیشان دەدات کە فراکسیۆنەکەی یەکێتی لە بەغدا هەموویان سەر بە ئەون، بەڵام هێرۆ برایم ئەحمەد بە ڕاشکاوی بە پارتیی ڕاگەیاندووە کە بەرهەم ساڵح کاندیدی ئەوان نییە و تەنانەت لەتیفی جەمالی خەزێنەش (دکتۆر لەتیف ڕەشید) نەکشاوەتەوە. بۆیە 18 دەنگەکەی یەکێتیش لە بەغدا سەد لە سەد بۆ دکتۆر بەرهەم مسۆگەر نین.

خۆی گوتەنی قەرار نەبوو لاهوری جەنگی لەم هەڵبژاردنانە هیچ قسەیەک لە قازانجی زڕئامۆزاکەی (قوباد) بکات، بەڵام بەو دوو قسەیەی کە لە بازیان کردنی، هێندەی دیکە کاری دکتۆر بەرهەمی لەبەرامبەر پارتیدا قورس کرد، کاتێک پارتییەکانی بە "سەگ" شوبهاند! بەڵام ڕاستییەکەی دکتۆر بەرهەم خۆی خەتابارە کە بە پەتی ئەو دوو کەسەوە (لاهور و بافڵ) خەریکە دەچێتە ناو بیرێکەوە بنی دیار نییە. ئەوان پاداشتی 16ی ئۆکتۆبەریان لە بەغدا وەرگرتووە و تازە لەوێ هیچ حیسابێکیان نەماوە.

# پارتی بەتەمای چییە؟

## 2

ڕاستییەکەی پارتی دەستی لە یەکێتی شووشتووە و پێیوایە شتێک بەناوی یەکێتی نەماوە، ئەوەی ماوە جگە لە چەند کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و جەماوەرێکی دڵسۆز، ئەوەی دیکەی هەمووی بریتییە لە سەفەقاتی پارە، بەرتیل و سەرانەستاندن.

حیزبێک کە هیچ ڕوانگایەکی ستراتیژیی بۆ ئایندە نییە و دابەش بووە بەسەر دەیان گرووپی مافیایی. هەر لەو ڕوانگەیەشەوەیە کە ئەمجارەیان ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەک پۆستی سەرۆککۆمار بدرێتەوە ئەوان، چونکە بەردەوامیی یەکێتی لەو پۆستەدا مانای ئەوەیە کە پارتی مۆری بەڵێ بۆ ئەو هەموو کارە نایاسایی، قازانجە با هێندراو و دەسەڵاتە مافیاییەی تاقمەکانی ناو یەکێتی لێدەدات. هەر بۆیەشە سەرۆک بارزانی دەرگای خۆی بەسەر هەموو موبادەرەیەک کە بەو ئاراستەیەدا بێت، داخستووە، مەگەر ئەوەی یەکێتی لەو ڕووەوە تەنازول بکات.

قسەکانی نێچیرڤان بارزانی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە هەولێر پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەو گوتی: "ڕابردوو سەلماندوویەتی کە شەڕاکەتی لاواز، لەرزۆک و بێ بەرنامە زیاتر کۆسپ دروست دەکات، نەک پێشکەوتن"، ئەوە پەیامێکی ڕوونە کە پارتی بەدوای حکومەتی زۆرینەوەیە لە دوای 30ی ئەیلول و، منەتیشی بەوە نییە کە لێکەوتەی ئەو ململانێیە چی دەبێت، تەنانەت ئەگەر کۆتاییەکەی بەوەش بگات کە کوردستان ببێتەوە دوو ئیدارە.

لەوەش زیاتر گرنگە یەکێتی لەو هەنگاوەی ئێستایدا ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئەگەر کاندیدی یەکێتی تەنانەت بتوانێ لە پەرلەمانی بەغداش سەرکەوتن بەدەست بێنێت، پارتی ئامادە نییە دانی پێدا بنێت، پەیامی پارتی بە کورت و کرمانجی بۆ یەکێتی و هەموو هێزە عێراقیەکانیش ئەوەیە کە: "نە دانی پێدا دەنێین و نە ڕێگەش دەدەین پێ بنێتە هەولێر"!



ئازاد وەڵەدبەگی

# ئەرکێکی گرنگ لەبەردەم نوێنەرانی کورد لە بەغدا

دەستووری عێراق لە بەندی (1) دا، ئەم وڵاتەی وەک وڵاتێکی فیدراڵی پێناسە کردووە، بەڵام ئەزموونی فیدراڵی لە عێراق و تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەزموونێکی دەوڵەمەند نییە و مێژوویەکی درێژی نییە. هەربۆیە کولتووری تایبەت بەم سیستەمە، لەم وڵاتەدا وەک پێویست جێگیر و چەسپاو نییە. بەم هۆیەشە کە دەبینین، لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، بەشێکی زۆر لەو دامەزراوە و دامودەزگایانەی کە دەتوانن فیدراڵیزم لە وڵاتدا بچەسپێنن، هەموویان دراونەتە دەست داهاتوویەکی نادیار و دەستوور دەڵێت کە بە یاسا ڕێکبخرێن، وەک ڕێکارە جێبەجێکارییەکانی دامەزراندنی هەرێمی نوێ، ئەنجوومەنی فیدراڵی، دادگای باڵای فیدراڵی، دەستەی گشتی بۆ چاودێریی تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکان و دەستەی گشتی بۆ گەرەنتیکردنی مافی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمدا.

هەر کە باس لە دەسەڵاتی یاسادانان دەکەین، یەکسەر بیرمان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دەچێ، لەکاتێکدا دەستووری عێراق پێکهاتەی دەسەڵاتی یاسادانانی بە دووانەیی داناوە و، لە بەندی (48)ی دەستووردا دەڵێت: "دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی فیدراڵی پێکدێت". هەروا لە بەندی (65)ی دەستووردا هاتووە: "ئەنجوومەنێکی یاسادانان پێکدێت کە بە ئەنجوومەنی فیدراڵی (مجلس الاتحاد) ناو دەبرێت، نوێنەری هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەناو هەرێم لەخۆ دەگرێت. پێکهێنان، مەرجەکانی ئەندامێتی و دەسەڵاتەکانی و هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارە، بە یاسا و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕێکدەخرێت".

ئەمەش شتێکی سەیر یا ڕێکەوت نییە، چونکە دەسەڵاتی یاسادانان لە زۆربەی وڵاتانی فیدراڵی جووت ئەنجوومەنییە. هەرچەند ئەم بیرۆکەیە، سەرەتا لە وڵاتانی سادەی وەک بەریتانیا سەریهەڵداوە، بەڵام پاشان گوازرایەوە بۆ وڵاتانی خاوەن سیستەمی فیدراڵی. ئەم ئەنجوومەنە، لە وڵاتانی فیدراڵی بە ناوی جۆراوجۆر ناودەبرێت وەک ئەنجوومەنی پیران، ئەنجوومەنی دووەم، ژووری دووەمی پەرلەمان، ئەنجوومەنی یاسادانانی دووەم و ئەنجوومەنی فیدراڵی. ئەگەرچی لەوانەیە جیاوازی لە ناودا هەبێت، بەڵام لەڕووی واتا و ئامانج و ناوەڕۆکەوە یەکن. ئامانج لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدراڵی لە وڵاتانی فیدراڵی، چەسپاندنی پرەنسیپەکانی بەشداریکردن و نوێنەرایەتی یەکسانی هەرێمەکانە لەناو دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا، ئەویش لە ڕێگەی پاراستنی بەرژەوەندیی هەرێمەکان لەناو دەسەڵاتی یاسادانانی وڵاتدا. هەروا ڕێگە دەگرێت لە سەرەڕۆیی و تاکڕەویی ئەنجوومەنی نوێنەران لە دەرکردنی یاسا و بڕیاردا.

لە هەموو سیستەمە فیدراڵییەکاندا جۆرێک لە ململانێی سروشتی لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا هەیە. هەریەک لەو دوو ئاستەی دەسەڵات، هەوڵی بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتەکانی خۆیان دەدەن. ئەنجوومەنی فیدراڵی، وەک بەشێکی گرنگ و کارای دەسەڵاتی یاسادانان، بەو پێیەی نوێنەرایەتی یەکسانی هەرێمەکانی تێدایە، دەتوانێ ڕۆڵی هاوسەنگکردن بگێڕێت و، وەک پارێزەری ماف و بەرژەوەندیی هەرێمەکان دەربکەوێت. سیستەمی جووت ئەنجوومەنی، بە یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی سیستەمی فیدراڵی دادەنرێت، ئەمەش وای کردووە هەندێ کەس بێنە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە هەموو سیستەمە فیدراڵییەکان، دەسەڵاتی یاسادانانی جووت ئەنجوومەنی پەیڕەو بکەن. بەپێی ئامارێک، لە ساڵی 2012 لە کۆی (25) دەوڵەتی فیدراڵی، (19) دەوڵەت خاوەن سیستەمی جووت ئەنجوومەنی بوون، کە دەکاتە (76%)ی دەوڵەتە فیدراڵییەکان.

هەروەک گوتمان بەپێی دەستووری عێراق، دەسەڵاتی یاسادانان جووت ئەنجوومەنییە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی یاسادانانی ئەمڕۆی عێراق، دەسەڵاتێکی ناتەواوە و ئەمەش دەبێتە عەیبێکی ڕواڵەتی لە کاتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانیدا، چونکە بەپێی دەقی ڕاشکاوی دەستوور، دەبێ ئەنجوومەنی فیدراڵی لە پاڵ ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەبێت و، هەردووکیان پێکەوە دەسەڵاتی یاسادانان تەواو دەکەن، ئەمەش وادەکات دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراقدا، بچێتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

جگە لەمە، لە بەندی (137)ی دەستووردا هاتووە: "ئەحکامی تایبەت بە ئەنجوومەنی فیدراڵی لە هەر شوێنێکی ئەم دەستوورەدا هاتبێت دوادەخرێت، هەتا دەرچوونی بڕیار لە ئەنجوومەنی نوێنەران، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ، پاش خولی هەڵبژاردنی یەکەم کە لە پاش بەرکاربوونی ئەم دەستوورە گرێ دەدرێت".

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە یاسادانەری دەستووری عێراق، هەر لە سەرەتاوە گرنگی بە دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە نەداوە، چونکە دەبوو هەروەک چۆن دامەزراندن، پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە بەندەکانی (49- 64)ی دەستووردا ڕێکخستووە، ئاواش پێکهاتە، مەرجەکان و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی فیدراڵیشی لەناو دەقی دەستووردا ڕێکبخستایە. هەربۆیە، بە جێهێشتنی پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنە بۆ یاسا و لە ڕێگەی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، بۆ خۆی جێی پرسیار و سەرسوڕمانە. چونکە وا گریمانە دەکرێت، کە ئەنجوومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجوومەنی نوێنەرانە. ئایا گونجاوە دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە بدرێتە دەست ئەنجوومەنی نوێنەران تاوەکو یاسا بۆ ئەنجوومەنێکی هاوشان و هاوبەش لە دەسەڵاتەکانی خۆی دابنێت. هەروا بەندی (137)ی دەستوور، کە باس لە دواخستنی ئەحکامەکانی تایبەت بە ئەنجوومەنی فیدراڵی دەکات، نیشانەی ئەوەیە کە هەر ئەوکاتیش مشتومڕ و ناکۆکیی زۆر لەسەر ئەم ئەنجوومەنە هەبووە، بۆیە بڕیار دراوە کە دروستکردنی ئەم ئەنجوومەنە دوابخرێت.

سەرەڕای ئەوەی کە پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی فیدراڵی پێشتر خراوەتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام تاکوو ئێستا نەیتوانیوە ڕووناکی ببینێت. بەو پێیەی ئەم ئەنجوومەنە، دەتوانێ زامنی مافی هەرێمەکان بێت و بڕیار و یاساکانی ئەنجوومەنی نوێنەران هاوسەنگ بکاتەوە، هەربۆیە پێویستە، نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەوڵی پەسەندکردنی خێرای پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی فیدراڵی بدەن و بیکەنە بابەتێکی لە پێشینە لە کار و ئەرکەکانی خۆیاندا و، لە فەرامۆشکردن و پشتگوێخستن ڕزگاری بکەن. بە جۆرێک کە ئەنجوومەنی فیدراڵی، ئەنجوومەنێکی هاوتا و هاوشانی ئەنجوومەنی نوێنەران بێت، نەک ببێتە پاشکۆی ئەنجوومەنی نوێنەران. پەسەندکردنی یاسایەکی لەو جۆرە، هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا کە هەتا ئێستا بە ناتەواوی ماوەتەوە و، ئەمەش بووەتە سەرچاوەی بەشێک لە کێشەکانی ئەم وڵاتە.



ناسر باباخانی

# شەقام، سارێژکەری زام!
# (چیرۆکی هاشتاگ و مووشەک)

## (1)

«شەقام» بە تەنیا هەر شوێن نییە، شەقام واتا و مانای ڕاستەقینەی ژیانە. تەنیا شوێنێکە کە دەکرێ متمانەی پێ بکەی. ئەوەی لە شەقام فێری دەبی لە هیچ شوێنێکی دیکە فێری نابی. هیچ زانکۆیەک، هیچ دەسەڵات و حکوومەتێک، هیچ مزگەوت و کڵێسەیەک وەک شەقام ڕاستگۆ نین. شەقام لە زەمەنیش ناچێ، چون هەموو کات و ساتەکانی لە هەموو قۆناغێکی تەمەندا هی تۆن، شەقام ئاوێنەی باڵانوێنی ڕووحی تاکەکانە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا. تەنانەت ئەو کات کە بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێ، لێوڕێژە لە وانە، بۆ فێربوون! لە شەقامدا خۆتی بەبێ دەمامک، وەک هەزاران و سەدان هەزار کەسی دی، دێی و دەچی بەبێ جیاوازی لەگەڵ دیتران. شەقام دەریایە بۆ مەلەوانی ئازا و بەجەرگ.

(لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم)

## (2)

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ مانگرتنەکان و جووڵە مەدەنییەکانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بتوانێ بۆ شرۆڤەی مانگرتنە حیماسییەکەی 21ی خەرمانان یارمەتیدەر بێ.

شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جاران هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایمە لەسەر خەت بووە، تەنانەت بەنیسبەت پارچەکانی تریشەوە.. شەقامەکانی ڕۆژهەڵات لە قاڵبی خەباتی مەدەنیدا بەردەوام داکۆکییان لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا کردووە، لە بۆنە جۆربەجۆرەکانی ئەم پارچانەدا.

لەلایەکی تریشەوە لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی تایبەتی، دووکان و بازاڕ دادەخا و مانگرتنی سەراسەری سازدەکا. لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، لە سێدارەدانی شەهید فەرزاد کەمانگەر، شەهیدکردنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی 59 لاوی شاری مەهاباد و... بوێرانە دەنگ هەڵدەبڕێ و مان دەگرێ و تێچووی قورسیشی بۆ دەدا.

کۆی ئەم نموونانە گوزارە لەوە دەکەن، شەقام لە ڕۆژهەڵات چەمکێکی جیاوازە. بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە! شەقام تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە!

لەڕاستیشدا ئەوە لەسەر شەقامە کە ناسیۆنالیزمی کوردی، خەریکی تەقەڵ و درووومانی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ «پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی» وەک دوامەبەست، بە ئاکام بگەیەنێ.

مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی «کەلێن» بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی.

ئەم کەلێنانە بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و، لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەکان بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:

یەکەم: هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و درووومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

دووەم: نەهاتنەدەری خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی 21ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هاشتاگی #من_لەماڵ_نایەمەدەر لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی ناوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هاشتاگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

دژکردەوەکە ئەوەندە خێرا و بەربڵاو بوو کە کۆماری ئیسلامیی تووشی شۆک کرد. ئەگینا بەپێی ئەو ناسیاوییەی لە کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەم هێرشە تیرۆریستییە درێژەی دەبوو بە ئاقاری مەترسیدارتردا. هەرچەند حاشا لەوە ناکرێ هێرشەکەی سەر قەڵای دێموکرات، کارەساتێکی زیانبار بوو بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و کۆستێکی گەورە بوو، بەڵام بێ هیچ شک و گومانێک مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەهاتنەدەری خەڵک لە ماڵەکانیان، سارێژی برینی شەهیدبوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ئێعدامی سێ گەنجی جیابیری سەر جەستەی نیشتمانی کردەوە. بۆیە ڕۆژی 21ی خەرمانان دەبێ بکرێ بە ڕۆژی خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی!

لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەشدا، لاموایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتۆتە پارچەکانی دی و ڕەگئاژۆی کردووە و خەریکی تەقەڵ و درووومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە. ڕۆژێک بۆ پەسەندی فیدراليزم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە سەر شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی بۆ ڕۆژئاوا، ڕۆژێک بە بیانووی دەسبەسەرکردنی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و بۆ هەموو ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان.

## (3)

ئەم ڕۆژانە لێکداڵێکدا ئەم پرسیارە لەسەر ساحەی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستان قوت دەبێتەوە: بۆچی هێرش کرایە سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ساتەوەختەدا؟

دیارە زۆر هۆکار دەسنیشان کراوە بۆ هێرشی کۆماری ئیسلامی وەک:

– کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کاتەدا وەک ستراتیژی شاراوە و ئاشکرای خۆی، دەیەوێ بە خولقاندنی قەیران، خۆی لە قەیران ڕزگار بکا.

– پەیامێک بۆ ئەمریکا، پەیامێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و پەیامێک بۆ هاوپەیمانان کە دەکرێ وەک هەڕەشە دێکۆدەی کەین!

– لە دوای شکانی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سووتاندنی کۆنسوڵخانەکەی لە بەسرە، لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ قەرەبووی سومعەی تێکشکاوی.

– دارمانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناوخۆی ئێران.

– گوشارە دەرەکییەکان، بەتایبەتی گەمارۆکانی ئەمریکا

– بەئامانجکردنی لایەنێکی تایبەت بۆ مەبەستێکی تایبەت.

و... زۆر هۆکاری تر. بەڵام هۆکارەکان هەرچییەک بن، بێ چەند ئاکامێکی گرینگی لێکەوتەوە:

– دووپاتبوونەوە و جەخت لەسەر نەبوونی شەرعییەتی سیاسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دەتوانین زیاتر وەک جۆری پەیوەندی وڵاتێکی داگیرکراو و وڵاتێکی داگیرکەر لێی بڕوانین!)

– یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی ناوخۆ.

– بە تەعبیری هەندێ کەس ئەمە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی "نا" بوو بە کۆماری ئیسلامی کە چل ساڵ لەوەپێشیش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێچەوانەی تەواوی خەڵکی ئێران بە کۆماری ئیسلامییان گوت: نا!

– ڕەوابیدان بە خەباتی چەکداری (دەسەڵاتێک کە شەڕ پێدەفرۆشێ، دەسەڵاتێک کە قەڵاچۆت دەکا... دەبێ و دەکرێ بە چەک بەرەنگاری ببییەوە.)

– وەک چۆن ئەم مانگرتنە لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەتی ئەمساڵ وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕی لێهات، دەبێ چەکی "من لەماڵ نایەمەدەر" بەدەستی خەڵکەوە بێ و بەردەوام لەسەرپێ بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و ئازادیکوژ!

– سۆشیالمیدیا بەستێن و بواری دەنگهەڵبڕینی ئۆنلاینی بۆ خەڵک ڕەخساند تا بە هاشتاگێک ڕووبەڕووی مووشەکە ڕووسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

ئەگەرچی جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد جارێکی تر بریندار بوو، بەڵام بێگومان ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە زامەکانیان سارێژ کردەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# جەلال پەرێشان بە کورسییەکی شکاویش رازییە

6

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net







زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی کە 8 لقی لە ئەمریکا هەیە و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێم، لقی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و تاکە زانکۆی راستەقینەی ئەمریکی یە لە ئێراق و کوردستان. ئەم زانکۆیە خاوەنی 10 دانپێدانانی ئەمریکی و جیهانی یە و سەرجەم سیستمی خوێندن، مەنهەج، کامپێسی ئەلکترۆنی و بڕوانامەکانی لە ئەمریکاوە دێن. ئەم زانکۆیە ئەمساڵ 2 سکول بە چەندین بەشەوە دەکاتەوە:

- سکولی بیزنس و بیزنسی نێودەوڵەتی بەم بەشانەوە:
- ژمێریاریی و دارایی
- سەرچاوە مرۆیی یەکان
- بەڕێوەبردنی کار
- بەڕێوەبردنی گاز و نەوت

**سکولی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بەم بەشانەوە:**
- ئەندازیاری پرۆگرامەکانی مۆبایل و وێب
- ئەندازیاری سایبەر سکیوریتی
- ئەندازیاری تیلێکۆمیونیکەیشن
- ئەندازیاری نێتوۆرک
- ئەندازیاری داتابێیس
- ئەندازیاری سۆفتوێر

هەروەها ئەم زانکۆیە ئینستیتوتی زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە بۆ خوازیارانی فێربوونی زمان کە 6 ئاستی هەیە و قوتابییان ئامادە دەکات بۆ خوێندنی ئاکادیمی، بیزنس, گفتوگو یان بۆ تاقیکردنەوەی ئایل و تۆفل.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەی خوارەوە:**

1616 970 750 00964

1616 980 750 00964

ئادرێس: هەولێر- شەقامی گوڵان